## پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

### دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا

لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن


2017

### سەرپەرشتیارانی پرۆژە

د. لوقمان رەئوف

بابان ئەنوەر

# واڵتەر بنیامین

### وەرگێرانی: کۆمەڵێک نوسەر

بەشی چوارەم

76

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

# واڵتەر بنیامین

کۆمەڵێك نوسەر
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
تایپو هەڵەچنی: کەیوان عومەر- نیاز کەمال- زریان رەحیم
ساڵی چاپ: 2017
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
تیراژ: 750 دانە
چاپخانە: حەمدی
نرخ: 2000 دینار
سەرپەرشتیاری چاپ: ژیار عەلادین - حسێن
لەبڵاوکراوەکانی: دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
ideafoun@gmail.com
www.facebook.com/dezgai.idea
07701955044 - 0533220180
سلێمانی - گردی سەرچنار- نزیک کۆمەڵگەی بەهاران

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە ( 200)



# والتەر بنیامین

وەرگێرانی: کۆمەڵێک نوسەر

بەشی چوارەم

76

## خوێنەری بەڕێز:

ئەم نامیلکانەی لەبەردەستدایە، بریتییە لەو پرۆژە فکری و فەلسەفیەی، کە دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە بە پرۆژەی (100) نامیلکەی فکری و فەلسەفی رایگەیاندبوو، ئەم بەشەش بریتییە لە بەشی چوارەم، بەم پێیەش تاوەکو ئێستا لەم پرۆژەیەدا (80) نامیلکەمان چاپکردوە.

بەشی یەکەم بریتییە لە (ئاشنابوون بە بێرکلی، ئاشنابوون بە باشلار، ئاشنابوون بە دیکارت، ئاشنابوون بە هایدگەر، ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 بەرگ، ئاشنابوون بە هانا ئارێنت، ئاشنابوون بە هیگڵ، ئاشنابوون بە سارتەر، ئاشنابوون بە نیچە، ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر، ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەک، ئاشنابوون بە مارکس (8) بەرگ).

بەشی دووەم بریتییە لە (ئاشنابوون بە فیورباخ، ئاشنابوون بە تۆماس مۆر، ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر، ئاشنابوون بە گرامشی 1،2، ئاشنابوون بە ئەرستۆ، ئاشنابوون بە دیموکراسی، ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 بەرگ، ئاشنابوون بە ئەرکون، ئاشنابوون بە فۆکۆ، ئاشنابوون بە ئەکیونی، ئاشنابوون بە ئەنگڵس، ئاشنابوون بە جۆن ستوارت میل 3 بەرگ، ئاشنابوون بە جاک لاکان، ئاشنابوون بە لایبنتز، ئاشنابوون بە میکاڤیلی).

بەشی سێیەم بریتییە لە (ئاشنابوون بە پۆڵ ریکۆر، ئاشنابوون بە ئاڵتۆسێر ئاشنابوون بە سپینۆزا، ئاشنابوون بە پۆپەر، ئاشنابوون بە دۆرکهایم، ئاشنابوون بە دریدا،

ئاشنابوون بە لیوتار، ئاشنابوون بە لینین 2 بەرگ، ئاشنابوون بە ترۆتسکی، ئاشنابوون بە بێرتراند راسڵ، ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم 2 بەرگ، ئاشنابوون بە ئەفلاتوون، ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ، ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار، ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی، ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم 2 بەرگ، ئاشنابوون بە مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست)

بەشی چوارەم بریتییە لە (کۆنفۆشیۆس، جۆن دیۆی، پیەربۆردیۆ، مارتن لوسەر، ئالان بادیۆ، ویتگنشتاین، ماوتسی تۆنگ، لیڤی شتراوس، چۆمسکی، والتەر بنیامین، مارتین بوبەر، مۆنتیسکۆ ،سپێنوزا، جولیا کریستیڤا، رولان بارت، رۆدۆلف کارناب، جۆرج باتای، فۆکۆیاما، دیڤد هارڤی، سان سیمۆن).

خوێنەری بەڕێز: بەدەرلەم پرۆژەیەو لەساڵی (2011)دوو بەشی تر بە شێوەی تاک تاک و وەک پاشکۆی گۆڤاری ئایدیا بڵاوکراونەتەوە، بەشی یەکەمیان (16)فەیلەسوفن کە بریتیین لە ( ویتگنشتاین، ئاشنابوون بە دیکارت، ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین ،میشێل فۆکۆ، لۆژیک ئەپستۆمۆلۆژیا، میتافیزیک، لە دیدی فەلسەفیەوە، کۆمەڵگەو دەوڵەت، دیموکراسی ئازادی تاک و کۆمەڵگە،بزوتنەوەی فێمێنیزم، سوقرات، سۆسیال دیموکرات فرۆید، وێنەی ژیان لە بۆچوونی بیرمەنداندا، ئیخوان موسلیمین داینەمۆی بەرهەمهێنانی توندوتیژی، نیچە، ئاشنابوون بە هیوم، ئاشنابوون بە بێرتراند راسل).

بەشی دووەم (25) نامیلکە و بریتین لە (ئاشنابوون بە ئەفلاتوون، ئاشنابوون بە سپینۆزا، ئاشنابوون بە کیرگە

گۆر، ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر، ئاشنابوون بە کارل پۆپەر، ئاشنابوون بە ئالان تۆرین، ئاشنابوون بە سوقرات ئاشنابوون بە ئەرستۆ، ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین، ئاشنابوون بە جان جاک رۆسۆ، ئاشنابوون بە دیڤد هیومئاشنابوون بە نیچە، ئاشنابوون بە فرۆید، ئاشنابوون بە جۆن لۆک، ئاشنابوون بە لینین، ئاشنابوون بە ئەریک فرۆم، ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت، ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم، بلیمەتی و شێتی، ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی، ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم، ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار، ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف، ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس، ئاشنابوون بە دریدا)

لە ئایندەیەکی نزیکیشدا بەشی پێنجەم کە خۆی لە کۆمەڵێک فەیلەسوف و چەمکی نوێ، کە ئەمڕۆ لە دونیای فکری و فەلسەفیدا هەن بڵاودەکەینەوە.

ئەم پرۆژەیەش لە ساڵی (2018)دا بە شێوازێکی نوێ و بە ناساندنێکی تر درێژەی دەبێت، چونکە بە پلەی یەکەم کار لەسەر بیرو هزری فەلسەفەی فەیلەسوفە نوێ و هاوچەرخەکانی دنیای بیریاری دەکات.

ئامانج لەم پرۆژەیەش مەبەستمانە ئەو کردارە بیری و عەقڵی و توانستە بیریانەی، کە بیرمەندو فەیلەسوفەکان بەدرێژایی مێژووی بیری مرۆڤایەتی ناویانە، بەئاسانترین رێگە بگەیەنینە خوێنەر، چونکە بیر هۆکارێکە مرۆڤ لەپێناو هێنانەدی خواست و دیوە شاراوەکانی مێشکدا لە بوارە جیاوازەکاندا بەکاریدەهێنێت، تاوەکو لەو رێگەیەوە داهێنان

و توانست و گەشەسەندنەکان بناسێنێت، لەبەرئەوەی ئەگەر ئەم شەپۆلە بیریارییە نەبوایە، ئێستا ژیان و پێشکەوتن بەم شێوازە نەدەبوو.

هەروەها دەمانەوێت لەم ڕێگەیەوە خوێنەر هەست بە بیرو ئایدیا جیاوازەکان و گرنگی بیرکردنەوەکان بکات، لەپێناو چارەسەرکردنی گرفتەکان و ڕوانین لە جیهان بەو شێوازەی کە پێویستە لێیبڕوانێت، تاوەکو بگاتە ئەو کردارەی کە دیکارت لەسەرەتای ڕێنیسانسدا ڕایگەیاند» من بیردەکەمەوە، کەواتە من هەم»، واتە بخوێنەرەوە، بۆئەوەی بتوانیت بیربکەیتەوەو بوونیەتی خۆی بسەلمێنێت.

بۆیە ئەگەر بمانەوێت بیربکەینەوە، پێویستە بەر لە هەر شتێک، هۆکاری بیرکردنەوەکە دەستەبەربکەین، خوێندنەوەش یەکێکە لە هۆکارەکان و بەهۆشیەوە، بیرکردنەوەکان بەرئەنجامی دەبن، چونکە پرۆسەی بیرکردنەوە، لەپێناو هێنانەدی داهێنان و گەشەو پێشکەوتنە، ئەم گەشەکردنەی تەکنۆلۆژیای ئەمڕۆش، بەرهەمی ئەم پرۆسەیەیە.

بۆیە نابێت پرۆسەی خوێندنەوەو بەرۆشنبیریکردن، نەک تاک، بەڵکو کۆمەڵگەش خۆی لێ نەبوێرێت، چونکە تەنها بیرەکان دەتوانن ژیان بگۆڕن، بۆیە پێویستە بەردەوام عەقڵەکان کراوەبن، لەپێناو بەرهەمهێنانی بیری نوێ و بنیادنانی ئایندەیەک، جیاوازتر لەرابردو.

**د. لوقمان رەئوف**

2017

# ژیان و ئەندێشەی
# واڵتەر بنیامین

وەرگێڕانی: ئارام مەحمود

والّتەر بنیامین (Walter Benjamin) ڕێکەوتی 1892/7/15 لە خێزانێکی سەرمایەدار لە بەرلین لەدایکبووە. ناوی تەواوی (والّتەر بنیدیکس شۆنفلیز بنیامین Walter Bendix Schönflies Benjamin)ـە، لە سێ خوشک و براکەی گەورەترە.

باوکی بازرگان بوو، لە ڕێگەی بازرگانی پشک و هەڕاجی ئاسەوارە دێرینەکانەوە سامانێکی زۆری پێکەوەنابوو. لە رووی کۆمەڵناسییەوە منداڵی و قۆناغی سەرەتایی تا زانکۆی بنیامین، وەک منداڵی خێزانێکی سەرمایەداری ئەڵمانی یەهودی زۆر ئاسایی تێپەڕیووە، بنیامین لە نوسینەکانیدا بە ناوی (سەردەمی منداڵی سالانی 1900، Berlin Childhood around 1900) لە دیدێکی ئەدەبییەوە لەو منداڵییەی روانیووە، کە چۆن بە شێوەیەکی باش چاودێریکراوە و ژیانێکی خۆشگوزەرانی لە گەڕەکێکی خۆشی بەرلین، تا تەمەنی گەنجی بەسەربردووە.

خێزانەکەی ڕێزیان لە ڕۆژانی مەزهەبی یەهودی و مەسیحی دەگرت. باوانی بنیامین

ئەوەی دەیویست بۆیان رەخساند، بەڵام دواتر ئەوان رەزامەند نەبوون ئەو پیشەیە هەڵبژێرێت، کە بە بۆچوونی ئەوان داهاتی باشی نەبوو.

لە هەمان سەرەتای خوێندنی زانکۆییدا، بنیامین بە تێڕوانینێکی رەخنەئامێز لە سیستمی پەروەردەی زانکۆیی دەڕوانی، ئەم تێڕوانینە سەرنجڕاکێشەی بنیامین لە قۆناغی سەرەتاییەوە بەرامبەر مامۆستا و خوێندکار دروستبوو، ئەو سیستمەی کە کەلتور و پەروەردەی پروسی (Prussia) دەسەڵاتدار بەسەر کۆمەڵگەوە بوو.

بنیامین لە ساڵی 1904 تا 1907 لە بەشە ناوخۆیی خوێندکاران بە ناوی (هاوبیندا Haubinda) بەسەربرد، ئەو شوێنەی کە بەپێی یاسا تێیدا پەیوەندی نێوان خوێندکار و مامۆستا رێکخرابوو. لەو شوێنە بنیامین (گوستاڤ وینیکین Gustav Wyneken)ی مامۆستای زانستەکانی پەروەردەی ناسی، کە کاریگەری قوڵ و درێژماوەی لەسەر بنیامین جێهێشت. ئەم مامۆستایە هاندەری بنیامین دەبێت بۆ چوونە ناو چالاکییەکانی جوڵانەوەی گەنجان. لە ساڵانی 1912 تا 1914 بنیامین

وەک لایەنگری (گوستاڤ وینیکین) خوازیاری چاکسازییەکی بەرفراوان بوو لە بواری پەروەردە و فێرکردندا، بنیامین لە پەیوەندیدا لەگەڵ جوڵانەوەی چاکسازی خوێندنگەکان لەگەڵ بڵاوکراوەی (دەستپێک Anfang) دەستی بەکار کرد، بەڵام بنیامین بەر لەو کاتەش، هۆنراوە و وتارەکانی لەم بڵاوکراوەیەدا بڵاوکردبووەوە، لەم کاتەدا بنیامین بە هۆی داهێنانەکانییەوە شوێنێکی کۆبوونەوە و گفتوگۆی بە ناوی (Sprechsaal) دامەزراند.

بنیامین ساڵی 1912 بە بەدەستهێنانی بڕوانامەی دیپلۆم، چووە زانکۆی فرایبۆرگ و لە بەشی فەلسەفە و زمان و ئەدەبیاتدا دەستیکرد بە خوێندن. ساڵی 1913 لە ئاهەنگێکی (گەنجانی ئازادی ئەڵمانیا) بەشداریکرد و لە نوسینێکیدا بە ناوی (بێدەنگی گەنجی) نیگەرانی خۆی لە هەستی ناسیۆنالیستی و سەربازی گروپە جیاجیاکانی گەنجان دەربڕی. بنیامین ساڵی 1914 بە نیگەرانییەوە نامەیەکی بۆ هاوڕێکەی نوسیووە: «بە دڵنیاییەوە زانکۆ شوێنی خوێندن نییە». کاتێک کە لە (وینیکین)ی مامۆستایدا

هەستی شەڕانگێزی بەدیکرد، پەیوەندی خۆی لەگەڵ هاوڕێکەی و بڵاوکراوەی (Anfang) بۆ هەمیشە پچڕاند و کۆتایی بە کۆڕ و کۆبونەوەکان هێنا.

بنیامین ساڵی 1915 بە (گێرسهوم شولم Gershom Scholem) ئاشنادەبێت و هاوڕێیەتی نێوانیان تا کۆتایی تەمەنی بەردەوام دەبێت. بنیامین بۆ خوێندن دەچێتە (میونخ) و لە بواری فەلسەفەدا (مۆریتز گایگەر Moritz Geiger)ی دەرکەوتەناس و (راینەر ماریا ریلکە Rainer Maria Rilke)ی شاعیری ئەڵمانی دەناسێت. لەو کاتەدا کتێبی منداڵانی خۆی بە ناوی (پەلکە زێڕینە The Rainbow) نوسی، کە پڕە لە رەنگ و شکڵی خەیاڵی. ئەو دوای کارەکانی وەک (نمایشی میراتی و تراژیدیا) زەمینەی کارێکی گەورەتر. بە ناوی (لەبارەی زمان خۆی و زمانی مرۆڤ) دەرەخسێنێت. (خۆشبەختی مرۆڤی دێرین) بەرهەمی ئەو سەردەمەیە.

ئێستا ساڵانێکە سەفەر لە بنیامیندا ژیاوەتەوە: لە سەفەری ئیتالیا، شارەکانی میلان و ڤیرۆنا و

ڤیچینزا و ڤێنیز سەرنجتان راکێشاوە و لەبارەی سەفەری فەەنساشەوە یاداشتێکی ئەدەبی دۆزراوەتەوە.

بنیامین ساڵی 1917 لەگەڵ (دۆرا پۆلاک Dora Pollak) هاوسەرگیریکرد، ئەو ژنەی لە سەردەمی خوێندنیدا لە بەرلین و جوڵانەوەی خوێندکاری دەیناسی. هەر لەو کاتەشدا دەستیکرد بە وەرگێڕانی (تابلۆی پاریسی) لە نوسینی (شارل بودلێر) نوسەری فەرەنسی.

واڵتەر بنیامین نامەی دکتۆراکەی ساڵی 1918 بە ناونیشانی (واتای هەڵسەنگاندنی هونەر لە رۆمانتیکی ئەڵمانیا) نوسی و لەو ساڵەشدا کوڕەکەیان بە ناوی (ستیڤان رافائێل) لەدایکبوو.

دوای وەرگرتنی بڕوانامەی دکتۆراکەی ساڵی 1919، پرۆژەی دکتۆرای باڵای خۆی داڕشت و لەهەمان ساڵدا فەیلەسوفی ئەڵمانی (ئارنست بلوخ 1885-1977)ی ناسی، کە یەکێک بوو لە بیرمەندە مارکسیستەکان.

لە سەردەمی 12 ساڵەی کۆماری (ڤایمار 1919-1933)دا واڵتەر بنیامین لە بواری

ئەدەبی ئەڵمانیادا، پێگەی رۆشنبیری بۆ خۆی دەستەبەرکرد و لە بوارەکانی نوسینی وتار و رەخنـەی کتێبدا دەستـی بە نوسیین کرد. ئەگەر کۆتایی ئەو سەردەمە بە وەرچەرخانی سیاسی لـە ژیانـی ئـەودا بزانـین، ئـەو کاتە سالآنی 1924 و 1925 سەرەتای ئەم قۆناغە سیاسییەیە: لەو سەردەمەدا بنیامین دەستی لە چالاکییە زانکۆییەکان هەڵگرت و زیاتر وەک نوسەرێکی ئـازاد دەردەکــەوت، بەشێوەیەک ناچاربوو بەشێوەی رێکخراو و خێرا بۆ بازاڕی ئەدەبی بەرهەمبێنێت. ئەم دۆخەی ئەویش لە دوو هۆکارەوە سەرچاوەی گرتبوو: یەکێکیان رەتکردنەوەی نامەی دکتۆرا بالآکەی، ئەوی تریش قەیران و هەلآوسانی ئابوری لە ئەڵمانیا.

لـەلایـەکـەوە سـەرنـەکـەوتـنـی بنیامین بۆ بەدەستهێنانی دکتۆرای بـالآ، رێگەی زانکۆی بـە روویــدا داخـسـت و لـەلایـەکـی تریشـەوە، هەلآوسانی ئابوری سەرمایەی باوکی لەناوبرد، بەشێوەیەک باوکی لەکاتی مردنیدا، ساڵی 1926 میراتییەکی کەمی لەدوای خۆی بەجێهێشت.

کــاری نـوسـیـنـی بـنـیـامـیـن، بــوارە

جۆراوجۆرەکانی لەخۆدەگرت، بنیامین لە چەند ڕۆژنامەیەک و ڕۆژنامە تایبەتییە ئەدەبییەکان و بۆ رادیۆکان، وتار و رەخنەی ئەدەبی دەنوسی و لە مایکرۆفۆنەوە دەیخوێندەوە، هەر یەکێک لەو پارچانە هەرچەندە بچوکیش بن، گۆشەیەک لە تیۆرەکانی بنیامین دەخەنەڕوو.

بنیامین لەبری بڵاوکردنەوەی بۆچوونەکانی لە گۆڤارە تایبەتمەندەکاندا، بە سودوەرگرتنی داهێنەرانە لە راگەیاندنە جۆراوجۆرەکان، فەلسەفەی خۆی لەم بەرهەمە بچووکەدا دەخاتەڕوو. لە رۆژژمێری بەرهەم و پارچەنوسینەکانیدا تەنیا لە ساڵانی 1926 تا 1933 نزیکەی 220 نوسین بەرچاودەکەوێت، بنیامین لەم بەرهەمانەدا وەک هەڵسەنگێنەری ئەدەبی، یان شارەزایی جوانیناسی ئەدەبی دەرناکەوێت، بەڵکو بنیامین کتێبی بوارە جیاجیاکانی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشێوەیەک دەخاتە بەر رەخنە و هەڵسەنگاندن، کە تێیاندا دەتوانرێت تیۆر و فەلسەفەی ئەو دەربکەوێت. لەگەڵ رەتکردنەوەی دکتۆرا باڵاکەی، رووی کردە بەرهەمەکانی (فرانتس کافکا).

ساڵی 1933 و دوای ئەوەی نازییەکان دەسەڵاتی ئەڵمانیایان گرتەدەست، زۆرێک لە رۆشنبیران لەوانە بنیامین وڵاتەکەیان جێهێشت، لەگەڵ ئەو کۆچکردنەیدا بۆ فەرەنسا، بنیامین تاکۆتایی تەمەنی پێی نەنایەوە خاکی ئەڵمانیا. لە فەرەنسا رووبەڕووی قیرانی دارایی بووەوە، بەشێوەیەک کە توانای بە کرێگرتنی ئاپارتمانێکی نەبوو، بەڵام درێژەی بە کارە ئەدەبییەکانی دا، بنیامین کە بەر لەو کاتە لە هاوسەرەکی (دۆرا) جیاببووەوە، لە فەرەنسا و ئیتالیا و دانیمارک لەگەڵ هاوڕێ دێرینەکانی خۆی، وەک دۆرکهایمەر و ئادۆرنۆ و برێخت یەکتریان بینی.

لەگەڵ بەردەوامی کۆچی ئەوانی تر بۆ ئەمریکا، بنیمایین هەوڵیدەدا بچێتەلای هاوڕێ ئەدیب و فەلەسوفەکانی. دەوڵەتی ناسیۆنال–سۆسیالیستی ئەڵمانیای ساڵی 1939 مافی هاووڵاتی بوونی ئەڵمانیای لێسەندەوە.

بنیامین لەکاتێکدا کە ئومێدی کۆچکردنی بۆ ئەڵمانیا لە مێشکدا بوو، بۆ دابینکردنی ژیانی خۆی، ناچاربوو کتێبەکانی بفرۆشێت.

ڕێککەوتنی نێوان ئەڵمانیا و یەکێتی سۆڤێت، دەبنە پاڵنەری بۆ داڕشتنی چەند تێزێک (لەبارەی چەمکی مێژوو)ەوە.

لەگەڵ دەستپێکی شەڕی جیهانی دووەم، شوێنی نیشتەجێبوونی بنیامین لەلایەن سوپای نازییەوە گەمارۆدرا، بەڵام بە زیندوویی رزگاریبوو، رۆیشت بۆ پاریس و لە گەمارۆیەکی تریش رزگاری بوو.

ساڵی 1940 هاوسەری پێشووی بنیامین، (دۆرا) هەوڵدەدات بنیامین ناچار بکات بۆ لەندەن کۆچبکات. لەم ساڵەدا داواکاری بۆ چوونە ئەمەریکا پێشکەشدەکات. لەم نێوانەشدا بەهۆی پێشڕەوییەکانی سوپای نازییەوە، ناتوانێت بگاتە سوید و ناچار دەبێت رابکات بۆ (لوردە) و دواتر بۆ (مارسێی)، ئەو شوێنەی لە هەوڵی چوونە ئیسپانیا دەدرێت. بنیامین بە هەوڵی (تیۆدۆر ئادۆرنۆ) ڤیزای بۆ ئەمریکا وەردەگرێت، بەڵام کێشەکە لەوەدا بوو کە فەرەنسا نەیدەهێشت سەفەر بکات، ئەمەش لەسەر سنوری ئیسپانیا گرفتی بۆ دروستکرد.

بنیامین بەپێ دەچێتە شاری (پورت بۆ)

ی سەرسنوور، پاسەوانانی سنوری ئیسپانیا بەهۆی ئەوەی بنیامین مۆڵەتی دەرچوون لە فەڕەنسای پێنەبووە، ڕێگەی پێنادەن بچێتە خاکی ئیسپانیاوە، بەڵام بە هۆی نەخۆش بوونییەوە، ڕێگەی پێدەدەن ئەو شەوە لەو شارە سنورییە بمێنێتەوە و ڕۆیشت بۆ هۆتێلی (دوفرانیسا) و بەپەلە دکتۆر دەبەنە لای، چونکە ماوەیەکی زۆر بوو، بەهۆی نەخۆشی دڵەوە، دۆخی تەندرستی باش نەبوو، ئەو شەوە بنیامین بەهۆی زۆر خواردنی (مۆرفین)ـەوە کۆتایی بە ژیانی دێنێت، ئەو نوسینانەشی کە لە جانتاکەیدا بوون و دەیوسیت بیبات بۆ ئەمریکا، بزربوون.

## ئەندێشەکانی بنیامین

ئەندێشەکانی بنیامین لەبارەی لایەنە دیارەکانی ژیان و مێژووەوە بوون، بەشێوەیەک کە بەشێکی گەورەی مێژوویان لەخۆدەگرت. لە پشت پەردەی ئەم ئەندێشانەوە، فەلسەفەیەکی مێژوویی دیالێکتیکی ماتریالیستی هەبوو، چونکە بنیامین لە ناوەڕاستەکانی دەیەی بیستەوە، ڕووی لە مارکسیزم کردبوو.

بەڵام بۆ بنیامین خواستی یەهودی خۆی، بۆ تێگەیشتن لە چەمکی دوارۆژ (eschatological) و باوەڕی مەسیحی و مێژوویی کاریگەر بوو، بەشێوەیەک کە ئەم تێڕوانینە لە دوا بەرهەمیدا، واتە (تێزەکان لەبارەی چەمکی مێژووەوە) بە روونی دەردەکەوێت. بۆ بنیامین نوسینەوەی نەریتی مێژوو، دروستکراوی چینی دەسەڵاتدار بوو، ڕوانین لە مێژوو وەک روداوە یەک لە دوای یەکەکان، بە واتای تۆماری مێژووی سەرکەوتنەکانە.

بە بۆچوونی بنیامین ئەرکی مێژوونوس (رونکردنەوەی مێژوو)ـە، هەروەها ئەرکی ئەوەیە لە رابوردوودا بڵێسەکانی ئومێد بدرەوشێنێتەوە، بڵێسەیەک، کە ئیلهامە بۆ هەوڵەکانی چینی ستەمدیدەی کۆمەڵگە. مێژوونوس پێویستە ئارەزووە وەدینەهاتووەکانی مردووەکان زیندوو بکاتەوە. لەم بارەیەوە بنیامین هێزی مەسیحی و نەمرانە بە سەردەمی ئێستاوە گرێدەدات: سەردەمی ئێستا دەتوانێت دۆڕاوەکانی مێژوو لە شکستەکەیان رزگاربکات.

لە سەردەمی کۆچی فەرەنسادا، بنیامین

وەک یەکێک لە هاوکارەکانی (ئەنیستیتۆی توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان)، کە بە بەشێک لە قوتابخانەی فرانکفۆرت هەژمار دەکرێت، لە ژێر چاودێری دوو فەیلەسوفی ئەڵمانی (ئادۆرنۆ و هۆرکهایمەر) وتار و لێکۆڵینەوەی بۆ بڵاوکراوەی ئەم ئەنیستیتۆیە دەنوسی. دواتر ئەم نامەگۆڕینەوانە، لەلایەن (ئادۆرنۆ)وە بڵاوکرانەوە.

لەناو سەرجەم رۆشنبیرانی (کۆماری ڤایمار) ی ئەڵمانیا (1919-1933) و سەردەمی کۆچ، شادمانیی بنیامین زیاتر لەوانی تر وەک خۆی مایەوە. ئەندێشە رادیکاڵەکانی بنیامین، هێشتا وروژێنەرن و پاڵنەرە فکرییەکانی تا ئەمڕۆ لەسەر پانتایی فەلسەفە و تیۆرە سیاسییەکان و زانستی راگەیاندن و کەلتوری و مێژوویی ئەدەبیات و جوانناسی کاریگەریان هەیە.

**هونەر: نیچە و مارکس**

شێوازی کاری تیۆری جوانناسی مۆدێرن لەلایەن نیچەوە، کە باوەڕیوابوو هونەر بەرفراوانە و ئاڵۆزتر و شاراوەتر لەوەیە،

لەلایەن زانستی سروشتییەوە بەرهەمبێت.

مارکسیستەکان، کە هونەریان بە دۆخێک لە مێژوو دادەنا، پڕوپاگەندەی لایەنگرانی نیچەیان پەسەند نەکرد. ئەوان پێیانوابوو مێژوو سیاسی بووە و گرنگی هونەر بە دیاریکردنی پەیوەندی لەگەڵ ناکۆکییە سیاسییەکان دەبێتە هۆی لەناوچوون و پوکانەوە.

بنیامین مەیلی بۆ سروشتی رەخنەگرانەی مارکسیستەکان هەبووە و پێیخۆشبووە لەگەڵیاندا بەشداربێت. بەتایبەتی لەبەرئەوەی سەرنجڕاکێشترین هونەری سەدەی بیستەم، هونەری مارکسیستی بوو. بە تایبەتی لە دەربڕینی ستراکتۆرالیزمی (روسی و سێرگی ئایزنیشتاین و برێخت و باوهاوس).

بێجگە لەوە روونبوو کە مۆدێلی (سەرخان و ژێرخان)ی مارکسیزمی ئەرتەدۆکسی زۆر بەکەمی دەیتوانی لەم داهێنانەدا بەشداربێت.

هەوڵی بنیامین، دەتوانرێت بە هەوڵێک دابنرێت بۆ دۆزینەوەی ئامرازێک، کە لە رێگەیەوە هونەر لەو پانتاییانەدا دەژی، کە تەنیا لە فەرهەنگی ئابوری سیاسیدا وێنادەکرێت،

بەڵام خۆبەخۆ و بێوەفاداری بەپێی پێوەرێکی سادەی وەک (پێشکەوتن). بنیامین بە پچڕاندنی تێڕوانین لە ریزبەندی مارکسیستی، هونەری وەک دەرکەوتەیەکی سەرخان، پێکهاتەکانی مێتافیزیکی نیچەیی خستە دەزگای ئەندێشەی خۆیەوە.

## سیمبولیزم و مالیخۆلیا و سیاسەت

دەتوانرێت لە دوو قۆناغدا ئەندێشەی بنیامین لێکبدرێتەوە. یەکەم کاری بنیامین، وتارێکی گرنگ بوو بە ناوی (Giethes Wahlverwandtschaften) کە بە کتێبی نمایشە تراژیدییەکانی ئەڵمانیا کۆتایی هات. لێرەدا بنیامین بەدوای ئەوەوەیە ئەو رێگانە بەدەستەوە بدات، کە هونەر لە رێگەیانەوە هەڵوێستە پراگماتیستییەکان پەسەنددەکات. ئامانجی یەکەمی بنیامین ئەو شتەیە، کە خۆی بە (تێڕوانینی سیمبولیستی لە هونەر) ناوی دەبات: تێڕوانینێک کە لەلایەن رەخنەگرانەوە، یان لە خودی بەرهەمە هونەرییەکاندا بەکارهێنراوە و بەپێی ئەوە هونەر پەیوەندییەکی جادویی لەگەڵ

پێکهاتەکانی زاتی واقیعیەت دروستدەکات. ئەمجۆرە تێڕوانینە لەوانەیە لە ڕیزلێنانێکدا دەرکەوێت، یان بە هەمانشێوە، کە لە نمایشنامە گەورەکانی سەدەی حەڤدەیەم دەبینرێت، باوەڕی نەزانانە بە توانای هونەر بۆ داگیرکردنی باوی ئافراندنی پەروەردگار. ئەوەی دژی ئەمەیە ئەو شتەیە کە بنیامین بە (مالیخۆلیا) ناوی بردووە، واتا گومانبردن بە پڕوپاگەندەکانی زانست و مەعریفەی ئەزموونی.

هونەرمەندی مالیخۆلیایی، ڕۆڵ و خودی بەگەورەزانین وێنادەکات، بۆئەوەی جەخت نەکاتەوە لەسەر نائومێدییەکانی خۆیدا لەبارەی بەدینەهاتنی راستەقینەی پەروەردگارو نمایشە ماتەمینییەکانی (بارۆک) نمونەی جۆرێکی ئەم تێڕوانینانەیە.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کاردانەوەیە جوامێرانەیە بەرامبەر بابەتەکانی ریالیزمی باو، یان سیمبۆلیزم، کە توانای سێیەمیش بۆ هونەرمەند دەرەخسێنێت: پراگماتیزمێکی دەستتێوەردەر.

ئەم کارە گرێدراوە بە توانای ئەوان بۆ تێگەیشتن لە چالاکییەکانی خود لە

چوارچێوەیەکی سیاسیدا. لە دیدی بنیامینەوە، ئەگەر هونەرمەندان بەوشیوەیە بن (لەژێر ئاسمانی کراوەی مێژوو هۆشیار دەبن»، بەڵام گرنگی وردی هونەری دەستتێوەردەر، شتێکە لە بەرهەمەکانی سەرەتای بنیامیندا هێشتا نادیارە.

**تەکنەلۆژیا**

بەشێکی تری کارەکانی بنیامین تایبەتە بەوەی کە بە وردی زیاتر هونەر وەک ناسنامەیەکی سیاسی وێنابکات. ئەمەش بابەتێکی بۆ شیکار و رونکردنەوەی ئەوەی کە لە بنچینەدا چۆن خۆی لە بوارە گشتییەکان دەردەخات و چۆن بەشێوەیەکی ئاگایانە خۆی لەگەل ئەو دژیەکییانە دەگونجێنێت کە باڵیان بەسەر بوارەکەدا کێشاوە یان نا؟ ئەم باسە دوو لایەن لەخۆدەگرێت: (تیۆری تەکنەلۆژیا) و (تیۆری مێژوو).

بەرهەمی بنیامین لەبارەی هونەری تەکنەلۆژیاوە، کتێبێکە بەناوی (بەرهەمی هونەری لە قۆناغی دوبارە بەرهەمهێنانەوەی میکانیکی هونەردا)، کە یەکەمجار ساڵی 1935

بڵاوکراوەتەوە. بنیامین بەو ئەنجامەدەگات کە لە هونەردا مەیلێکی گشتی هەیە. لە دۆخی سەرەتا و دێریندا، لە بنچینەدا هونەر کارایی ئایینی هەبووە. ئەم کاراییە بەهای بۆنەی ئایینی باڵای هەیە. کارە ئایینییەکان هێزی خۆیان لە سنوردار بوون لە بۆنە ئایینییەکاندا پاراستووە، یان زیاتر مۆدێرندا بە رووەو لەناوچوونی بۆنە ئایینییەکانی رابوردوو، ئەم جۆرە هونەرە لەلایەن کەسانی چینە باڵاکانەوە پارێزراوە (وەک مۆزەخانەکان و ساڵۆنەکانی ئۆپێرا).

لەبەرئەوەی تیۆرانینی لە باسە مێژووییە هاوچەرخەکان وەرگێڕاوە، بە کەمی شایانی داڕشتنی فەرهەنگییە. هونەری راستەقینە ئامڕاز و تواناکانی خۆی بۆ پەروەردەکردنی خەڵک بەگشتی بەکاردێنێت، لە راستیشدا بەردەوام بەو شێوەیە بووە. ئەم کارەش دوو دروستکردنی هەیە: لە قۆناغی یەکەمدا، هونەری مۆدێرن لەگەڵ چەمکی بابەتی نایاب تێکدەئاڵێن و بە چادوی هونەری پیرۆز گەمارۆدەدرێن. هونەری مۆدێرن بێ لەدەستدانی ناسنامەی خۆی، دوبارە بەرهەمدێتەوە – بەهەمان شێوەی فیلم،

وێنەگری و سەرجەم ئەو بەرهەمانەی توانای بەئەلیکترۆنیبوونیان هەیە.

لە قۆناغی دووەمـدا، هونەر تایبەتمەندی مەبەستداری خۆی لەدەستدەدات و بۆ بەشێک لە پرۆسەی دووبـارە تیڕوانینەوە دەگۆڕێت و تـاقـیـدەکـرێـتـەوە و بـەشـێـوەیـەکـی کاتی بەکاردەهێنرێت.

**مێژوو**

تیۆری مێژوو دوا کاری بنیامینە لەچەمکی مـێـژوودا. جوانناسی بنیامین لـەگـەڵ تیۆری (دوبـارە داڕشتنەوەی ناسین)ی مارکسیزمی ئەرتەدۆکسی پەیوەندی پچڕاند و لەوە بەدواوە بەرگری لە باوەڕی تایبەتی پێشکەوتن نەکرد. بنیامین دەڵێت(( جوڵەی مێژوو لە بنچینەوە وەستێنراوە)) ئەمەش بەو واتایە دێت، کە مێژوو دەکەوێتە دۆخێکی نائاسایی بەردەوامەوە، کە تێیدا ناسنامەکان تەنیا لە ڕێگەی خۆپیشاندان و کۆمەڵێک ناکۆکییەوە دەردەکەوێت.

«واتای مێژوو لە روی تیرۆرییەوە، کە باش بکرێت و قەرەبوو بکرێتەوە دەستی کێشاوەتەوە

و تەنیا خۆی بۆ یادگارییەکی نەمر بەدەستەوە داوە.»

لەم تێڕوانینەوە ئەرکی مێژوونوس ئەوەیە، کە دژە یەکییەکانی روداوەکـان، بە ئاڕاستەی ئـازادی و رزگـاری بگێڕێتەوە. بنیامین ئەم تێڕوانینە وەک جۆرێک بەڵێن و بە شێوەیەک لە ئیلاهی دەخاتەڕوو.

**سەرچاوە:**

http://www.bashgah.net/fa/category/

# توندوتیژی لە دیدی
# رەخنەگرانەی واڵتەر بنیامینەوە

**وەرگێڕانی: ئارام مەحمود**

وتــاری (رەخـنـە لـە تـونـدوتـیـژی) والـتـەر بنیامین، لە کاتی ژیانی و دوای ماڵئاوایی لە ژیان، بۆتە جێی سەرنج و دەستخۆشی زۆرێک لە زانایان، بەشێوەیەک کە لە ساڵی 1921 واتە ساڵی نوسینییەوە، تا ئێستا کۆمەڵێک باسی وروژانـدووە، کە پێناچێت بەمزوانە کۆتاییان بێت.

بنیامین لەم نامەیەدا رەخنە لە توندوتیژی دەگرێت و خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ توندوتیژی پێشکەشدەکات، کـە ئـەوەنـدە داهێنەرانەیە، بنیامین لە کۆتایی نامەکەیدا نازناوی فەلسەفەی مـێـژووی توندوتیژی پـێـدەدات، بەشێوەیەک کە (رەخنە لە توندوتیژی، هەمان فەلسەفەی مێژووی توندوتیژییە).

لـێـرەدا هـەوڵـدەدرێـت بـە پشتبەستن بە فەلسەفەی مێژوو، وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە، کە چەمکی (رەخنە)ی توندوتیژی، تایبەتمەندییە شاراوەکانی چین، کە لێکۆڵینەوەکەی بنیامین لـەبـارەی تـونـدوتـیـژیـیـەوە لـە تـیـڕوانـیـن و شیکارەکانی تر جیادەکاتەوە؟

**ڕەخنەی بنچینەیی فۆڕمالیزم**

**بۆ تێگەیشتن لە توندوتیژی**

(ئەندرو ئێدگار Andrew Edgar، پیێتێر سیێجویک Peter Sedgwick) لە کتێبی بیرمەندە بەرجەستەکانی تیۆری کەلتوریدا، وەک تیۆریسینی (ئەدەبی ئەڵمانیا) ناوی بنیامین دەبەن، هەروەها لە دابەشکردنی ژیانی ئەودا بۆ سێ بەش، ئەوە پشتڕاستدەکەنەوە، کە بەشێکی زۆری چالاکییەکانی لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا بووە.

وتارەکانی سەرەتای بنیامین لەبارەی ئەدەبیات و زمان، دەرخەری کاریگەری عیرفانی یەهودی بووە، کە دوای شەڕی جیهانی یەکەم بە تایبەتی لەژێر کاریگەری (بێرتۆلت برێخت Bertolt Brecht) جۆرێک لە مارکسیزمی پەسەندکرد. لەو سەردەمەدا لێکۆڵینەوەی ئاڵۆز و قوڵی لەبارەی پاریسی سەدەی 19 دەستپێکرد.

وتارەکانی دواتری بنیامین، دەرخەری جۆرێک گەڕانەوە بۆ عیرفانی یەهودی و توانای وێناکردنی یەهودی بۆ بەیانکردنی ڕوونی فەلسەفەی مارکسیستی مێژووی شۆڕشن.

زۆرێک هاوڕان لەسەرئەوەی بنیامین ڕەخنەگری ئەدەبی بووە، یان بەلایەنی کەمەوە ڕەخنەی ئەدەبی یەکێک لە گرنگترین چالاکییە فکرییەکانی بنیامینی پێکهێناوە. لەگەڵ ئەوەی بواری چالاکیی بنیامین، لە لێکۆڵینەوەی ڕۆمانتیزم و ئەدەبیاتی هاوچەرخەوە، تا شیکاری فۆتۆگرافی و وتە و وتار و پارچە ئەدەبییەکانیش دەگرێتەوە.

لەبەرئەوە گرنگیدان بە چەمکی توندوتیژی و شیکاری نامەی (ڕەخنە لە توندوتیژی)، پێویستی بە سەرنجدانە لەو گرێدراوانە، کە لەنێوان ئەدەبیات و سیاسەتدا لە چەمکی ڕەخنەدا ئاوێزانی یەکتردەبن، لەبەرئەوە پێویستە لە ڕووی ڕەخنەی ئەدەبییەوە لە نامەی ڕەخنە لە توندتیژی بڕوانرێت و پەیوەندییەکانی ڕەخنەی ئەدەبی و ڕەخنەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەیەکەوە لەبەرچاوبگیرێن. هۆکاری ئەمەش تەنیا لە مەیلی بنیامین بۆ ئەدەبیات و سەرقاڵی فکری، یان ناوبانگدا کورتناکرێتەوە، بەڵکو لەڕووی شێوازناسی و پێوەرناسییەوە، دەتوانرێت پەیوەندیی دیاریکراو لەنێوان

ڕەخنەی ئەدەبی و سەرجەم فۆڕمەکانی ڕەخنە، بەوشێوەیەی بنیامین خواستوویەتی، بدۆزرێتەوە، کە لە سەرجەم فۆڕمەکانی ڕەخنەی سیاسی/ کۆمەڵایەتی تێگەیشتنی هاوبەشیان هەیە. بەهەمان شێوە کە دەتوانرێت لە واتای ڕەخنەدا درک بکرێت «ڕەخنەی ئەدەبی هەوڵ بۆ ئەوە دەدات واتای دەق ڕوونبکاتەوە و پرسیارەکانی گرنگییەکانی بەرهەمێکی تایبەتی و پرسیارە گرنگییەکانی بەرهەمێکی تایبەتی لە پانتاییەکی بەرفراوانی کۆمەڵایەتیدا بخاتەڕوو»، لەبەرئەوە گۆڕانی سەرنجی ڕەخنەی ئەدەبی لە ڕەوەندی گۆڕانی مێژوویی خۆیدا، زەمینە بۆ تێگەیشتنی هاوبەشی نێوان ڕەخنەی سیاسی و ئەدەبی دەڕەخسێنێت.

تێگەیشتن لەمەش، دەتوانرێت بەو خوێندنەوەیەی (ئیگلتۆن) بۆ مارکسیزم و ڕەخنەی ئەدەبی پێشکەشیکردووە، باسبکرێت:

«هونەریش وەک زۆرێک لە کاروبارەکانی تر، جۆرێک کاری ئابوری و بوارێکی بەرهەمهێنانی کالآیە. بۆ ڕەخنەگران و ڕەخنەگرە مارکسیستەکانیش زۆر ئاسانە ئەم

راستییە فـەرامـۆش بکـەن، چونکە ئەدەبیات پەیوەندی بە ئاگایی مرۆڤەوە هەیە و زۆرێک لە توێژەرە ئەدەبییەکان دەخەنە گومانەوە، کە دڵیان بەو بوارە خۆشە. (برێخت و بنیامین) بە تێگەیشتنی ئەو راستییە گەیشتوون کە هونەر فۆڕمێکی بەرهەمی کۆمەڵایەتییە، بەدڵنیاییەوە بەپێچەوانەی کۆمەڵناسیی ئەدەبییەوە، هونەر وەک راستییەکی دەرەکـی تێناگەن، بەڵکو بە راستییەکی دەزانن کە سروشتی خودی هونەر دیاریدەکات. لەبەرئەوە لای بنیامین و برێخت، هونەر لە سەرەتادا کارێکی کۆمەڵایەتییە، نەک بابەتێک کە لە دیدی زانکۆییەکەوە شیکاردەکرێت. دەتـوانـرێـت ئـەدەبـیـات لـە شـێـوەی دەقێکدا لێیبڕوانرێت، بەڵام بەهەمانشێوە دەتوانرێت بە چاوی چالاکی کۆمەڵایەتی لێیبڕوانرێت، واتە فۆڕمێک لە بەرهەمیبە واتایەکی تر بۆ بنیامین جگە لە هەڵوێستێکی ئەدەبی بەرامبەر پەیوەندی بەرهەمی سـەردەم، پرسیارێکی تر لەئارادایە، هەڵوێستی بەرهەمی ئەدەبی لە چاورچێوەی پەیوەندیی بەرهەمی سەردەمی خۆی چییە؟ ئەم تێڕوانینە رووکارێکی تر بۆ پەیوەندیی ئەدەبیات

و باسە سیاسییە فەلسەفییەکان دێنێتە پێشەوە و لە شێوەی فۆڕمێکدا رەخنە لە خۆی دەگرێت و بە روونی لە وتاری (هونەرمەند وەک بەرهەمهێن) ی بنیامیندا دەبینرێت، «مەبەستی بنیامین لەم پرسیارە ئەوەیە، کە هونەرمەندیش هاوشێوەی هەر شێوازێکی تری بەرهەم، پشتیبەستووە بە بەرهەمهێنانی دەقی دیاریکراو–شێوازە دیاریکراوەکانی وێنەکێشان، بڵاوکردنەوە، شانۆگەری و هاوشێوەی ئەمانە. ئەم تەکنیکانە بەشێک لە تواناکانی بەرهەمهێنانی هونەری و وەرگری بنیامینن. بنەمای بەکارهێنانی ئەم وتارە لەلایەن بنیامینەوە، لەبارەی هونەرەوەیە. بە بۆچوونی بنیامین، هونەرمەندی شۆڕشگێڕ، نابێت توانا بەردەستەکانی بەرهەمی هونەری لە شێوەی نارەخنەگرانەدا پەسەندبکات، بەڵکو پێویستە ئەو توانایانە بگۆڕێت بۆ توانای شۆڕشگێڕی، بنیامین بەم کارە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی نوێ لەنێوان هونەرمەند و وەرگر دروستدەکات.

بۆنمونە بنیامین رۆژنامە بە ئامرازێکی تێگەیەنەر دەزانێت، کە دەتوانێت جیاوازییە

باوەکانی نێوان جۆرەکانی ئـەدەب و نێوان نـوسـەران و شـاعـیر و تـوێـژەر و لـەنـێوان کـاری نوسەر و خوێنەر نەهێڵێت. «بابەتەکە گەیاندنی فڵان پەیامی شۆڕشگێڕانە نییە لە ڕێگەی ڕاگەیاندنە بەردەستەکانەوە، بابەتەکە دروستکردنی شـۆڕشـە لـەم ڕاگەیاندنانەدا».

لـەم ڕووەوە ڕیـزبـەنـدی گـرێـدراوییـەکـانـی نێوان ڕەخنەی سیاسی و ئەدەبی، دەتوانرێت لـە چـوارچـێـوەی ئـەم تێگەیشتنە هاوبەشانە کورتبکرێنەوە، وەک:

- سەرنجدان لە چالاکیی کۆمەڵایەتی، وەک فۆرمێک لە بەرهەمی کۆمەڵایەتی و ئابوری.
- پەیوەستبوون بە پرۆژەی ڕزگاریخوازیی، وەک میراتی ڕۆشنگەری.
- پابەندبوون بە ڕەواجپێدانی ئاگایی.
- لەبەرچاوگرتنی خوێنەر وەک بکەری چالاک.

بە سـەرنجدان لەم تێگەیشتنانە، مەبەست لە «ڕەخنە» لە باسەکانی بنیامیندا چییە؟ کام پێکهێنەر لـە شـێـوازی ڕەخـنـەگـرانـەی ئـەودا بـەردەوامـە، کە ئەو لە سـەرجەم شێوازەکانی

ڕەخنە جیادەکاتەوە؟ ئەم شێوازە جیاوازە، کە ڕەخنەی نایاب دروستدەکات، چی مینیاتۆرێک (هونەری وێنەکێشانی ورد) وەک پێکهێنەرێکی پێویست و تاک دەناسێنێت؟ لەکۆتاییشدا کام ڕوخساری هاوبەشی شێوازناسی لە دیدی ئەوەوە لە ڕەخنە و تێگەیشتنی مەبەستی ئەو لەو وتارەدا، لەبارەی توندوتیژییەوە شاراوەیە و کام بنەما و گۆڕاوی جیاوازیی پەیوەندیدار بە ڕەخنە و توندوتیژی لە نامەی ڕەخنە لە توندوتیژی بنیامیندا دەتوانرێت بدۆزرێتەوە، کە ڕێگە بۆ تێگەیشتنی ئاسانی ئێمە لە نامەکە بکاتەوە؟

سوودوەرگرتن لە وشەی «ڕەخنە» لە سەرەتای نامەی (ڕەخنە لە توندوتیژی)دا مەبەستدارە، کە کرۆکی شێوازناسی و بوونناسی بنیامین هاوتەریب دەکات و لەم ڕووەوە لە کۆتاییدا دەتوانێت، نەک وەک ئەو کردەیەی بەڕێوەیدەبات، یان جێبەجێیدەکات، بەڵکو وەک کردەیەک دەردەکەوێت، کە کاردەکات و فەرمان دەدات، لەبەرئەوەیە کە «ڕەخنە لە باسەکەی بنیامیندا بۆ تێگەیشتنی باو و ناسراو و داوەری نییە، بەڵکو دەیەوێت دوا داوەری بێت».

**ئامانج لە دارِشتن و نوسینی نامەیەك، یان وتاریك چییە؟**

پرسیاری یەکەم ئەوەیە ئامانج لە دارِشتن و نوسینی نامەیەک یان وتارێک چییە؟ لێرەدا ئامانج لە رەخنەی ئەدەبی و سیاسی لە وتارەکانی بنیامیندا چییە؟ کە بە وتەی بنیامین ئەمە خۆی خاڵی دەستپێکی رەخنەیە. «بنیامین بەو ئەنجامە گەیشت کە لە جیهانێکدا، واتە لەدەستچووە و گرنگیش فرە پارچە بووە، ئەو وتارانەی بانگەوازی پرِوپاگەندی گەورە و بێناوەرِۆکیان نییە، راستگۆترین دەربرِینە».

بە وتەی بنیامین «وەک ئەوەی کە زەردەشت دەڵێت، مرۆڤ تەنیا لە کۆتایی سەرگەردانی و ئاوارەییدا دەتوانێت ئەزمون بەدەستبێنێت. مرۆڤی نەخوێندەوار ئەزمونی خۆی هەیە، کە شتێکی جگە لە ئەزمونێکی جێگیر و بێ رۆح نییە، بەڵام گەنج رۆحی چالاکیی ئەزموون دەکات و بە هەوڵی کەمتر گەورەیی بەدەستدێنێت و لەم سەرگەردانی و ئاوارەییەدا، کە لە هەموو شوێنێک و لەگەڵ هەموو کەسێک رووبەروو دەبێتەوە».

بەم شێوەیە بڕیار نییە مژدە بە ڕەخنەگرتن لە شتێکی تایبەتی و گەورە بدرێت، بەڵکو ئامانج هەمان دووری نێوان هەمان شۆکە. دوورییەک کە وەرگر پێویستە خۆی پڕیبکاتەوە و ئەو ڕێڕەوەی لەو ئێستایەی تێیدا بەسەردەبات، بیدۆزێتەوە. لە راستیدا «هەموو شتێک لە گرەوی لەدەستدانی واتادا، واتا بەدەستدێنن. کاری بنیامین لەگەڵ کاری نوسەرانی هارمۆنتیک هاوشێوەیە، کە بێواتایی بە بنەما دادەنێن، بۆئەوەی واتا دروستکراوەکان لەلایەن هەر یەکێک لە وەرگرەکان لە ئاسۆی ئاماژەکانی بەرهەمدا جێبکەنەوە و خۆیان بە باشی ئاگادارن، کە ئەم ئاسۆ خەیاڵییە، دروستکراوی زمانە». ئەم بەرەنگارییە بەرامبەر واتا لە نامەی «ڕەخنە لە توندوتیژی» نەک تەنیا پاساو، بەڵکو لە دیدی ژیژەکەوە، باسی تایبەتی ڕەخنەکانی بنیامینە. ژیژەک نمونەیەک لە چارەنوسی ئەیوبی پێغەمبەر دێنێتەوە و لە شیکاریدا بوونێکی بێواتا هاوشێوەی نامەی ڕەخنەی بنیامین دەناسێنێت:

«خاڵی بەرامبەر ئەم دادپەروەرییە توندوتیژییە، سیمای توندوتیژیی ئەو خوایانەی

بەشێوەیەکی ناداپەروەرانە، بێگومان کە نمونەی باڵا چارەنوسی ئەیوبی پێغەمبەرە، دوای ئەوەی کە لافاوی بەڵا، ئەیوب دەگرێتەوە هاوڕێ یەزدان ناسەکانی دێن و چەند شیکارێک بۆ ئەوە دەکەن، واتا بەو بەڵایانە ببەخشن. گەورەیی ئەیوب بەو ڕێژەیەی کە لە پێداگریی ئەودا، لەسەر بێواتایی بەڵاکانە، ئەوەندە ڕەخنە لە بێتاوانی نییە. ئەم بەرەنگارییە بەرامبەر واتا ئەو کاتە گرنگی خۆی بەدەستدێنێت کە لەگەڵ بەڵا گەورەکانی وەک ئایدز و قەیرانی ژینگەیی، تا هۆلۆکۆست ڕووبەڕوو دەبینەوە: ئەم بەڵایانە خۆیان لە قبوولکردنی واتا قووڵترەکان دەبوێرن، ئەم میراتییەی ئەیوب وامان لێدەکات پەناببەین بۆ پەروەردگارێک، وەک خاوەن دەسەڵاتێکی شاراوە، کە واتای ئەوەی ئێمە بە بەڵایەکی بێواتای دەزانین، دەزانێت پەروەردگارێک کە سەرجەم وێنەکە دەبینێت، ئەوەی ئێمە وەک نەنگییەک دەیبینین، یارمەتی هاوئاهەنگی جیهان دەدات».

ئەم باسنەکردنە بۆ دۆزینەوەی واتای گەورە، کە خۆی بە بێواتاییەوە گرێدەدات، بە

ئامانج و نامەی بنیامین بۆ هێنانەدیی ئازادی واتاسازی هەژماردەکرێت. «ئەم رەخنەیە روونکەرەوەی ئەو واتایانە نییە کە پێشتر بوونیان نەبووە، بەڵکو خۆی کۆمەڵێک واتا بە بەرهەم دەبەخشێت، ئەمە ئاڵۆزی و دژواریی شێوازی بەرهەمەکانی بنیامینە». (ئیگلتۆن) دەڵێت: «بە بۆچوونی بنیامین پێکەوەگرێدانی شتە لێکنەچووەکان بۆ جولاندنی وەرگر، بە مەبەستی بەدەستهێنانی ناسینی بنچینەیی هونەرە لە سەردەمی تەکنەلۆژیادا».

وەک ئەوەی (دریدا) لە وتارەکەیدا بە ناوی (بنیامین و رەخنە لە توندوتیژی) جەختی لەسەر دەکاتەوە: «وشەی رەخنە، لە رەخنە لە توندوتیژیدا، لە بنچینەدا بە واتای هەڵسەنگاندنی نەرێنی، رەتکردنەوەی پرۆژە و مەحکومکردنی توندوتیژی نییە، بەڵکو دادوەری هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەیە، کە خۆی بەو ئاماژانە پڕچەک دەکات، بۆئەوەی دادوەری لەبارەی توندوتیژییەوە بکات. واتای رەخنە تا ئەو شوێنەی بە واتای توانای بڕیاردان لەبارەی فۆرمی دادوەری و مافی دادوەرییە،

لە خۆیدا پەیوەندی بە بواری یاساییەوە هەیە. واتـای توندوتیژی تەنیا ڕێگە بـە ڕەخنـە لە بواری یاسایی و یەکسانییان لە چوارچێوەی پەیوەندییە ئەخلاقییەکان بەدەستەوەدەدات.

تـونـدوتـیـژیـی سـروشـتـی، یـان فیزیکی بوونی نییە. دەتوانرێت باس لە توندوتیژیی بومەلەرزەیەک، یان توندوتیژی پەیوەندیدار بە ئازارێکی جەستەییەوە بکرێت، بەڵام دەزانین ئەمانە ئـەو بابەتە نین کە تـوانـای دادوەری لەبەردەم دەزگای دادوەریدا بە ئێمە ببەخشێت، کـەواتـە پـێـوەرنـاسـی، یـان ڕەخنەناسی تەنیا پەیوەندی بە بەکارهێنانی توندوتیژییەوە هەیە، نەک خودی توندوتیژی، بە واتایەکی تر، چەمکی توندوتیژی بە سیستمی بنچینەیی و یاسا و سیاسەت و ئەخلاقەوە گرێدراوە.

بنیامین پێویستی هاوتاکردنی ڕەخنـە و کۆتایی بەمشێوەیە پێناسەدەکات، کە «شێوازی زانستی جیاکەرەوە ئەوەیە، کە ئەم شێوازە لە کاتی ڕێنوێنیدا بـەرەو ئامانجە نوێیەکان، شێوازی نوێش دەگرێتەبەر»، لەبەرئەوە بوونی کرۆکی ڕزگارکەر لە پێویستییەکانی هێنانەدی

نایاب بوون (ڕەخنەی نایاب) فەراهەم دەکات، چونکە بوونی ڕزگارکەر لە ڕەخنەی نایابدا، بەو شێوەیەی جێیسەرنجە، کە پێکهێنەری بوونی خۆی لە شۆکەوە بەدەستدێنێت. شۆکێک کە ڕەخنەگری پێکهێنەرەکانی پێش مێژووە. لەمڕووەوەیە کە ڕزگارکەری زەمەن لە ڕەخنەدا دێتەدی، کە خۆی لەگەڵ پێکهاتە بەردەستەکاندا دەگونجێنێت. پێویستی تێپەڕین لە پێکهاتەکان بەمەستی وێرانکردن، گەرەنتی بوونی شۆک دەکات و ڕزگاری لەئێستادا دەبینێتەوە.«بەو واتایەی نابێت ڕەخنە مەحکومکردنی گشتی توندوتیژی و نمایشکردنەوەکانی مێژووی لێهەڵبهێنجرێت، بەڵکو پێویستە زیاتر وەک نیشانەیەک دابنرێت، کە بنیامین لەم دەقەدا بەکاریهێناوە. ئەو پێشبینی ڕەخنەیەک لە توندوتیژی دەکات، بێ ئەوەی پێشتر تیشک بخاتە سەر مێژوو، مێژوویەک کە دەرکەوتنی توندوتیژی فێری ئێمە دەکات، خاڵی وەرچەرخان، کە لەسەر بنەمای ئەو هەڵوێستوەرگرتنە بێ پێچ و پەنایە، کە شێوازی ڕەخنەگرانەی (کانت) زیندودەکاتەوە، کە ئامڕازێکە بۆ

جیاکاری لەنێوان بابەتە یەکنەگرەوەکانی بەکارهێنانی چەمکێک لە دۆخێکی تایبەتدا، لەبەرئەوە بنیامین لەنێوان ئامرازە نایابەکان، هیچ توندوتیژییەک پشتڕاست ناکاتەوە و ئامرازە جۆراوجۆرەکان، پەسەندکراو، یان دژ بە گشتی و لاوەکی، کە بەشیک لە توندوتیژی نین، جیادەکاتەوە. لە راستیدا هێڵی جیاکەرەوە لەنێوان توندوتیژی و ناتوندوتیژی دانانێت». ئەم شێوازی رەخنەگرتنە، ئەگەرێک بۆ رزگاری دەڕەخسێنێت، رزگاربوونێک لە رێگەی لەناوبردنی شێوازەکانی پێشوو دێتەدی.

وەک ئەوەی بنیامین جەختی لەسەر دەکاتەوە، دروستکردن پێویستی بە وێرانکردن هەیە و وێرانکردنیش پێویستی بە شۆک هەیە. «بۆ مێژوونوسێکی ماتریالیست، وردتری فۆڕم جیاکارییە لەنێوان دروستکردن و شیکاری پێگەیەکی مێژوویی و ئەوەی بە سەرلەنوێ دروستکردنەوە ناودەبرێت، زۆر گرنگە. دروستکردن پێویستی بە روخاندنە».

لە کۆتاییدا شێوازناسیی رەخنە، چۆن دەتوانێت بە بێواتایی بێتەدی؟ چۆن رەخنە

دەتوانێت خۆی لە سەرجەم فۆڕمەکانی ڕەخنە جیابکاتەوەو خۆی بە نایاب دابنێت؟

کرۆکی نایاببوونی ڕەخنە، وێرانییەکە کە خۆی دروستکەرە.

والتەر بنیامین لە نوسینێکیدا بەناوی (بەهۆی نوێکردنەوەوە داخراوە) نوسیویەتی: «لە خەونێکدا خۆم بە تفەنگێک کوشت، دوای تەقاندنەکە بەئاگا هاتمەوە، بەڵام خۆم بینی کە ماوەیەک بەو شێوەیە ڕاکشابووم، تەنیا دوای ئەوە بوو کە بەئاگا هاتمەوە».

ئەم پارچە نوسینە لە چەند لایەنێکەوە، دەتوانێت دەرخەری تێزێک بێت، کە ئێمە لە سەرەوە باسمانکرد:

أ. کوژرانی ئامانج: دوورکەوتنەوە لە بەئامانجبوون لە تێگەیشتنی مندا، بۆ باڵایی و تەواوکاری وێرانی، یان هەمان شۆکی مێژوویی.

ب. دوای تەقاندن بەئاگا نەهاتنەوەی ئامانج: چونە خەونەوە، یان هەمان کاری بەپەلەی نێوان ئامانج و ئامڕاز.

ت. خۆم بینی: بە ئامانج بوون دوای خۆکوشتن، دروستکردنی واتا لە ناخی بێواتایی بابەتدا.

پ. بەئاگاهاتنەوە: رزگـاری، یان هاتنەدی پرۆژەی رزگارکەر.

وەک ئـەوەی (رۆبـەر شتاین) باسیدەکات «مەبەستی بنیامین شکاندنی وێنەی درۆینەی مـێـژووە، وەک بـەردەوامـی روداوەکـــان، خوێندنەوەی وردەکارییە مێژووییەکان، وەک وێرانەیەک وایە لە تێڕوانینی مێژووەوە، تەنیا لە کاتێکدا کە سەرکەوتوو بێت، خوێندنەوە و روونـی پێویست بەدەستبێنێت، سەرنجی لێدەدرێت».

بنیامین لە پارچە نوسینێکی تردا بە ناوی (پلی کلینیک) بەمشێوەیە لە رێگەی رەخنەی نایابەوە باسی پارچەبوون و بەئاگاهاتنەوە دەکات، «نەشتەرگەر بە وریاییەوە دەیبڕێت. شوێنی پارچـەکانی نـاو جەستە دەگۆڕێـت، ئەو وشانەی وەک (غـوددەیـەک) کۆبوونەوە دەیانبڕێت و فڕێیان دەدات، چەمکێکی دەرەکی وەک پـەراسـوویـەکـی ئاڵتوونی بـە قەفەسی سنگەوە دەبەستێتەوە...».

بە کورتی دەتوانرێت سەرجەم نیگەرانی بنیامین بەو ساتی رزگارییە لەو شۆکە مێژووییە

بزانرێت کە لە دیالێکتیکی مەبەستی ئەودا تۆماردەکرێت. لە قاڵبی وێنەیەکی سوریالیستدا، کە تێپەڕینی کات تێیدا دەسەڵاتدار نییە، رەخنەیەکە، کە ئێستا تۆماردەکات لەو ساتەدا. ساتێک، کە چاوەکانی لە مێژوو بڕیووە، لە هەمان کاتیشدا لەلایەن بای پێشکەوتنەوە مێژوو راودەنرێت. ئەمە پەیوەندی ئێستا بە رابوردووی خودەوە نییە، بەڵکو ئەوەی بووە لە هەوەڵ ساتی ئێستادا لە خوددایە، لەبەرئەوە ئەوەی لە وێرانی دەمێنێتەوە، ئەوەی کە لە ناخی خۆکوژی دەق دەمێنێتەوە، جەستەیەکی مردووە، کە تەنیا بە بینینەوەی دوبارەی جەستە مردووەکە و باوەڕی مەرگ و ئەندێشە گەورەکانەوە زیندوو دەبێتەوە.

رەخنەی نایاب هەمان ئەو شێوازەیە، کە بە یارمەتی ئەو سەرەتایە دەتوانرێت دەق و میرات لە رێگەی شۆکەوە بکوژرێت، دواتر تەنیا کاتێک بە رەهایی دەگات و لە مردن رادەکرێت، کە بتوانرێت مەرگ و وێرانییەکانی لە بێدەنگییەکدا وێنابکرێن. ئەم وێنەیە کە راپەڕینی زیندووەکان بە رۆحی مەسیحی خودەوە لەناو مردووەکاندا

رادەپەڕێنێت، هەمان رەخنەی نایاب، یان هونەری نایابە.

«هونەر و رەخنەی نایاب، دەتوانرێت بە نیشانەکانی ئەزمون و لەبەریەکهەڵوەشانی کۆمەڵایەتی دەورەدراو بە رێز و پێشوازی لە ئازادی دابنرێت. رەخنەکانی سەرەتای بنیامین لەو رەخنانەن کە پییاندەوترێت رەخنەی نایاب، ئەو رەخنەیەی کە یارمەتی خوێنەری نائاشنا و نەزان نادات، بۆئەوەی لە دەقێکی ئاڵۆز تێبگات، نەوەک مەبەستی بێت پشکێکی لە زانستە تایبەتمەندەکاندا هەبێت. چالاکی رەخنەیی، تەنیا بەمەبەستی چالاکیی رەخنەگرانە بەردەوام دەبێت، تەنیا رووبەڕووبوونەوەی رەخنەیە لەگەڵ ئەو دەقەی دیاریکردووە.

بەم شێوەیە لێکدانەوە و شیکاریی رەخنەگرانە جۆرێک بالایی و دەربڕینە، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا چالاکی رەخنەگرانەی بنیامین لە حوکمی رەخنەی نایابدا هەمان چوارچێوەی مەترسیدار و دیاریکەری هەیە، کە ناولێنانی دژوارە. رەخنەی نایاب بەر لە هەر شتێک رەخنەیەکە، کە لە سنور و کەنارەکانی رەخنەدا

چالاک دەبێت، رەخنەیەک کە بەردەوام لە هەوڵی بوون بە شتێکی ترە، ئەو شتەی تریش لە روکاردا فەلسەفەیە. لەکاتێکدا کە واتایەکی تەواوی فەلسەفە نییە، بەڵکو بزوێنەر و پاڵنەری هەمان ئەو شتەیە کە زەمینە بۆ ئەندێشەی فەلسەفی دەڕەخسێنێت، بەتایبەتی مێتافیزیک.

بنیامین لە رووبەڕووبوونەوەی دەقدا بەدوای ئەوەوەیە، بۆئەوەی بچێتە سنورێکەوە کە تێیدا واتا بە شێوەیەکی روون و بەڵگەنەویست دەردەکەوێت».

بنیامین دەڵێت: «لە ماتەمینی رەخنەدا دانیشتن نەزانییە، چونکە لەمێژە کاتی هاتووە. رەخنە واتا لە دووری راستی بوون. رەخنە لە جیهانێکدا بوو، کە تێڕوانینەکان گرنگ بوون و هێشتا دەتوانرا خاڵێک لەبەرچاو بگیرێت».

لە باسەکانی سەرەوە بەو ئەنجامە دەگەین کە:

- رەخنەی بنیامین نایابە.
- رەخنەی نایاب و رزگاری، هاوتەریبن و پێویستیان بە یەکترە.
- رەخنەی نایاب، شێوازێکە بۆ وەرگرتن و

تێگەیشتن لە توندوتیژی وەک فەرماندە و کۆتا ئەنجام.

- رەخنەی نایاب، شۆکێکە لە میراتی رابردووی توندوتیژی.

- رەخنەی نایاب، رەهایی لە پێکهاتە سنووردارەکان بۆ تێگەیشتنی توندوتیژی زیاددەکات.

- رەخنەی نایاب توانایەکە بۆ داوەری لەبارەی توندوتیژی لە بەردەم دادوەریدا.

**روبەڕووبوونەوەی میسیانیزم و ماتریالیزم**

گرێدانی مسیانیزم بە ماتریالیزمەوە، لە باسی بنیامیندا ساویلکانە و هەڵەیە، بەڵکو پێویستە ئەو دووانە لە رێڕەوی دیالەکتیکی بنیامیندا، بەوجۆرەی ویستویەتی لەبەرچاوبگیرێت، لەبەرچاوبگرین، هەروەها بیرمان بێت لە تێزەکانی لەبارەی مێژووەوە، مێژوو نە کەڵەکەبوویەکە لە روداو و پێدراوەکان و نە جێگەیەکە بۆ ئەفسانەکان و قوڵبوونەوە لە بیرکردنەوەدا. «بۆ بنیامین بابەتەکە ناسینی (تەواو) و (ئەوەی بووە) نییە، بەڵکو گرێدراوی

راستی و مێژووە. لای بنیامین مێژوو کۆمەڵێک گێڕانەوە نییە، بەڵکو کەڵەکەبووی وێنەکانە، وێنەی تێپەڕین و هەڵاتن، کە تەنیا لە ئێستادا ناسینیان رەخساوە. لە راستیدا سیاسەت بۆ بنیامین لە حوکمی ئامادەبوونی هزردایە لەناو مێژوودا. هێنانەناوەوەی رابوردووی مێژوویی لە چوارچێوەیەکی پڕ لە ناکۆکی لەگەڵ ساتی ئێستادا، بەدەستهێنانی ئەو ئامانجەیە کە لەدۆخێکی قەیراناوی و پڕ لە مەترسیدا گیرۆدە دەبێت و نیگەرانی ئەو، نەک تەنیا مەعریفەیە، بەڵکو راستییەکی گشتی جیهانگیرە».

پێویستی بەریەککەوتنی ئەم دووانە، هێنانەدی پرۆژەکەی بنیامینە. لەو جێگەیەدا کە لە پارچەی دووەمدا تێزی مێژووی تێگەیشتن لە ئامانج لە خۆشگوزەرانییەوە بە نەمری دەگەیەنێت و دەڵێت: «رابوردوو هەڵگری جۆرێک نیشاندەری کاتە، کە لە رێگەیەوە دەگەڕێتەوە بۆ نەمری».

لە راستیدا نەمری یان رزگاری بە ئامانجی توێژینەوەکەی خۆی دەناسێنێت و دەنوسێت، «لە بنچینەدا بە واتای گێڕانەوەی رێز، قەرەبوکردنەوەی کەموکورتییەکان، بەخشین و

نەهێشتنی شوێنەوارەکان و دەرەنجامەکانیان، دوبـارە بنیاتنانەوە و پـەروەردەکـردنـە، بەم شـێوەیـە هـەمـوو شتێک و هـەمـوو کەسێک دەتوانێت، بە واتا قوڵ و بنەڕەتییەکەی نەمر و نوێساز بێت». ئەم وشەیە واتایەکی پێچەوانە بەدەستەوەدەدات و خاڵی نیشتنەوە نییە، بەڵکو نیشتنەوە خۆیەتی.

بنیامین نەمری و رزگاریش وەک ئەزمون و ئەندێشە لە وێرانەیەکدا دەبینێتەوە. «تێگەیشتن لە شتێک، واتە تێگەیشتنی شوێن، واتە زانینی رێگەی دابینکردنی نەخشەیەک لەو شتە و زانینی رێگەی بزرکردنی». وەک ئەوەی (ئاگامبێن) لە وتـاری (جـادو و خۆشبەختی)دا نوسیویەتی: «والتەر بنیامین وتبووی (یەکەم ئەزمونی منداڵ لە جیهاندا، تێگەیشتن نییە لـەوەی گەورەکان بەهێزترن، بەڵکو تێگەیشتنە لەوەی کە ناکرێت جادو بکرێت). هەرشتێک کە مرۆڤ بە هەوڵ و تواناکانی بەدەستیدێنێت، دوبـارە ناتوانێت خۆشبەختی بکات. تەنیا جادو دەتوانێت ئەوە بکات».

ئێستا پێویستە بپرسرێت، چۆن کاتێک جادوییەک نییە، دەتوانرێت لە ڕێگەی هەوڵی کەسەکان و شتەکانەوە، بە نەمری و ڕزگاری گەیشت؟ وەک (ئاگامبێن) لە بارەی خۆشبەختییەوە دەڵێت: «ئامانجەکانی خۆشبەختی، ئامانجێکی لەخۆیەوە نییە، ئەو لە فۆڕمی ئاگاییەک، یان ویژدانی لەدەستدا نییە، فۆڕمی خەونیشی نییە. لێرەدا جادو جیاکەرەوەیەکە، تەنیا شتێکە ڕێگە دەدات خۆشبەخت بیت و بزانیت کە خۆشبەختیت». نەمری و ڕزگاریش لای بنیامین، ئەو گرنگییەی هەیە و تەنیا کاتێک دەتوانێت بێتەدی، کە جادو بکرێت، ئەم جادووە هەمان مۆنۆگرافی و ڕەهایی شتە لە زمان.

ڕەهایی لە فۆڕمی ماتریالیستی و مسیانیستی مێژووە. ئەم جادووە هەمان دەستەکوتی ئامانجە، کە دەکەوێتە دۆخی قەیراناوی و پڕ لە مەترسییەوە و نیگەرانی ئەو، نەک تەنیا مەعریفەت، بەڵکو ڕاستییەکی گشتی و جیهانگیرە و مۆنۆگرافی لە ڕاستیدا «ناوی نهێنییەکە، کە مەخلوق بۆ کارێکی دەرنەبڕاو دەگێڕێتەوە».

ئەم کارە دەرنەبڕاوە و ڕاستییەکە تەنیا کاتێک دێتەدی، کە لە سەرەوە لە شەترەنج بڕوانیت. وەک ئـەوەی بنیامین دەڵێت: «بە بانگهێشتی ئەوەی تائێستا نەنوسراوە هەوڵیداوە بۆئەوەی دەربڕینی زمان لە پەیوەندیی بەرزتر نیشانبدات، ئەم کارەشی بە هۆی پێویستیی بەدەستهێنانی پەیوەندی مرۆڤانەتر ئەنجامداوە».

هاتنەدی جادوییی کاری دەرنەبڕاو لە دۆخی جیاکاریدایە، هەڵدانە بۆ دەرەوەی یاسا. تەنیا لە دۆخێکی نایابدایە، کە دەتوانرێت پشتەوە ببینرێت و بگەیت بە ڕاستی و پـرۆژەی رزگارکەر لە ڕێگەی مێژووەوە بۆ رزگاری بگیرێتەبەر.

**پانتایی توندوتیژی و کەلێنەکەی**

پانتایی هاتنەدی توندوتیژی بنیامین، پانتاییەکی جیاکراوەیە. پانتاییەک کە هاتنەدیی توندوتیژی لـە چـوارچـێـوەی ئـەو تـونـدوتـیـژییـەدا، لەگەڵ سەرجەم فۆڕمەکانی پێش خۆی جیادەکاتەوە و یارمەتیدەرە، کە رەخنە لە تێڕوانین لە وێنە و فۆرمەکانی پێشوو بگرێت و لە کەلێنی ناویاندا ئەلتەرناتیڤێک پێشکەشبکات، کە رزگارکەر بێت و

لە هەمانکاتیشدا داهێنەر بێت. لەم ڕووەوە بنیامین «لەنێوان توندوتیژی و ناتوندوتیژی، لەنێوان ستەم و مافدا، تێناپەڕێت، بەو شێوەیەی بنیامین لە بانگەشەی خۆیدا دژی پۆلیس نوسیویەتی: «پۆلیس توندوتیژییەکە بۆ ئامانجە یاساییەکان و مافی بەکارهێنانیان هەیە، بەڵام لەگەڵ توانای بەرفراوانکردنی زۆری سنوری دەسەڵاتی ئەو ئامانجانە... خراپی ناوی پۆلیس لەو ڕووەوەیە، کە لەم بارەیەوە لەنێوان ئەو توندوتیژییەی، کە بنەمای مافەکانە و توندوتیژی پارێزەری مافەکان هیچ جیاوازییەک بوونی نییە. هێڵی جیاکەرەوەی نێوان توندوتیژی و ناتوندوتیژی لە داوەری لەبارەی دەرەنجامەکان، یان ئەمانجە توندڕەوییەکانی ڕەفتارێک تێناپەڕێت: ئەم هێڵی جیاکەرەوەیە تەنیا یاسای ئامرازەکانییەتی، بە واتایەکی تر ئەوەندە بەس نییە بڵێین، توندوتیژی ئامرازێکە وەک ئەوەی پێناسە دەکرێت، بەڵکو پێویستە لەنێوان ئامرازە یاساییەکان و دەرەنجامەکانی جیاوازی دابنرێت. بەم شێوەیە لێرەدا بەو ئەنجامە دەگەین، کە ئیتر پێوەری یاسایی بە تەنیا گەرەنتی ڕوونەدانی توندوتیژی

پەسەندنەکەین و واتای سوننەتی توندوتیژی لە پەیوەندیدا بە سیاسەتەوە هەڵگێڕینەوە».

لەسەر بنەمای ئەم دۆخە، بنیامین لەگەڵ دوو بابەتی دادوەری/یاسا، دوو وێنە و تێڕوانین بۆ توندوتیژی دەخاتەڕوو، کە یەکەمیان توندوتیژیی نایاب و تیۆلۆژیی دروستدەکات، دووەمیش توندوتیژی ئەفسانەیی. لەم ڕووەوە رەخنە لە توندوتیژی بۆ دوو قۆناغی پێش و دوای ئەو دابەشدەکات. پێش ئەو، کە لە قاڵبی توندوتیژی ئەفسانەیی لەسەر بنەمای ئامانج و ئامڕاز بۆ توندوتیژی دروستکراو و دروستکەر دابەشدەبێت، دووەمیش کە رەخنەیە لە باسی پێشوو، وەک داهێنانێک فۆرم وەردەگرێت، لە پانتاییەکی نوێدا بەدەر لە ئامراز و ئامانج و لە کەلێنی توندوتیژی دروستکراو دروستکەردا دێتەبوون.

ئەو پرسیارەی لەم بەشەدا گرنگی پێدەدەین ئەوەیە کە تایبەت چییە؟ چۆن پانتایی و توانا دەرەخسێنێت، بۆ ئەوەی بنیامین بە یارمەتی ئەو ئەم جۆرە پێوەرە بۆ توندوتیژی دەخاتەڕوو؟ پێوەرێکی داهێنەرانەیە، کە دەتوانرێت بە یارمەتی ئەو، توندوتیژی بۆ دوو قۆناغی پێش و دوای ئەو دابەشدەکات.

**پانتایی تایبەتی و توندوتیژی**

**لە دیدی بنیامینەوە**

فایلی داخراوی رووبەڕووبوونەوەی (بنیامین و شمیت)، کە لەلایەن (ئاگامبێن)ـەوە لە وتاری (والتەر بنیامین لە بەرامبەر شمیت) کرایەوە، گرنگی بە دۆخی تایبەتی دەدات. دۆخێک کە لە دەستی یاسادا، یان چەمکی بڕیاردان بەو شێوەیەی مەبەستی (شمیت)ـە لە تیۆلۆژیای سیاسیدا، دەیداتە دەست دەسەڵاتداران، فاشیزم دروستدەکات و لە دەستانی دادوەریدا، بەوشێوەیەی بنیامین مەبەستێتی لە نامەی رەخنە لە توندوتیژیدا، توندوتیژییەکی رزگارکەر دروستدەکات. لەبەرئەوە پێویستە دووبارە لە گریمانەی سەرەتای ئەم نوسینە بڕوانرێتەوە، کە توندوتیژی فەرمان دەدات. ئەم فەرماندەرە شاراوەیەش تەنیا کاتێک دەتوانرێت ببینرێت، کە لە دەرەوەی بنەماکان لێی بڕوانرێت و ئەم خوێندنەوەیەش دوبارە بکرێتەوە، کە تایبەتی خۆی بنەمایە. «ئامانجی بنیامین لە رووبەڕووبوونەوەی (شمیت) تایبەتە بە بنەماکان و دروستکردنی دۆخێکی تایبەتی راستەقینەیە. دۆخێک لە دەرەوەی سنورەکانی دەسەڵات و

یاسا، کە تێیدا سیاسەتی راستەقینە وەک توانا، یان کردارێکی دیاریکراوی مرۆڤ دەردەکەوێت. ئەگەر مرۆڤ لەم توانایە، واتە لە مرۆڤایەتی خۆی بە تەواوی بێبەش بکرێت، شتێک لەو نامێنێتەوە، جگە لە جەستەیەکی لاواز، جۆرێک زیندوو بوون یان هەمان ژیانی سادە».

لەبەرئەوە ئەو پرسیارەی کە پێویستە وەڵامبدرێتەوە ئەوەیە، کە دۆخی تایبەتی چی توانا و دۆخ و چوارچێوەیەکی شاراوەی لە خۆیدا هەیە، کە دەتوانێت لە توندوتیژی، فەرماندە دروستبکات؟ لە راستیدا پێویستە پرسیاربکرێت، کە یەکێک بە نەهێشتنی لێکدان دەگات، ئەویتریش بە لێکدانی نەهێشتن؟ ژیانی رووت بەو شێوەیەی (ئاگامبێن)، (بنیامین) دەخوێنێتەوە، ئەگەر دۆخەکە تایبەتە، چۆن بنیامین بە توندوتیژی رزگارکەر دەگەیەنێت؟

(شمیت) لە سەرەتای کتێبی (ئیلاهیاتی سیاسی)دا دەڵێت: «حاکم کەسێکە، کە لە باری تایبەتیدا بڕیاردەدات» و پێویستە سەرنجدان لێی بەم شێوەیە لێکدەداتەوە، کە «عەقڵگەرایی ئەگەر بڵێت تایبەتمەندی شتێک دیارینाکات و تەنیا دۆخی ئاسایی دەتوانێت بابەتی پەیوەندیی زانستی بێت،

عەقڵگەرایی لە پلەی دووەمدا دێت. تایبەتمەندی تاکێتی و سیستمی پرۆژە و پلانی عەقڵگەرایی لەناودەبات [....] پرسیارێکی یاسایی نییە. نە تەنیا کەلێنێک لە یاسادا، یان بڵێین دەقی دەستور بوونی هەیە، بەڵکو زیاتر لەوەش لە یاسادا بە واتای تـەواو، وشـەش خۆی کەلێنە، کە بە هیچ شێوەیەک بە لێکدانەوەی واتاکان پڕناکرێتەوە و لێرەدایە یاسای گشتی دەوەستێت. دەتوانین بڵێین فەلسەفەی کـاری ژیـان، نابێت لە ناخی تایبەتەکانەوە و نمونەی دیاریکراو دەربهێنرێت، بەڵکو پێویستە لە بەرزترین ئاستی ویستدا بێت، نەک بە هۆی تانزی خەیاڵ وروژێنەری ساراوە لە دژیەکیدا، بەڵکو بە هۆی ئەو جدییە بینراوانەی لە گشتاندنە سادە هەڵێنجراوەکان قوڵترە. بەتایبەتی لـە بنەما سـەرسوڕهـێنـەرەکـانـدا. بنەما هیچ ناسەلمێنێت، بەڵام تایبەتی سەلمێنەری هەموو شتێکە، نەک تەنیا جەختکردنەوەیە لەسەر بنەما، بەڵکو جەخت لەسەر بوونی دەکاتەوە، ئەمەش تەنیا لە دەستی تایبەتی دێت، لە تایبەتدا توانای ژیانی راستەقینە لەو لایەنانەدا دەردەکەوێت، کە بەهۆی چەندبارەبوونەوەیانەوە سواون».

لە ڕاستیدا مەبەستی شمیت ئەوەیە کە دۆخی تایبەتی وەک خۆی باسیدەکات «ئەو شتەیە، کە ناتوانرێت بخرێتە ژێر یاسا و ڕێساوە، تایبەتی لە بەرامبەر دانانی کۆد و داڕشتنی گشتیدا دەوەستێتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕەگەزێکی وێنەیی دیاریکراوی یاسایی دەردەخات: بڕیاردان لە لیژنەدا نایاب و ڕوتە. کاری تایبەتی لە لیژنەیەکی نایابدا کاتێک دەردەکەوێت، کە بابەتەکە لەبارەی دروستکردنی دۆخێکدایە، کە تێیدا بنەما یاساییەکان دەتوانن متمانەپێکراو بن».

ئێرە خاڵی ناکۆکی نێوان بنیامین و خوێندنەوەی جیاوازی لەگەڵ (شمیت)ـە، بۆ بنیامین کاری تایبەتی کاتێک تایبەتییە، کە توانای بینین و دوبارە داڕشتنەوەی لەلایەن یاساوە نەبێت. وەک (ئاگامبێن) لە بارەی دۆخی تایبەتییەوە دەڵێت: «دۆخی تایبەتی، لە یەک کاتدا، ژیان لە سیستمی سیاسی پاکدەکاتەوە و لە ناخی خۆیدا گرفتاری دەکات، لە ڕاستیدا لە کاتی جیاییدا هەمان بنەمای شاراوەی دروستکردووە، کە سەرجەم سیستمی سیاسی پشتی پێبەستووە. ژیانێک کە دانیشتوانی ئەم سنورە، لە ڕێگەی نەهێشتنی وردەوردەی سنورەکانییەوە، خۆی لە

شار رزگار دەكات و دەبێتە ئامراز و ئامانجی دژایەتی سیستمی سیاسی، سیستمێک كە تاكە شوێنە بۆ رێكخستنی دەسەڵاتی دەوڵەت و لە هەمان كاتیشدا رزگاربوون لێی».

دەتوانرێت بە سودوەرگرتن لە تێگەیشتنی دیارینەكردنی دۆخی تایبەتی، دوو خوێندنەوە بۆ توندوتیژی هەبێت. خوێندنەوەیەک، كە بە هەلومەرجەكانی حكومەتی سەربازی دەگات.

أ. دۆخێک كە تێیدا یاسا لاوەكییەكان، دەستور و مافی هاووڵاتیان هەڵدەپەسێرن و لەگەڵ ئەوەشدا فەرمانی دەسەڵاتدار لە هەموو كاتێک زیاتر رەوانە. ئەم پێگەیە هەمان ناوچەی دیارینەكراوە، كە نە لەدەرەوە و نە لە ناوەوەی یاسایە و تاک بە كەوتنە ئەم ناوچە دیارینەكراوەوە لە هەموو ناسنامەیەک بێبەش بووە و دەیگۆڕێت بۆ بونەوەرێكی ناوازە، كە نە بەتەواوی مرۆڤە و نە بە تەواوی لە دەرەوەی بازنەی پەیوەندییە مرۆڤییەكانە».

ب. رزگاركەرە، بەو شێوەیەی بنیامین مەبەستێتی، واتە توندوتیژی نایابی ئیلاهی. وەک بنیامین دەڵێت: «توندوتیژی فێركردن، كە لە فۆڕمی خۆیدا لە دەرەوەی یاسایە و یەكێک

لە فۆڕمەکانییەتی، کەواتە ئەم دەرکەوتنانە لەم ڕێگەیەوە نابن، کە خودی پەروەردگار ئەوانە بێ نێوەند لە قاڵبی موعجیزەدا جێبەجێبکات، بەڵکو نێوەندگیرەکان لە ناخیاندا پێناسە دەکرێن، بێ خوێنڕشتن گورزی دەوەشێنن و پاکیدەکەنەوە». ژیانی رووتەڵ گۆڕەپانێکە بۆ توندوتیژیی ئەفسانەیی.

لە ناخی دۆخی تایبەتیدا دوو ئەگەر هەیە، توانایەکی نائومێدکەر و مەترسیداری نهێنی، وەک بوونی ئەفسانەیی و یاسایی، ئەویتریش ئەو ئاماژانەن کە ئەفسانە و نهێنی تێدا نییە. ژیژەک پێیوایە، دیارینەکراوی نهێنی توندوتیژی نایابی ئیلاهییە. «رووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی ئەفسانەیی و خوداکان، رووبەڕووبوونەوەی نێوان ئامراز و ئامانجە، واتە توندوتیژیی ئەفسانەیی، ئامرازێکە بۆ سەپاندنی حکومەتی یاسا.

**توندوتیژی ئیلاهی، رەنگدانەوەی خودئاگایی**

توندوتیژی نایاب و ئیلاهی وەک رەنگدانەوەی وێرانکەر چییە؟ دەتوانرێت بوترێت ئەم توندوتیژییە فەرماندەیە هەمان نیشانەی بەندەکانە لە ساتێکدا، کە بە ئاگایی دەگەن،

ئیتر ترسی خۆیان بۆ مەسیح ناگوازنەوە، بەو شێوەیەی کە مەسیح پێویستە بکرێتە قوربانی تاوانی خەڵکی. ئەو ساتەی ئیتر بەندەکان ناترسن و ئامادەن بکوژرێن، نەک قوربانی. کوژران لەپێناوی خود، نەک بۆ کەسێکی گەورە.

بنیامین دەڵێت توندوتیژی ئیلاهی، بەردەوامناکرێت بناسرێت «بۆ مرۆڤەکان بڕیاردان لەم بارەیەوە، کە توندوتیژی نایاب لەم یان ئەو بارە تایبەتەدا هاتۆتە دی، یان نەخێر، بەردەوام ناکرێت و ژیاری نییە، لەو لایەنەوە کە هێزی رزگارکەری توندوتیژی لە چاوی مرۆڤەکان شاراوەیە، تەنیا توندوتیژی ئەفسانەیی، نەک ئیلاهییە، کە رێگە دەدات بە رەهایی تەواو لەم پلەیەدا دوبارە بناسین، مەگەر ئەوەی کە رووبەڕووی کاریگەری و دەرکەوتنە بێپێوانەکان ببینەوە. توندوتیژی ئیلاهی بە هەمان رێژە لەوانەیە لە قاڵبی شەڕێکی راستەقینەدا دەرکەوێت، لە لیژنەی داوەری ئیلاهی خەڵکی لەبارەی تاوانبارێکەوە»، لەبەرئەوە دەتوانرێت لەم سەرەتای خەیاڵەدا سەجەم رەخنەگران رازی بکرێن و لە زمانی ژیژەکەوە بوترێت:

«زۆر باشە بەڕێزانی تیۆریزەکاری ڕەخنەگر، ئایا دەتانەوێت بزانن توندوتیژیی خوداکان وەک چی وایە؟ لە مەترسییەکانی شۆڕشەکانی ساڵانی 1792–1794 بڕوانن، ئەم ترسە شۆڕشی توندوتیژی خواکان بوو. هیچ پێوەرێک نییە، ئەو توانایە بە ئێمە بدات، کە توندوتیژی خوداکان بناسین. ئیتر هیچ گەورەترێک بوونی نییە، کە گەرەنتی خودابوونی ئەوان بکات، مەترسی دەربڕین و سەپاندنی وەک توندوتیژی خوداکان بە تەواوی خودی کاتییە. توندوتیژی خوداکان هەمان دەستوەردانی ڕاستەوخۆی خودای بە توانا و تووڕە نییە، کە بیەوێت مرۆڤایەتی بە هۆی زیادەڕەوییەکانییەوە سزابدات، جۆرێک سەرەتا، یان گۆشەیەکی بچوک لە داوەری کۆتایی ڕۆژی دوایی نییە: جیاوازی نێوان توندوتیژی و کردەی نائیرادی بێتوانای توندوتیژی ئێمەی مرۆڤ لەودا، کە توندوتیژی خوداکان بە هیچ شێوەیەک ڕەنگدانەوەی توانای خودا نییە، بەڵکو نیشانەی بێتوانایی خودا هەمان ئەوی تری گەورەیە. تەنیا جیاوازی نێوان توندوتیژی خوداکان و کردەی نائیرادی کوێرانە هەمان بێتواناییە. بەم شێوەیە

پێویستە توندوتیژیی خوداکان لە دەسەڵاتداران، وەک دانەران یاسا جیابکرێتەوە، هەروەها لە توندوتیژیی نایاب وەک راپەڕینێکی دیکتاتۆرانە بە جیاواز دابنرێت».

بەڵام بنیامین مەبەستی خۆی بە سادەیی دەرنەبڕیوە و دەڵێت ئەگەر رووبەرووی کاریگەری و ئەو رووکارانەی پێوەر پەسەندناکەن ببینەوە، دەتوانین دوبارە توندوتیژی ئیلاهی بناسین. بنیامین سود لە وشەی (بەردەوام) وەردەگرێت و دەڵێت (بەردەوام) ناتوانرێت توندوتیژی ئیلاهی بناسرێت، ناڵێت هەرگیز ناتوانرێت توندوتیژی ئیلاهی بناسرێت.

ئەم ناسینە کاتێک روودەدات، کە بکەر لە کاتێکی تایبەتدا لە ژیانی خۆی دووردەکەوێتەوە. لەو شوێنەی کە لە دەرەوەی دیدی رووکاری ماتریالیزم لە مەسیح و میتافیزیک دەکۆڵێتەوە و نەک بۆ یەکێکی تر، بەڵکو بۆ خۆی، بۆ بکەرێتی خۆی توندوتیژی ئەنجامدەدات، تا ئەوەی کە «شەڕەکانی پێشوو، پێویستە دووبارە دەستپێبکرێنەوە، ئەگەر وانەبێت لەوانەیە بە فەرامۆشی بسپێردرێن».

لەو ساتەدا کە بکەر لە ئێستایدا لەگەڵ ئاگایی

و خودئاگایی بەریەکدەکەوێت و بڕیاردەدات، کۆتایی بە یارییەکە بێنێت. لەوانەیە ڕێگەی ناسینی دۆزیبێتەوە.

«مێژوو تەنیا زانست نییە، بەڵکو بە هەمان ڕێـژە فۆڕمێ لە بیرکەوتنەوە و یادەوەرییە، بیرکەوتنەوە دەتوانێت دەستوەربداتە ئەوەی، کە زانست سەلماندویەتی. دەتوانێت دۆسیەی بابەتێکی نـادیـار، کـە لـەوانـەیـە خۆشبەختی ئێمە بێت، وەک کۆتایی رابگەیەنێت و ئەو دۆسیەیەی بەرهەمی رەنجی ئێمەیە، کەمئەندام بکات. ئەمە واتا ئیلاهیات، لەگەڵ ئەوەی نابێت بەهـۆی تێگەیشتنەکانی بـواری ئیلاهیاتەوە مێژوو بنوسرێت، بەڵام لە بنچینەدا پرۆسەی ئەزمونمان لە بیرکردنەوە، ڕێگە لە تێگەیشتنی نائیلاهی ئێمە لە مێژوو دەگرێت.»

بە کورتی توندوتیژی ئیلاهی هەمان وەڵامی دیالێکتیکی بنیامینە، کە چوارچێوەی بێکۆتایی توندوتیژی پارێزەر تێدەپەڕێنێت و ئەمجارە لە نامەی بنیامیندا دەگۆڕێت بۆ فەلسەفەی توندوتیژی.

**سەرچاوە:**

http://new-philosophy.ir/?p=421

# واڵتەر بنیامین

**وەرگێڕانی: پێشڕەو محەمەد**

والتەر بنیامین (1892–1940) لە خێزانێکی جولەکە، لە بەرلین چاوی بەڕووی جیهاندا کردەوە، کە تێکەڵی فەزای زاڵی مەسیحی ئەو شارە بووبوو. ئەو خوێندنی لە زانکۆکانی بەرلین، فرایبورگ، میونشن و بێرن تەواو کردبوو. لە سەردەمی خوێندکاریدا، پەیوەندی بە بزووتنەوەی خوێندکارە جولەکە رادیکاڵەکانەوە کرد، لەگەڵ هاوڕێ گیانی بەگیانییەکەی، گێرشەم شولەم، هێدی هێدی هۆگری بەرامبەر بە عیرفانی جولەکایەتی پەیداکرد. (شۆلەم لەسەر هۆگرییەکەی بەردەوام بوو، وەک سکۆلارێکی گەورەی عیرفانی جولەکایەتی ناسرا). لە ساڵی (1925) بنیامین «سەرچاوەی درامای تراژیکی ئەڵمانی» وەک تێزی هابلیتاسیۆن (بەڵگەنامەیەک بۆ گەیشتن بە پۆستی مامۆستایی لە زانکۆ) پێشکەش بە زانکۆی فرانکفورت کرد، بەڵام پرۆژەکەی رەتکردەوە، لەبەرئەوەی گریمانەی ئەوەی دەکرد، کە لەوانەیە بەهۆی ستایلی ناباو و لیریکیانەی تێزەکەوە، رەتبکرێتەوە. بنیامن هیچ کاتێک پۆستێکی فەرمی ئەکادیمی وەرنەگرت. ئەو هەمیشە وەکو سکۆلارێکی سەربەخۆ، رەخنەگر و وەرگێڕێکی ئازاد کاری دەکرد.

لە ساڵی (1933)دا، لەگەڵ دەرکەوتنی نازییەکان لە ئەڵمانیا، بنیامین بەرەو پاریس رۆیشت، لەوێدا بوو دیداری لەگەڵ هانا ئارێنت و بەشێک لە رۆشنبیرانی دیکە ئەنجامدا. لە ساڵی (1939)دا بوو رەگەزنامەی نەتەوەیی ئەڵمانیای لێسەندرایەوە و ناچار بوو لە کەمپدا بمێنێتەوە. لە ساڵی (1940) لەلایەن تیۆدۆر ئادۆرنۆ و ماکس هۆرکهایمەر و قوتابخانەی لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکانەوە بانگهێشتنامەیەکی پێگەیشت. (ئەم دامەزراوەیە بەهۆی راکردنیان لە دەستی نازییەکان لە فرانکفورتەوە بۆ نیویۆرک گوازرابۆوە). بنیامین هەوڵیدا لە دەستی رژێمی ڤیشی فەرەنسی رابکات و بڕواتە ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە. کاتێک گەیشتە شاری پۆرتبۆ، لەسەر سنوری فەرەنسا و ئیسپانیا، نەیانهێشت بچێتە نێو ئیسپانیاوە. ئەگەر گەڕابایەوە بۆ فەرەنسا، ئەوا مردنی شتێکی روون و ئاشکرا بوو. رۆژی دواتر، جەستەی مردووی ئەویان دۆزییەوە، پێدەچێت بە حەپی مۆرفین خۆکوژی کردبێت.

بنیامین دەربارەی چەندین بابەتی

جۆراوجۆر، شتی نوسیوە – لە تراژیدیای ئەدەبی و مۆدێرنیتەوە بیگرە، تا دەگاتە پاریس و مێسیانیزم – و چەندین جۆر ستایلی لە نوسیندا بەکارهێناوە، لە وتار و راڤەکردنەوە بیگرە، تا دەگاتە ئەفۆریزم. هونەرمەندان، مێژوونووسان، رەخنەگرانی ئەدەبی و فەیلەسوفان بەهۆی ناوەڕۆک و لایەنە بزوێنەرەکەیەوە، روویان لە تێکستەکانی ئەو کردووە. تیۆریی رەخنەیی ئەو لە روانگەی لێکۆڵینەوەی ئایینی ئەکادیمییەوە، بەشێوەیەکی تایبەت بەهایەکی گەورەی خستۆتەوە، چونکە سەرچاوە و بونیادەکانی ئایین دەباتە ژێر پرسیارەوە. لێرەدا ئێمە سەرنجمان لەسەر چوار کاری تایبەتی ئەو چڕ دەکەینەوە: «رەخنەی توندوتیژی» (1921)، «ئەرکی وەرگێڕ» (1923)، «کاری هونەری لەسەردەمی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی میکانیکیدا» (1936)، و چواندنی فریشتەی مێژوو لە «تێزەکان دەربارەی فەلسەفەی مێژوو» (1940).

لە «رەخنەی توندوتیژی»دا، بنیامین بونیادەکانی یاسا، یان نەبوونی یاسا

تاقیدەکاتەوە. دەڵێت: یاسا ناتوانێت لەسەر پێی خۆی بووەستێت. یاسا هیچ بونیادێکی نییە (نە لە فەرمانی خواییدا، نە لە سروشت، و هتد...). ئەگەر بونیادێکی هەبووبێت، چیتر زەرووری نەبوو توندوتیژی وەک چەکی خۆی هەڵبژێرێت، بۆئەوەی خۆی جێگر بکات و پارێزگاری لەخۆی بکات. سەرباری ئەمە، پەیوەندی ڕەهای یاسا بە توندوتیژییەوە، ئەوە دەخاتەبەرچاو، کە یاسا لەڕاستیدا، بەدەرە لەهەرجۆرە بونیاد و بنەمایەک. ئەگەریش دەشێت بونیادێکی هەبێت، ئەوا لەڕاستیدا ئەو بونیادە تەنها توندوتیژییە. ئەو ئاڕاستە باوەی حەق بە توندوتیژی دەدات لەنێو سیستەمی یاساییدا، ئەگەر لەسەر بنەمای «ئامانج، حەق بە ئامراز دەدات»ی توندوتیژی یاسایی (کە لەلایەن یاساوە جێبەجێدەکرێت و بەردەوامدەبێت) وەستابێت، ئەوا سەرنجی ئێمە لەم ڕاستییە – واتە بێ بونیادبوونی یاسا، یان توندوتیژی – هەبوونی بونیادی یاسا – دووردەخاتەوە، ئەگەر ئامانج لەسەر حەقە، کەواتە ئامرازێکی توندوتیژیش بۆ گەیشتن بەو

ئامانجە بە زەروورى دەردەکەوێت. بەمجۆرە بنیامین دەڵێت: نەیانهێشتووە بپرسین، چ شتێک دەتوانێت زەروورەتــى یاسایی، واتە بەهرەمەندبوونى یاسا لە بونیادێکى پتەو، ئاشکرا و دیاربخات؟ خودى یاسا بەس نییە، یاسا ناتوانێت لەسەرپێى خۆى، یان لەسەر بنەماى خۆى دابمەزرێت. یاسا دەبێت لەسەر توندوتیژى بووەستێت، تاوەکو خۆى پتەو و جێگیربکات، درێژە بەمانەوەى بدات. توندوتیژى لەجێگاى بونیادەکانى یاسا دانیشتووە،

لە «پەیامى وەرگێڕ»دا (کە پێشەکییەکە بۆ وەرگێڕانى شیعرى «تابلۆى پاریسى» بودلێر لەلایەن خودى بنیامینەوە)، بنیامین هەمان ئەو پرسیارانە بەشێوازێکى دیکە دەربارەى سەرچاوەو بونیادەکان زیتدەکاتەوە، خەریکى هەڵسەنگاندنى پەیوەندى نێوان بەرهەمى ئەدەبى رەسەن و «ژیانى دواى مەرگ» ى خۆى لە وەرگێڕاندا دەبێت. چ شتێک خەریکە وەردەگێڕدرێت؟ بە وردبوونەوە لەوەى هەر بەرهەمێکى ئەدەبى بەهاى وەرگێڕانى هەیە، تەنها هەبوونى زانیارى گرنگ نییە، بەڵگو

«وەرگێڕ کاتێک دەتوانێت شتێکی قوڵ و نهێنی ئامێز و «شاعیرانە» بەرهەمبهێنێتەوە، کە خۆیشی شاعیرێک بێت». (ل70) وەرگێڕان، ئەو هونەرەیە، کە دەتوانێت بەرهەمی ئەدەبی بگۆڕێت بۆ بەرهەمێکی باشتر لەخۆی. بەرهەمی ئەدەبی، لە وەرگێڕاندا، دەبێتە خاوەن «ژیانی دوای مەرگ»، واتە دەبێتە خاوەنی شتێکی باشتر لەو شتەی پێشتر لەئارادا بووە. وەرگێڕان بریتییە لە «قۆناغێکی ژیانی بەردەوام»، کەواتە بەرهەمی ئەدەبی دەبێت لەگەڵ کاری وەرگێڕدا بمرێت، تاوەکو لە زمانێکی دیکەدا و بەرزتر لەخۆی و وەک بەرهەمێکی هونەری ئەدەبی زیندەگی بکات. هاوکاتیش خودی بەرهەمی ڕەسەن، لەبەرئەوەی کەموکورتە، ناتوانێت بە نهێنییەکی قوڵ بگات، کە هەمیشە هەوڵیداوە پێیبگات، ئەوا مل بۆ وەرگێڕان دەدات. پەیامی وەرگێڕ تەنها ئەوە نییە زانیارییەکانی دەقی ڕەسەن بۆ ئەو کەسانە بگوازێتەوە، کە ناتوانن زمانی دەقە ڕەسەنەکە بزانن، بەڵکو ئەرکەکەی بریتییە لە «دووبارە ئەفراندنەوە»، لەگەڵ ئامانجی

ئازادکردنی دەستەڵاتی شاعیرانەی دەقی ڕەسەن لە زیندانی زمانێکی تایبەتیدا (نەک بە زەرووری زمانێکی نا-جیهانی و ناپەتی). (ل80)

لە کتێبی «شینگێڕیی زیندوو: کارەسات، تازیەداری، پرۆتێست لە ژیانی دوای مەرگی کتێبێکی پیرۆز» دا (2000)، تۆد لینافێلت خەریکی هەڵسەنگاندنی «ژیانی دوای مەرگ»ی کتێبی «تازیەداری ئەرمیا» دەبێت، کە لە «پەیمانی کۆن»دا دەربارەی وێرانبوونی ئۆرشەلیم دەدوێت بەدەستی بابلییەکان، هەروەها باس لەوەدەکات، کە تێگەیشتنی بنیامین لە وەرگێڕاندا چ دەستەڵاتێکی لە لێکۆڵینەوەی مێژووی تەفسیرکردنی ئینجیلیدا هەیە. ئەو نیشانیدەدات، کە چۆن دەقی ڕەسەن «تازیەداری»، بەتایبەت هاواری قوڵی ئازارچەشتن و هەستنەکردن بە وەڵامدانەوەی یەزدانی، ئەوا مل بۆ وەرگێڕان، یان ژیانی دوای مەرگ دەدات. لینافێلت، ئەو وەرگێڕان و تەفسیر و شیعر و چیرۆکانەی دوای «کتێبی تازیەداری» نوسراون و وەکو ژیانی دوای

مەرگی ئەو کتێبەن، ناودەنێت ئەدەبیاتی مانەوە و بەردەوامی (یان «سەرو-ژیان» یاخود «ئەودیو ژیان»)، ئەم ئەدەبیاتی مانەوەیە هەوڵدەدات – بە ناچاری ناتوانێت – هاواری ئازارچەشتن دووبارە بئافرێنێتەوە و ئازاد بکات، کە لە دەقی رەسەندا بوونی هەیە.

ئەو وتارەی بنیامین لە ساڵی (1936)دا نوسی، واتە «بەرهەمی هونەری لەسەردەمی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی میکانیکیدا»، دەیەوێت سەرچاوەی بەرهەمی هونەری پەیوەند بە قۆناغە مێژووییەکەی هەڵبسەنگێنێت، کە بە باوەڕی بنیامین لە مێژووی هونەردا بە رادیکاڵیی قۆناغێکی تازەیە و بەرهەمی مێتۆدەکانی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ئاپۆرەیە. ئەوەی لێرەدا گرنگە بریتییە لە کۆنسێپتی «رەسەنێتی»، روانگەی بنیامین بۆ رەسەنێتی، دەگەڕێتەوە بۆ هەبوونێکی بێ هاوتای بەرهەمی رەسەنی هونەری لە کات و شوێندا، واتە لێرەدا چۆن دەشێت «گەواهییە مێژووییەکانی دیکە» لەئارادابن. (ل220). ئەو شتەی مەحاڵە دووبارە بەرهەمبێتەوە، بریتییە لە

جەوهەر، یان «ئەدگار» ێکی بەرهەمی هونەری. هەر ئەم جەوهەر، یان ئەدگارەیە، کە بەرهەمی رەسەنی هونەری لەوبەری ئێمەوە دادەنێت و لە پەیوەندیدا لەگەڵ ئێمە دەبێتە خاوەن ئەویدییەکی مێژوویی. دووبارە بەرهەمهێنانەوەی میکانیکی لەلایەن ئـارەزووەوە پاڵدەنرێت و ئەم مەودا و بـەرانبـەرییە کـەمـتـردەکـات، «بـۆ ئـەوەی ئۆبژە بەهۆی لێکچوونەکەی، بەهۆی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی، لە نزیکترین خاڵ ( لەئێمەوە) دابنێت». (ل223). ئێستا لەگەڵ هەر دووبارە بەرهـەمـهێـنـانـەوەیەکدا، ئـەدگـاری بەرهەمی رەسـەن لاواز و لاوازتـر دەبێت، لەبەرئەوەی «تەکنیکی دووبـارە بەرهەمهێنانەوە، ئۆبژەی دووبــارە بـەرهـەمـهـاتـوو لـە ژێـر هـەیمەنەی ترادیسیۆن دەردەهێنێت» و ئۆبژە لە پێگە رەسـەنـەکـەی دادەبـڕێـت و نـامـۆی دەکـات، لـەم رووەوە، فرەیی نوسخە کۆپیکراوەکان دەکـاتـە جـێـگـرەوەی لـێـرەبـوونـی بـێ هـاوتـا (ل221). دووبـارە بەرهەمهێنانەوە، تەنانەت ئـەو کـاتـەی بەرهەمێکی رەسـەن لـە کـات و شوێنە مێژووییەکەی لە ریشەوە دەردەهێنێت

(کات و شوێنی مێژوویی هەمان ئەو شتەیە، ئەدگار بەبەرهەمی رەسەن دەبەخشێت)، ئەوا وابەستەیە بە ئەدگاری بەرهەمێکی رەسەنەوە، کەواتە دووبارە بەرهەمهێنانەوە – بتەوێت یان نا – ئەدگاری بەرهەمی رەسەنی هونەری لەنێو دەبات، ئەوا سیمولاسیۆنێک (شێوەسازییەک) دەکاتە جێگرەوەی – پاشان ژان بۆدریار پەرەی بەم بابەتە دا.

بنیامین زیاتر لەمەش دەڕوات و دەڵێت ئەدگاری بەرهەمی هونەری، ریشەکەی لەنێو ترادیسیۆندا هەیەو بەندە لەسەر سروتەکانی نەریت. بنیامین جەختدەکاتەوە، کە سروت، بەها – سوودمەندی یەکەم و سەرەکی بەرهەمی هونەری بووە. ماوەیەکی زۆر بەر لەوەی جوانی، یان هەر ئەزموونێکی ئێستێتیکیانەی دیکە، ئامانجی هونەرمەندبێت و ماوەیەکی زۆر بەر لە بزووتنەوەی «هونەر بۆ هونەر»، بەرهەمی هونەری بۆ بەکارهێنان لەنێو سروتی ئایینیدا چێدەکرا. هەرئەوەی هونەرمەندان هێواش هێواش لەگەڵ ئامانجی نمایشکردنی گشتی بەرهەم

(نەک سوودمەندی سروتی) دەستیان بە دروستکردنی بەرهەمکرد، ئەوا بەرهەمی هونەری لە ریشە ئایینییەکانی دابڕێنرا. بنیامین دەڵێت، سەرباری ئەمە، تا سەردەمی نوێی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی میکانیکی، ریشە ئایینییەکان هێشتا بە توندی بە بەرهەمی هونەرییەوە بەسترابوونەوە.

لەم قۆناغە مێژووییەدایە، ئێمە شایەتی ئەوەین بۆ یەکەمینجار بە رادیکاڵی بەرهەمی هونەری لە «وابەستەیی مشەخۆریی لەسەر سروت» «رزگاری» دەبێت. (ل224). لەم سەردەمە نوێیەدا، هونەرمەندان وردە وردە بە مەبەستی دووبارە بەرهەمهێنان، بەرهەمی هونەری دەئافرێنن. بەرهەمی رەسەن بۆ ئەوە بەرهەمدێت، کە دووبارە بەرهەمبێتەوە. بەرهەمهێنانەوەی بەرهەمی هونەری هێندە گرنگی پەیدادەکات، کە دەگۆڕێت بۆ ئەویدیکەبوونی چۆنێتییەکی جەوهەری هونەر: ریشە رەسەنەکانی هونەر لە کردەی سروت ئاسا و ئایین جیابووتەوە و ئامادەیی ئەوەی تێدایە بکەوێتە خزمەتی کردەیەکی تەواو نوێوە، واتە سیاسەت. بنیامین

فیلم وەک خزمەتکارترین نموونەی ئەم فۆرمە نوێیەی هونەری بەرهەمهێنانەوە دەبینێت. فیلم هێزی ئەوەی هەیە «جەماوەر مۆبلیزە بکات» ، (ل240) ئینجا ئامانجی ناسیۆنالیزم بێت یان شۆڕش، چ ئامانجەکەی ستایشکردنی رەوشی باو بێت، یان دژایەتیکردنی رەوشەکە. فیلم هاوکات دەستەڵاتی بەدوو رێگەوە بەدەستدەهێنێت: یەکێکیان بە پەرتکردنی هەستی بینەران (بیانخاتە نێو دۆخێکی گێژەوە)، دووەم بە دووبارە-شێوەگیرکردنی جیهانبینی و تێگەیشتنی ئەوان بۆ واقیعییەت.

لەیادمان بێت بنیامین وتاری «بەرهەمی هونەری لە سەردەمی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی میکانیکیدا»ی لە ساڵی (1936) و لە سەردەمی دەرکەوتنی نازیزمدا نوسیوە -نازیزم بزووتنەوەیەک بوو پسپۆڕییەکی تایبەتی لە هونەر و پڕوپاگەندەی سیاسییدا هەبوو- بیر لە پۆستەرە گرافیکییە زۆرەکانی نازییەکان و فیلمە ناسیۆنالیستییەکانی وەکو «سەرکەوتنی ئیرادە» بکەنەوە، کە نازییەکان ئەم فیلمەیان لە ساڵی (1934) لە نۆرمبێرگ بەرهەمهێنا بۆ

وەسفکردنی خۆیان. وتارەکەی بنیامین چەندین پرسیاری نوێی لە دەستپێکی سەدەی بیست و یەکدا بەدوای خۆیدا هێنا. ئێستا ئەگەر ئێمە ئەرگومێنتەکەی بنیامین قبووڵبکەین، دەبێت لە خۆمان بپرسین، هونەر لە سەردەمی نوێی ئێمەدا، کە سەردەمی «بەرهەمهێنانەوەی دیجیتاڵی»یە، بەردەوامی و درێژەدان بە هەمان سەردەمی سۆڕشگێڕی بەرهەمهێنانەوەی میکانیکییە، کە بنیامین باسیدەکات، یان لەو سەردەمە زیاتر دەڕوات و ئەو سەردەمەی پێشوو لادەبات؟

برێنت پلەیت، توێژەری ئایینی و توێژەری کولتووری وێنەیی لە کتێبی «والتەر بنیامین، ئایین و ئێستێتیک»دا، دەگەڕێتەوە بۆ وتاری «بەرهەمی هونەری» بنیامین و نوسینەکانی دیکەی، تاوەکو نیشانیبدات، بۆچی لێکۆڵینەوەی هونەری ئایینی لە ئاڕاستەی ڕۆشنبیرانە و بیرمەندانەی ئەو جیابووەتەوە، بەرەو کردە ماتریالییەکانی بەرهەمهێنان و تێگەیشتنی هونەری ڕۆیشتووە. پلەیت دەڵێت خودی ئایین بەند نییە لەسەر ئایدیا و ڕێبازەکان، بەڵکو بەندە

لەسەر ئۆپەراسیۆنی جەستەیی و پەیکەربەندی هەستەکان. ئایین لە بنەڕەتدا ئێستێتیکییە، واتە (بەرانبەر بە وشەی سەرەکی گریکی ئەم زاراوەیە، واتە »ئێستێتیکۆس« هەستکردن).

بەوجۆرەی لە پێشەوە باسکرا، بنیامین تەنها بەهۆی وتارەکانییەوە نەناسرابوو، بەڵکو بەهۆی نوسراوە ئەفۆریستییەکانیشییەوە ناوبانگی دەرکردووە. کتێبەکەی «چەند تێزێک دەربارەی فەلسەفەی مێژوو» (لە ساڵی (1940) نوسرا، بەڵام تا ساڵی (1950) بڵاونەکرایەوە»، زنجیرەیەکی کورت و بەربڵاوی رامانەکانی ئەوە دەربارەی توێژینەوەی مێژوو، مێژوونووسی، پەیوەندی ئێستا بە رابوردووەوە، ئارەزووکردن بۆ سەرچاوە بزربووەکان و ئایدیای پێشکەوتنی مێژوویی. ناسراوترین «تێز»ەکەی، بریتییە لە تێزی نۆیەم، چواندنێکە دەربارەی «فریشتەی مێژوو». ئەم چواندنە ئیلهامبەخشە لەلایەن پاول کلەوە بە ناونیشانی «فریشتەی نوێ» دروستکراوە، لەم وێنەیەدا فریشتیەک دەرکەوتووە، کە بەرەو دواوە دەفڕێت، باڵەکانی

کردوونەتەوە و بە مەبەستەوە و بە نیگایەکی زەقەوە سەیری ئەو شتەدەکات، کە دەیەوێت لێی دووربکەوێتەوە. بنیامین رادەمێنێت «ئەمە هەمان ئەو شتەیە، کە دەتوانین پێیبڵێین وێنەی فریشتەی مێژوو». (ل257). فریشتەی مێژوو، وەکو مێژوونووسێک، لەو کاتەی سەفەر دەکات و دووردەکەوێتەوە، نیگایەک ئاڕاستەی دواوە دەکات و رووخساری بەرەو رابوردوو وەرچەرخاندووە. ئەو دەیەوێت لە دواوە، بەرەو داهاتوو بفڕێت. لەکاتێکدا ئێمە خوومان بەوەوە گرتووە، رابوردوو وەک زنجیرەیەک رووداو سەیر بکەین، کە رابوردوو بە داهاتووەوە دەبەستنەوە. ئەو فریشتەیەش لە «کارەساتێکی سینگولار دەڕوانێت، کە بەردەوام وێرانی بەدوای وێرانیدا دەهێنێت و دەیخاتە ژێر پێیەوە. ئەم فریشتەیە دەیەوێت بۆ دواوە بڕوات و «گشتێتییەک لەو شتەوە دروستبکات، کە تێکشکاوە». (ل257) بەڵام تۆفانێک لەلای بەهەشتەوە هەڵدەکات (واتا، لە دەستپێکی مێژووەوە) و «باڵەکانی فریشتەکە

بە توندوتیژییەکی زۆرەوە گرفتاردەکات، کە فریشتەکە ناتوانێت لەو [وێرانیانە] نزیک بکەوێتەوە». (ل258). هەر ئەو تۆفانەی فریشتەکە لەو کاتەدا بۆ دواوە پاڵدەنێت و فریشتەش بەرەو لای داهاتوو راپێچ دەکرێت، وێرانییەکانی رابوردوو بەدیدی فریشتەکە گەورەتر و گەورتر دەبنەوە. بنیامین دەڵێت «ئەم تۆفانە»، هەر ئەو شتەیە، کە ئێمە پێیدەڵێین «پێشکەوتن». (ل258).

**سەرچاوەی ئەم وەرگێڕانە**

William E.Deal and Timothy K.Beal: THEORY FOR RELIGIOUS STUDIES, ROUTLEDGE New York • London, 2005, pp.4448–.

**سەرچاوەکانی نووسەر**

Further Reading

By Benjamin

“Critique of Violence.” In Reflections, edited by Peter Demetz and translated by Edmund Jephcott.

New York: Harcourt Brace Jovanovich, 1978.
❉"The Task of the Translator." In Illuminations, edited by Hannah Arendt and translated by Harry Zohn, New York: Harcourt, Brace and World, 1968.
❉"The Work of Art in the Age of Mechanical Reproduction." In Illuminations, edited by Hannah Arendt and translated by Harry Zohn. New York: Harcourt, Brace and World, 1968.
"Theses on the Philosophy of History." In Illuminations, edited by Hannah Arendt and translated by Harry Zohn New York: Harcourt, Brace and World, 1968.
The Origin of German Tragic Drama. Translated by John Osborne. London: Verso, 1977.
The Correspondence of Walter Benjamin and Gershom Scholem, 1932 1940. Translated by Gary Smith and André Lefevere. New York: Schocken, 1989.
About Benjamin
Alter, Robert. Necessary Angels: Traditions and Modernity in Kafka, Benjamin and Scholem.

Cambridge: Harvard University Press, 1991.
Britt, Brian M. Walter Benjamin and the Bible. New York: Continuum, 1996.
Davis, Charles. “Walter Benjamin, the Mystical Materialist.” In Truth and Compassion, edited by H.Joseph, J.N.Lightstone, and M.D.Oppenheim. Waterloo: Wilfrid Laurier University Press,1983.
⁕Handelman, Susan A. Fragments of Redemption: Jewish Thought and Literary Theory in Benjamin, Scholem, and Levinas. Bloomington: Indiana University Press, 1991.
Arendt Hannah. “Introduction” In Illuminations, edited by Hannah Arendt and translated by Harry Zohn. New York: Harcourt, Brace and World, 1968.
Linafelt, Tod. Surviving Lamentations: Catastrophe, Lament, and Protest in the Afterlife of a Biblical Book. Chicago: University of Chicago Press, 2000.
⁕Plate, S.Brent. Walter Benjamin, Religion, and Aesthetics: Rethinking Religion through the Arts. New York and London: Roudedge, 2004.

Wohfarth, Irving. “On Some Jewish Motifs in Benjamin.” In The Problems of Modernity: Adorno and Benjamin, edited by Andrew Benjamin. London and New York: Roudedge, 1989.

# مێژوو وەك سەكۆی شانۆ
# دەربارەی پەیوەندی
# بنیامین و برێخت

وەرگێڕانی: پێشڕەو محەمەد

برێخت و بنیامین، وەک مایکۆفسکی و فۆرمالیستە رووسەکان، یەکێکبوون لەدوانە کلاسیکییە ئەدەبییەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی سۆسیالیستی. پەیوەندیی نێوانیان، کە ماوەیەکی زۆر بوو بە شاراوەیی مابووەوە، لە ساڵی (1966)دا لەگەڵ بڵاوکردنەوەی نووسینەکانی بنیامین دەربارەی برێخت ئاشکرابوو. والتەر بنیامین، بیرمەند و ئەدیبێکی عەجیب و غەریب و نەناسراو بوو. ئەو لە ساڵی 1892دا لە خێزانێکی خۆشگوزەرانی جولەکەی ئەڵمانی لەدایکبوو، لە ماوەی کورتی ژیانیدا بە گەلێک گۆڕانکاریی ئاڵۆز و سەیروسەمەردا تێپەڕی، هەر لە لابردنی چوارچێوە و عادەتەکانی بیرکردنەوەی عیرفانییانەی خۆیەوە، تاکو مەیل و ئاڕاستەی بەرەو مارکسیزم و پتەوکردن و پڕکردنی کاتیگۆرییەکانی.

فۆرمە رەقە زەینییەکەی و تایبەتمەندییە ئەخلاقی و عاتیفییەکانی، بووبوونە کۆسپ و تەگەرە، لەبەردەم گەیشتنی ئەو بە پلەوپایەی ئەکادیمی. مامۆستایان و کاربەدەستە دەسەڵاتدارەکانی زانکۆ نامەی دکتۆراکەیان

(دەربارەی سەرچاوەکانی تراژیدیای ئەڵمانی) بەهۆی ناقابیلی دەرک و تێگەیشتنەوە، قبوڵنەکرد و ڕەتیانکردەوە، بەڵام ئەمە تەنها ئەو کێشەیە نەبوو، کە لەبەردەمیدا بوو. بنیامین بە خەسڵەتە تایبەتییە بێ ماسکەکەی خۆی، لە کاردانەوەدا بەڕووی ئەم کارە، بابەتەکەی بردە لای یۆهانس فۆلکێلت– یەکێک لە مامۆستایانی فەرمیی جوانیناسی (ئێستاتیکا) لە ئەکادیمیای ئەڵمانیدا –؛ سەرەنجام بێبەشکرا لە گەیشتن بە کارێکی گەرەنتی و دڵنیاکەرەوە، بوو بە ئەدیبێکی گەڕۆک و ژیانی ڕۆشنبیریی کرێکارئاسایەکی دەستپێکرد، بەو جۆرەی لە نوسینەکەی خۆیدا بەناوی نوسەر، وەک بەرهەمهێنەر باسی لەمە کردووە. کێشەیە بتوانین بڵێین، ئەگەر گەیشتبا بە پلەوپایەیەکی زانکۆیی، بیرکردنەوەی بە چ ئاڕاستەیەکدا دەڕۆیشت، و چ ڕێگەیەکی تاقیدەکردەوە. بەو زانیارییەی دەربارەی ئەو هەمە و ئەوەی ڕوویداوە، دەکرێت بڵێین زۆرێک لە ئایدیا مارکسیستییەکانی ئەو، سەر بەو ڕۆژگارەیە، کە هێشتا داهاتوویەکی دیار بۆ پیشەکەی ئاسۆیەکی ڕوونی نییە. چارەنووس

وابوو دۆخی ئابوریی ناجێگیر و پڕ لە مەترسی ئەو، سەرنج و مەیلی بەلای مارکسیزمدا راکێشا. لەو رووەوە بیرکردنەوەی ئەو چووە نێو کۆمۆنیزمەوە.

لە دەیەی بیست و سەرەتاکانی دەیەی سیدا، ئاسیە لاسیس دەرهێنەری کۆمۆنیستیی شانۆ، کە بنیامین لە ساڵی (1923)دا لە کۆپری ئەوی بینیبوو، بنیامینی بە برێخت ناساند و بووە هۆی یەکترناسینی ئەم دووانە. بنیامین لە دەیەی سیدا بەشێوەیەکی رێک و بەردەوام لەگەڵ برێختدا یەکتریان دەبینی و لە سەردەمی دوورخرانەوەیدا لە دانیمارک، ماوەیەکی زۆر لای ئەو مایەوە. لەمیانەی ئەو دەیەدا، واتە لە (1930) دا تاکو (1939)، لە کاردانەوەدا بەڕووی سەرهەڵدان و سەرکەوتنی فاشیزم [لە ئەڵمانیا]، بنیامین سەرقاڵی نوسینی کتێبی تێگەیشتن لە برێخت بوو؛ بەدبەختتر لە برێخت (بەخت هەرگیز یار و یاوەری ئەو نەبوو!) کاتی راکردن لەدەستی راوەدوونانی سەربازانی گشتاپۆ، لەکاتێکدا کە دەیویست وڵاتەکەی لە سنووری نێوان ئیسپانیا و فەرەنسادا بەجێبێڵێت، لە (1940)دا خۆی کوشت.

بەرهەمە نوسراوەکانی بنیامین بەگشتی لە فۆرمی وتار، کۆتەیشن و ئەفۆریزمدا نوسراون، تەنانەت لە نامەی دکتۆراکەیشیدا زیاتر لە رامانی فەلسەفی [دەچێت] نەک شەرح و تەفسیرێکی ئەرگومێنتاری و میتۆدێک. نزیکی و هاوڕێیەتیکردنی برێخت لەگەڵ بنیامیندا، لەوانەیە وەک شتێکی عەجیب و غەریب سەیربکرێت، نەک بۆ نموونە، هاوڕێیەتی برێخت لەگەڵ کەسایەتیی سیاسیی و بەرپرسیارتری وەک گیۆرگ لۆکاچ، بەڵام برێخت و لۆکاچ بەرەوڕوو یەکتریان نەبینی. هۆکاری ئەم نزیکنەبوونەوەی ئەوان رەنگە لەوەدا بووبێت، کە دژایەتی هونەری ئەزموونیی سەدەی بیستەمی دەکرد بەو هۆیەوەی، کە هیچ جۆرە قوڵبوونەوە و گشتێتییەکی نییە. برێخت سوودمەند بوو لە خەسڵەتە پڕجوڵەکەی بۆ گەیشتن بەو شتەی بەلای ئەوەوە گرنگ، تەنانەت لە نێوان وردەواڵەکان و شتە لاوەکییەکانیشدا [بەڕواڵەت هیچ گرنگییەکیان نەبوو] لەگەڵ بنیامیندا کۆک بوو، هاوبەشییەکی زیاتری لەگەڵ ئەودا هەبوو، لەم رووەوە [وەک بنیامین] جەوهەر

و سروشتی بەگشتی کەرت کەرت و شکاوی هونەرو ئەدەبیاتی مۆدێرنی قبوڵکردبوو. بنیامین کۆکەرەوە (collector) و عەنتیکەناس (antiquarian)یێکی سەیر و سەمەرە بوو، پیادەڕەو بینەرێکی سەوداگەرا(passionate) ی شارەکان، ئەو کەسەی دەیتوانی مێژوو و پێشینە کولتوورییەکان لە گۆشە و کەنارەکان و لەنێو وردەواڵە و شتە لەکارکەوتووەکانەوە دەربهێنێت.

پوختەی یادەوەرییە رۆژانەییەکان لەژێر ناوی «گفتوگۆ لەگەڵ برێخت»دا، کە دوابەشی کتێبی تێگەیشتن لە برێخت پێکدەهێنێت، برێخت وەک «پێدەر» و بنیامین وەک «وەرگر» دەردەخات. ئەمە بێگومان لەڕووی سایکۆلۆژییەوە حەقیقەتێکی لەپشتەوەیە. هاوڕێ کۆنە جولەکەکەی بنیامین بەناوی گێرشەم شولەم دەنووسێت: «برێخت بە سروشتە رەق و نەگۆڕەکەی خۆی کاریگەرییەکی قوڵی لەسەر بنیامین هەبوو، کە خویەکی هەستیاری هەبوو هیچ توانایەکی جەستەیی و هێزێکی وەهای نەبوو».

پەیوەندیی ئەم دووانە لەڕووی فیکرییەوە، بێگومان ئاڵۆزتر و دووئاڕاستە بوو. بۆ نموونە، نیشانەگەلێک هەن بریتین لەوەی ئایدیا و چەمکی «شانۆی ئێپیک[حەماسی]» لە زەینی هەردووکیاندا، بەرلەوەی یەکتری ببینن، هەبووە.

ئەم پوختەی یادەوەرییانە (کە هەرگیز هۆ و مەبەستێک بۆ بڵاوکردنەوەیان بوونی نەبووە) زۆر گرنگن، چونکە فەزای راستەوخۆی گفتوگۆکانی ئەم دوو کەسە بەدەستەوەدەدات، [هەروەها] شێواز و قاڵبی زەینی، شێوازی قسەکردن، حەز و ئارەزوویان بۆ وێنە [ئیماژ]، تەمسیل، ئاماژە، ئەفۆریزم، هەروەها هەموو ئەو شتانەی دەکرێت بە شێوەیەکی جودا و دابڕاو لە بەرهەمە نوسراوەکانی ئەو دووانەدا بیانبینینەوە. لەگەڵ ئەوەی بنیامین بیرمەندێکی زیاتر میتافۆریکەڵ بوو، شتێک لە برێختەوە فێربوو، کە هاوبیرەکانی پێشووتری ئەو، لە گێرشەم شولەمەوە، تاکو تیۆدۆر ئادۆرنۆ، وەک شتێکی زیانبار لەمەیان دەڕوانی و داخ و کەسەریان دەرهەق بەوە دەخوارد: «بیرکردنەوەی خاو» (Plumpes Denken)؛

هەرچۆنێک بێت، بیرکردنەوە پێویستی بەوە هەیە خۆی سادە بکاتەوە، بەرلەوەی بکرێت پراکتیک بکرێت خۆی لە فۆرمی مەسەلە گشتییە بنچینەییەکاندا دروستبکات و رەنگبداتەوە.

بنیامین لە ریزی گروپێک لەو بیرمەندانەدا بوو، کە لە ساڵەکانی بەر لە جەنگی یەکەمی جیهاندا، کەوتنە دژایەتیکردنی نەزۆکبوونی زماننناسی گوتارە زانکۆییەکانی ئەڵمانیا. ئەم بیرمەندانە بە شێوەیەکی دیکە بڕیارياندا، تاکو گیانێکی تازە بە تایبەتمەندییە واتاناسی و میتافۆرییەکانی خودی زمان ببەخشن، چەمکەکان کەشفبکەن و بەهایان پێبدەن. مارکسیزم سوودی لەو نەوەیە و بەرهەمە نوسراوەکانی بیرمەندانێکی وەک بنیامین، بلوخ، و ئادۆرنۆ وەرگرت. هەڵبەت دەبێت بڵێین ئەگەر لەگەڵ تێگەیشتنە باوە ماتریالیستییەکاندا، لەگەڵ ئەوانەدا رووبەرووببینەوە، ئەوا سوودێکی وەها لەم مارکسیستانە وەرناگرین [واتا ئەو بیرمەندانە چوونەتە دەرەوەی تێگەیشتنی باو و عامیانە بۆ تەفسیرکردنی ماتریالیزم، وەرگێڕ] لێرەدا بە ڕەچاوکردنی ئەم شیعرە، دەبێت پشت

بەم قسەیەی گۆتە ببەستین، کە وتی:

بۆ تێگەیشتن لە شاعیر
دەبێت بچیتە نیشتمانی ئەوەوە
Wer den Dichter will yerstehen]
.[Muss in Dichrers Larule gehen

و لەگەڵ بنیامیندا، ئەمە شاعیر – واتە برێخت – بوو، کە توانی رەگ و ریشەی ماتریالیستیی رەخنەگر بێنێتە بوونەوە.

**حەکیمی مۆدێرن**

لە راستیدا، بەگشتیی، دوو شت، یان خەسڵەت بنیامین و برێختی بەیەکەوە دەبەستەوە: یەکێکیان دەسەڵاتی وێناکردنی مێژوویی و ئەویدیکەیان لێکچوون [هەستکردن]ی مرۆڤگەرایی. ئەوانیش وەک گرامشی بە رەشبینییەکی قوڵی مێژووییەوە جیاوازییان هەبوو لەگەڵ بزووتنەوەی فۆرماڵی کۆمۆنیستیی دەیەی سی، [ئەو بزووتنەوەیەی] تیایدا، لەگەڵ فۆرمولەکەی رۆمەن رۆلاندا («رەشبینیی فیکری، گەشبینیی ئیرادە») تۆوی ئومێدیان چاند و لەسەر ئەو بنەمایە،

تێگەیشتنی دیالەکتیکی رابـردوو، داهاتوویان دامــەزرانــد. بــەدیدی گرامشـیی رەشبینیی ئەوان [بزووتنەوە کۆمۆنیستییەکان] لەئاکامی سەرکەوتنی فاشیزمەوە بوو. وادەردەکـەوت ئەڵمانیا بەرەو ئیمپراتۆرییەتە هەزارساڵەکەی هەنگاوی هەڵێنابوو. سەرەڕای ئەمەش، کەوتنی سۆسیالیزم لە یەکێتیی سۆڤیێتی[یش]دا ئەم مەیل و ئاڕاستە ئومێدەوارانەیان بۆ زەمەن و سەردەمی ئێستا لەگۆڕنابوو.

بەڵام ئەم رەشبینییە، ستراتیژییانە بوو، بۆ ئـەوە دیزاین کرابوو، تاکو ئومێدی بـەدواوە بێت، نـەک بەهۆی سەرکەوتنەکانیان، یاخود ئـەو گـەڕانـەوانـەی قابیلی پێشبینیی بەخت و شانسێکی یارمەتیدەر بـوون، بەڵکو بەهۆی مـانـەوەی مرۆڤایەتییەوە بـوو. ئەمە هێشتا سەردەمی چەکە ئەتۆمی و ناوکییەکان نەبوو، بەڵام، برێخت پەیامبەرئاسا کەوتە قسەکردن و رایگەیاند:

ئەوان بەرنامەڕێژیان بۆ سی ساڵ کردووە...
ئەوان دەیانەوێت هەموو شتێک لەناوبەرن. هەر خانەیەکی زیندوو لەنێو تەقینەوەی مەرگەسات

و وێرانکەرانەیاندا لەنێودەچێت...منداڵی هێشتا لەدایکنەبوو لەنێو ڕەحمی دایکدا ئیفلیج و لەناودەبەن.

بنیامین دەسەڵاتێکی لەنێو بوونی هاوڕێکەیدا کەشفکرد، کە لەنێو قوڵایی مێژووەوە دەخرۆشا و کەمتریش نەبوو لە هێز و دەسەڵاتی فاشیستەکان.

برێخت و بنیامین، لەڕووی جیۆلۆجییەوە، لەنێو هەزارەی سەردەمی نوێی تاریکی و سەهۆڵبەنداندا بیریاندەکردەوە. ئەوان گەشبینییان لای کۆنترین مامۆستایانی مرۆڤایەتی دۆزییەوە. «ناخۆشییەکان کۆتاییان پێدێت!» ئەمە ئەو پرەنسیپەیە لە [ئامۆژگارییەکانی] حەکیمێکی چینی وەرگیراوە، کە برێخت لە پارچە شیعرێک بەناوی «ئەفسانەی سەرچاوەی کتێبی دائۆ دە جینگ دەربارەی لائۆ تزۆ لە مەنفادا» هێناویەتی و بنیامینیش دەستدەکات بە تەفسیرکردنی: «ئەم شیعرە کاتێک دەگات بە ئێمە، کە ئەمجۆرە زاراوە و دەستەواژانە، وەک ئەو وشانە لە گوێی مرۆڤدا دەنگدەدەنەوە، کە شتێکیان بۆ چوونەژێرباری بەڵێنەکانی مەسیح

نییە. سەرەڕای هەموو ئەمانە، ئەم شیعرە بۆ خوێنەری ئەمڕۆ هەر تەنها بەڵێنێکی پێنییە، بەڵکو وانەیەکیشی بۆ ئەو پێیە:

... ئەو ئاوە نەرمەی ئارام نابێتەوە

لەبەردەستی گرانیت و بەردی نەقاڕدا، زووتر ڕام دەبێت.

بنیامین دەریدەخات، کە وەستان لەڕیزێکدا و یەکگرتن لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، کە وەک ئاوێکی «هەستپێنەکراو، ئارام، و ماندوونەناسانە» وان، مرۆڤ دەخاتەوە بیری ئایدیالی ستەملێکراوان و زیانبەرکەوتووەکان. بەو جۆرەی لە «تێزی شەشەمدا دەربارەی چەمکی مێژوو» (لەکتێبی رۆشنایییەکاندا) دەنوسێت:

تەنها مێژوونووس ئەو بەخششەی هەیە، کە پڕیشکی ئومێدی رابردوو هەڵبکاتەوە، ئەو کەسێکە تەواو دڵنیایە لەوەی لەساتی سەرکەوتنی دوژمندا، تەنانەت مردوانیش لەئاماندا نابن. تا دەگات بەمڕۆ، دوژمن کەسێک نەبووە، جگە لە سەرکەوتوو و داگیرکەران.

مێژوو هەمیشە بۆ ئەو مەیدان و شانۆیەکی ئامادەبووە، هەرگیز نەوەک (بەوجۆرەی لۆکاچ

بیری لێدەکردەوە) تەنها «پێشمەرجی ئێستا» [بووبێت]. دەبێت دووبارە خەباتەکانی رابردوو سەرهەڵبدەنەوە، ئەگەرنا رەنگە بۆ هەمیشە فەرامۆشبکرێن. بنیامین، تێزەکەی خۆی لەسەر شیکردنەوەی شیعری لائۆ تزۆی برێختدا بونیاد دەنێت، لێرەدا «پڕیشکی ئومێدی رابردوو» ئەو هاوڕێیەتییە زووتێپەڕە لەقەیە لەنێوان حەکیم و ئەو خو و عادەتە باوانەی، کە لە عەقڵی لائۆ تزۆوە لەدایکبووە. هاوڕێیەتییەکی ئاوایە «بەرنامەی لانیکەمی مرۆڤایەتی»ی برێخت و بنیامین دادەمەزرێنێت؛ و بنیامین تەفسیرەکەی خۆی بە حوکمێکی حەکیمانەی وەهاوە بەکۆتا دەگەیەنێت: «هەر کەسێک بیەوێت پاشەکشێ بە شتە سەخت و قورسەکان پێبکات، نابێت دەرفەت بۆ هاوڕێیەتی لەدەستبدات».

لە کۆتایی گفتوگۆکاندا، بنیامین پرەنسیپە برێختییەکە دەگوازێتەوە: «لە شتە بەدە تازەکانەوە دەستپێبکە، نەوەک لە شتە باشە کۆنەکانەوە». ئەمە هەر ئەو دەستەواژەیەیە کە لە وتارەکەی برێختدا دەربارەی لۆکاچ هەیە، برێخت بەهۆی حەزی نەبڕاوە بۆ مامۆستایان

و دانایانی پێشوو «ڕۆژگارانی باش و چاکی ڕابردوو»ی کولتووری بۆرژوازیی، ڕەخنە لە ئەو [مەبەست لۆکاچە] دەگرێت. لۆکاچ، تۆماس مانی نەجیبزادە دەخاتە بەرانبەر کافکای خەیاڵپڵاوی ترسناکی نائومێدییەوە. کارەکەی بنیامین و برێخت لە گفتوگۆکاندا، دەربارەی کافکا مشتومڕ و کێشمەکێشمی لێدەکەوێتەوە. برێخت، بنیامین بە درێژکردنەوە و درێژدادڕیی خۆ-ڕازوڕەمزاویکردن (self-mystifications.)ی کافکا تۆمەتباردەکات. سەرەڕای هەموو ئەمانە، لە شوێنێکی دیکەدا، برێخت کافکا بە بەشێک لەو «دۆکۆمێنتە نائومێد»یانە دەژمێرێت، کە نوسەرە سۆسیالیستەکان بەهۆی ستایل و تەکنیکە داهێنەرە ئەدەبییەکانیانەوە دەتوانن لێیەوە فێرببن.

ئەوەی دەربارەی کافکا «بەد و خراپە»، نائومێدییە؛ و ئەوەی «تازە»یە، تەنها تەکنیکێکی ئەدەبی نییە، بەڵکو فۆرمەکانی دەرککردن و تێگەیشتنی ئەویشە، کە دەبنە هۆی ئاگایی و بەئاگاهاتنەوە. برێخت ڕوانگەی کافکا وەک ڕوانگەی ئەو پیاوە وەسفدەکات کە «لەژێر خولگە و بازنەی وردەبۆرژوازیی»دا دیل

و ئەسیر بووە، کە «ناچارە ئەوانە لەئەستۆ بگرێت»، بەڵام ئەمە وردەبۆرژوازیی نییە بەرەو فاشیزم هەنگاو هەڵدەهێنێت، روو لە پێشەوا، یان رێبەردەکات. ئەو تەنانەت لەژێر خولگەیشدا درێژە بە پرسیارکردنەکانی خۆیدەدات، «ئەو دانایە». بنیامین دەڵێت: ئەمە هەمان «گالی گەی»، [کارەکتەری] پڕ گوڕوتینی برێختە لە شانۆنامەی مرۆڤ مرۆڤەدا، ژێری مرۆیی، «ئەو کەسەی لێدەگەڕێت ناکۆکییەکانی بوون، تەنها لەو شوێنەدا بێنە ناوەوە، کە لە شیکاریی کۆتاییدا، لەوانەیە دووربکەونەوە: واتە ژیانی ئینسان». [بەڵام] پاڵەوانەکانی کافکا لەژێر خولانەوە و خولگەکاندا ورد و خاشدەبن. لەگەڵ ئەمەشدا، ئەوان – لەگەڵ «شڤایک» و «لیۆپۆلد بلوم»دا – ئەو تاکانەن لە ریزی «ئینسانە ژیرەکان»دا [سەر بە] رۆژە «خراپە تازە»کانن. لەگەڵ ئەواندا– قوربانیان و ئاوارەکان و سەرگەردانەکانی کۆمەڵگەی جەماوەرییە، کە برێخت [بەوانەوە] دەستپێدەکات. لێرەدا لۆکاچ ئەدەبیاتی سەدەی بیستەم سەرزەنشت دەکات، بەهۆی ئەوەی ئەو ئەدەبیاتە نەیتوانیوە «کارەکتەرە هاوسەنگەکان» بهێنێتە بوون،

بریخت لە وەڵامدا دەڵێت لەئینسانییەت داماڵین بە ئازادکردنی کۆمەڵانی خەڵک لەنێو ناچێت، بەڵکو بوون بەبەشێک، یان پارچەیەکی ئەوانەوەیە کە [پرۆسەی] بە نائینسانی بوونی [ئینسانەکان] لادەبات. [کەسایەتی]ی نەناسراوی، قوربانیی کافکا (کافکاییبوون)، ئەم وردەبۆرژوازییەی لەژێر خولانەوەدا ماوەتەوە، لە چیرۆکەکەی ئەودایە کە دەگۆڕێت بۆ کارەکتەرو بریختی، واتە «بەڕێز کونەر»ی زیرەک و عاقڵ. بنیامینیش نزیک لەم روانگەیە، دەربارەی «گالی گەی» دەڵێت: «مرۆڤ مرۆڤە؛ و ئەم وەفاداری و پابەندبوونە بە جەوهەری فەردیی کەسێکەوە نییە، بەڵکو ئامادەیی و حزوری هەمیشەیی ئەوە بۆ قبووڵکردنی جەوهەری نوێ». رۆژە «بەدە تازە»کان، کارەکتەر وێراندەکەن و بێ ناوی و بزربوون بەدیدەهێنن. بنیامین و بریخت بە ئینسانە بێ ناو و نەناسراوەکانەوە دەستپێدەکەن، دنەی نەرمی و ناسکی ئەو دەدەن، تاکو «شتە سەخت و دژوارەکان» بەجێبهێڵێت و شوێنەکە چۆڵبکات، بەڵام بەهۆی ئەوەی ترسیان بەرامبەر بە سەردەمێکی تاریکی نوێ هەیە، بیر

له روانگەیەک دەکەنەوە، رادەکێشرێتە ئەودیوی خەباتی چینایەتیی باو، تاکو هەموو خەباتە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤایەتی، بگرێتەوە، ئەویش بەهۆی ئەوەی تایبەتمەندییەکانی وەک فێڵ، تەڵەکە و تەحەمول (endurance) گرنگترە لە پاڵەوانپەرستی. شانۆنامە و شیعری برێخت رێبەرنامە(vademecum)ی ئینسانییە بۆ [ئەم] سەردەمە تاریکە؛ و «پاڵەوانەکان»یشی مرۆڤی داهێنەر و سوعبەتچیی بزر و بێناون.

### شانۆی حەماسی
### (Epic Theater)

شانۆی حەماسیی (داستانی شەڕوشۆڕ) بەرهەمی وێناکردن و خەیاڵی مێژووییە. «پلەیجەریزم» [دزیی ئەدەبی]ی برێخت، واتە نوسینەوەی بەرهەمەکانی شکسپیر و مارلۆ لەلایەن ئەوەوە، ئەزموونگەلێکن دەربارەی ئەوەی ئایا رووداوە مێژووییەکان و تەفسیرکردنیان، بەو جۆرەی پرۆسە مێژووییەکان دووبارە و سەرلەنوێ هەڵبسەنگێنرێنەوە، دەبن بە شتێکی جیاواز، یان لانیکەم جیاواز لەگەڵ

ئەو ڕووداوانەی وادێنە بەرچاو؟ درامای بڕێخت ئاوەژووکردنەوەی بەئەنقەست و بەتاڵکردنەوەی ئەو وێنایەیە، کە لەسەر باڵاتر و بەرزتریی تراژیدی و ڕانەکردن و مانەوە تیایدا، وەستاوە. «ڕەشبینیی مێژوویی» بڕێخت بونیادی «گەشبینی»ی لەڕاستیدا ڕەشبینانەی هەموو ئەوانە تێکدەشکێنێت، کە ئیمانی خۆیان لەسەر ڕوونی و زەرورەتیی مێژوویی دامەزراندووە. [وتاری] «تێزەکان دەربارەی چەمکی مێژوو»، دەنگدانەوەی دەنگیی بنیامین خۆیەتی، کە وەها تەفسیریدەکات:

هەم لەوانەیە بەمجۆرە ڕوودات و هەم دەشێت بە جۆرێکی دیکەی سەرتاپا جیاواز، ئەمەیە ڕوانینی بنچینەیی و سەرەکیی کەسێک بۆ شانۆی حەماسیی دەنووسێت. ئەو ئیمکانەی لەوانەیە مێژوو لە داهاتوودا، چ شتێکی جیاوازی لێبکەوێتەوە، لە زەینی بینەرانی ئەمڕۆدا ئەو وێنەیە دروستدەکات، کە بابەتەکە پەیوەندیی بە بەرژەوەندییەکانی ئەوانەوەیە.

هەڵبەت ئەم ئەگەرەش لەئارادایە، کە مێژووی ئەمڕۆ جیاوازە لە مێژووی سبەینێ،

بەڵام دەبێت ئـەوەش بزانین مێژووی ئەمڕۆ لەنێو دەستەکانی ئێمەدایە، تەنانەت ئەگەر ئەو ئامرازەی لەبەردەستماندایە، کەم و بێ بەهاش بێت و چۆنایەتییە زەرووریيەکەیشی، ڕەنگە نادراماتیک و ناڕۆمانتیک بێت. بەم هۆیەوە لە بەدەستهێنانەوەی رابـــردوودا، نوسەری شانۆنامەی حەماسیی جەخت لەسەر بڕیارە گەورەکان ناکاتەوە – کە لە سەرتاپای هێڵە بنچینەییەکانی مـێـژوودا هـەن، بەڵکو زیاتر پێداگریی لەسەر شتە ناگشتێتیی و بەشەکییەکان دەکات.

ڕووبەڕووبوونەوەی بنیامین لەگەڵ برێختدا، لـە وتـارێـکدا بـەنـاوی «شـانـۆی حەماسیی چییە؟»دا بنیامینی ناچارکرد، تاکو تیۆرییەکی تـازە دەربـــارەی مـێـژووی درامــا دابڕێژێت، کە پێشتر لە بەرهەمێکی دیکەیدا، واتـە لە بەرهەمەکانی پێش قۆناغی مارکسیستبوونیدا، بەناوی سەرچاوەی درامـای ماتەمی ئەڵمانی، ئاماژەی پێکردبوو. باشدەبێت ئەگەر ئاماژە بەو پەیوەندییەبکەین، کە بنیامین لەنێوان خەیاڵیی تەمسیلیی شانۆنامەنووسەکانی بارۆکی ئەڵمانی

و کەرەستەکانی هونەری سەدەی بیستەمدا دەیبینێتەوە، سەرەتا لە رۆحی ماخولیانەی سەردەمەکانی پێشوودا، بە نیشانە تەمسیلی، بەڵام رازئامێزەکان، کە ئەو لە بەرهەمەکانی کافکادا دەیانبینێتەوە؛ پاشان لە پرەنسیپی «مۆنتاژ»دا، کە لە بەرهەمەکانی ئایزنشتاین و برێختدا دەریخستوون. بۆ ئەو مۆنتاژ بوو بە فۆرمی تەمسیلیی مۆدێرن، دروستکەر، چالاک و ناماخولیانە، کە دەیتوانی شتە ناچوونییەکان بەجۆرێک بەیەکەوە ببەستێتەوە، کە بتوانێت خەڵکی تووشی «شۆک» بکات بۆ ناسین و دەرک و تێگەیشتنی شتە تازەکان. بەشێکی گرنگ و بەرچاوی نوسینە رەخنەییەکانی بنیامین بۆ ئەم «شۆک»ە تەرخانکراوە وەک ئەزموونی یەکەمین و سەرەتای نارێک لە ژیانی مۆدێرنی جەماوەری و پیشەسازیی شاریدا. بۆ نموونە ئەو وەک کاردانەوەگەرای هەستیار بەرانبەر بەم «شۆک»ـە تازەیەی ژیانی مۆدێرن، سەیری بودلێر و پروست دەکات، ئەوان کەسانێک بوون لە زەمەنێکی یەکساندا، هونەرەکەی خۆیان وەک ئامرازێک بۆ بەرگریکردن لەخۆیان بەکاردەهێنا.

ئەو دەڵێت هونەرمەندی شۆڕشگێڕیی دیکە بۆ بەرگریکردن و پاراستنی خۆی پێویستی بە شێواز و ڕێگایەکی ئاوا نییە؛ هەمان ئەو کەسەی بە مەودادانانی ڕەخنەیی لێی و «پەرەپێدان و بەهێزکردنی زەینی»، پێشوازی و بەخێرهاتن لەم «شۆک»ە دەکات. بەمجۆرە بنیامین مۆنتاژ – واتە توانای دەستبەسەرداگرتنی پەیوەندییە بێ کۆتایی، ناچاوەڕوان، شاراوەکانی نێو شتە ناچوونییەکەکان– وەک پرەنسیپی زەروریی پێکهێنەر و دروستکەری خەیاڵی هونەری لە سەردەمی تەکنیکیدا، دەکاتە بابەتی سەرنج و تێڕامان.

ئەو بۆ دۆزینەوەی رابردوویەکی بەبەرهەم، بۆ دواوە، بۆ سەردەمی بارۆکی ئەڵمانی دەگەڕێتەوە، بۆ ئەو فۆرمانەی دراما، کە تیایاندا پرەنسیپەکانی مۆنتاژ بۆ یەکەمینجار ڕوویاندا. ئەو لەوە تێگەیشت ئەم پرەنسیپانە لە هەموو شوێنێکدا ئامادەییان هەیە، کە عەقڵی ڕەخنەیی بۆ تەعبیرکردن و شیکردنەوە دەربارەی نواندنەوە دێتەئاراوە، بە دەربڕینێکی دیکە، مادام نواندنەوە هیچ کاتێک لەخۆیدا کامل و

تەواو نابێت، بەڵکو بەئاشکرا و بەردەوام لەگەڵ ژیانی نوێنراوەدا بەراورددەکرێت، ئەوسا ئەکتەر دەتوانێت هەموو ساتێک لە دەرەوەی خۆیەوە بووەستێت و خۆی لە فۆرمی ئەکتەردا نمایش بکات.

کولتوری چینی جارێکی دیکە رۆڵی خۆی لە بیرکردنەوەی ئەم دووانـەدا دەگێڕێت. بنیامین ئاماژە بە نەریتی شانۆ و درامای چینی دەکات بەو مەبەستەی بەشداریی برێخت لەم تەتکنیکەدا – کە «رووداوەکانی سەر شانۆ ناکاریگەر دەکات» – دەربخات، پاشان ئەو زۆر داهێنەر و بلیمەتانە، پڕۆژەی رێچکەیەکی لاوەکی بۆ شانۆی ئەوروپایی دادەڕێژێت، ئەو شانۆیەی بە قەولی خۆی هەمیشە بیری لێکردۆتەوە، تاکو رێگایەک بۆ راکردن لە نمایشی «داخراو»ی تراژیدیی یۆنان و گەیشتن بە درامایەکی ناتراژیک بکاتەوە. درامای ناتراژیک و پرەنسیپەکانی مۆنتاژ، چەند بابەتێکی بەیەکداچوو بوون لەنێو زەینی بنیامیندا. ئەو رێگا لاوەکییەی بنیامین دەیویست بیدۆزێتەوە، بەنێو رازئامێزی مەسیحیی

سەدەکانی ناوەڕاست، درامای بارۆکی ئەڵمانی، چەند دیمەنێکی [شانۆنامەکانی] شکسپیر، بەشی دووەمـی فاوستی گۆتـە، تاکو ستریندبێرگ و دواجـار برێخت و «شـانۆی حەماسی»دا تێدەپەڕێت:

ئەگەر ئاوابێت، کـەواتـە دەربـارەی رەوت و رێچکەیەک قسەناکەین، بەڵکو دەتوانین لەکوێرە ڕێگایەک بدوێین، کە بەهۆیەوە میراتی دراماکانی بارۆک و سەدەکانی ناوەڕاست، لەو لای سەد و لەمپەری باڵاوە، بەڵام دەوڵەمەندی کلاسیسیزمەوە بەئێمە گەیشتووە.

بنیامین ئیقتیباس لە بەرهەمە سەرەتاییەکانی لۆکاچ بۆ دۆزینـەوەی تیۆرییەک دەکـات، کە راستەوخۆ دەکەوێتە بەرەی پێچەوانە و دژی بەرهەمەکانی دواتری خودی لۆکاچەوە لەبواری تەکنیکی درامانووسیدا. لۆکاچی دواتـر زیاتر دەرگـیـری «رەوتـی بنچینەیی مـێژوو» بـوو، رەفتاریشی لەگەڵ «کوێرەڕێگا»دا بەجۆرێک بـوو، وەک بڵێیت هەرگیز بوونی نەبێت، یان بەهای ئـەوەی نەبێت نـاوی بهێنرێت. ئـەو بە گەڕانەوە بۆ چەمکی تراژیدیا لای هیگڵ، پاڵەوانی

دراماتیک وەک نوێنەری ئیرادە و بەرگریکاری دژایەتیی نێوان دوو ئیرادەی ئەخلاقیی تاقانەی دژبەیەک، ریزدەکات. تاکە ئامانجی پاڵەوان، یان شکست و شانازییەکەی، پیادەکردنی ئیرادەی خۆی بوو لە بەرانبەر هەمووواندا، بەڵام بنیامین دەنوسێت:

لۆکاچ بیست ساڵ پێشتر نوسیبووی، کە ئەفلاتون لە سروشتی نادراماتیکی بەرزترین نموونەی ئینسان– واتا حەکیم – تێگەیشتبوو. لەگەڵ ئەمەشدا، ئەو لە دیالۆگەکانیدا حەکیم [تەنها] تا بەردەم دەروازەی شانۆکە دەهێنێت.

واتە، لەگەڵ ئەفلاتوندا مێژووی ئەڵتەرناتیڤی درامـــای ئـــەوروپـــی، [مـــێـــژووی] بنیامین دەستپێدەکات؛ ئەو شوێنەی ئینسانی حەکیم و بێلایەن، پاڵەوانێکە. لەڕاستیدا سۆکرات ستایشی درامـای «عەقڵگەرا»ی نوێی ئۆریپید دەکات، قۆناغی مەزنی تراژیدیای یۆنانی بەکۆتایی دەگەیەنێت و بنیامین، برێخت بە «دراماتیستی سۆکراتی» سەیردەکات:

رەنگە کەسێک شانۆی حەماسی بەدراماتیک تـر لـە دیـالـۆگ سـەیربـکـات (دیـارە نـەک بۆ

هەمیشە)، بەڵام شانۆی حەماسی بەم هۆیەوە بە زەروورییی کەمتر [لە دیالۆگ] فەلسەفی نییە.

بنیامین لە بیکردنەوە میتافیزیکییە سەوداسەرییەکەیدا، شانۆی حەماسیی برێخت وەک فۆرمێکی نەک تەنها هەر سۆکراتی، بەڵکو وەک درامای ئەفلاتونیش سەیردەکات. ئامانج لە ناونیشانێکی وەک «نوسەر وەک بەرهەمهێنەر»، دۆزینەوەی وەڵام و گەڕان بەدوای ڕۆڵێکی سیاسییدا بۆ هونەرمەندان، وەڵام و ڕۆڵێک کە هەوڵدەدات توندڕەویی ئەفلاتون لە کۆماردا، نەرمبکاتەوە. ڕوانگەی مێژوویی بنیامین دەرخستنی ئەو ڕێگایەیە، کە ئێمە لە دیالۆگەوە بۆ شانۆی حەماسی دەبات. بنیامین لە نوسینە شیکارییەکەی خۆیدا دەربارەی برێخت، دەیەوێت هونەرمەند لەنێو [پانتایی بیرکردنەوەی] ئەفلاتون ڕزگاربکات، هەر ئەو شتەی ئەفلاتوون خۆی لێی دەترسا.

### هونەر و سیاسەت

بنیامین و برێخت، هەندێکجار دەربارەی سڕینەوەی بەسیاسیکردنی هونەر بە

بەکارهێنانی «ئامرازی بەرهەمهێنان» یان ئامرازی هونەری، پەیوەندیی سیاسەت و هونەریان بەرتەسکدەکردەوە. بریێخت لە تیۆری و پراکتیکی کاری دواتری خۆیدا، توانی بەسەر ئەم لایەنەدا زاڵ ببێت، [بەڵام] بنیامین بەر لەوەی بتوانێت بە تەواوی و فرەلایەن دەربارەی تیۆریی ئێستاتیکای ماتریالیستیی نوێ بیربکاتەوە، کۆتایی بەژیانی خۆی هێنا.

روانگە پێشوویەکانی بریێخت لەسەر بنەمای [تیۆرییەکانی] پیسکاتۆر و فۆتۆریستەکانی پێشووتری رووس، وەک تریتیاکۆڤ دروستبووبوو، ئەوان کەسانێک بوون، کە لای ئەوان وێرانکردن و لەناوبردنی شانۆی وەهم بە مانای هێرشێکی راستەوخۆ دەهات بۆسەر خودی بۆرژوازییەت. بەرهەمهێنانەوە [تەقیلدکردنەوەی] شانۆی ستانیسلاڤسکی وەک [هونەرێکی] بە هەمان رادە بۆرژوازیی دادەنرا. بۆ دژەبۆرژوابوون، یان پرۆلیتاربوونیش، هاوزەمان بە نمایشەکانی ئەوان، دەبوو پیشانبدرێت، کە شتەکان چۆن کاردەکەن و چ کاریگەرییەکیان هەیە. (بە دەربڕینی

فۆرمالیستەکانی رووس)، «ئـامـرازەکـە بە ئـاشـکـرا دەربـبـڕە». هـونـەر دەبـوو [وەک] فۆرمێکی بەرهەمهێنان سـەیربکرێت، نـەوەک شتێکی رازئامێز و سیحراوی؛ و سەکۆش وەک کارگەیەک دەردەکەوت بە مەکینەکانییەوە، کە تەواو دەکەونە بەردیدەی هەمووانەوە.

روونـە پایەکانی دۆریسی و کۆرینتی، کە دیمەنی دەروازە و چوونـە نـاوەوەی بانکی بۆرژوازیی پێکهێناوە، ئامانجێکی کۆنەپارێزانە دابیندەکات، بەڵام باڵەخانە و بینا مۆدێرنەکانی بانکەکان بە دیمەنە شووشەییەکانیانەوە شتێکی زیاتر نییە، جگە لەنمایشکردنی شێوازی کارکردنی سیستەمی سـەرمـایـەداری. ئـەو نموونەیەی هێنرایەوە، بەراورد بە تیۆرییەکەی برێخت کرچ و کاڵ و بێ ئینسافانە دەردەکـەوێت، چونکە، بەو جۆرەی بینیمان، دەقـاودەق بەکارهێنانی مۆنتاژ بوو، کە ئەو پەیوەندییە سیاسییانەیان دامـەزراند، کە راستەوخۆ نـەدەکرا ببینرێن، سەرەڕای ئەمە، بەدرێژایی سەردەم و قۆناغی چالاکیی هونەری ئاڤانگاردی چەپ لە دەیەکانی بیست و سیدا، باوەڕ و بۆچوونی باڵادەست ئەوە

بوو، کە هێرشکردن بۆسەر «وەهمگەرایی» یان «بەرهەمهێنانەوە»، و بێ ئیعتیبارکردنی و ڕەتکردنەوەی، خۆی ڕاستەوخۆ دەبووە هۆی پراکسیسیی سیاسیی پێشڕەوانە، ڕێچکەیەک بەهۆیەوە سیاسەت دەتوانێت ڕاستەوخۆ بچێتە نێو مەیدانی هونەرەوە. ئەمە ئەو باوەڕەیە، کە کاریگەریی تادەگاتە ئەمڕۆ لەسەر کۆی بیرکردنەوەی ڕادیکاڵ و چەپدا، دەربارەی ئێستاتیکا، هەر ماوەتەوە.

پەرەسەندنی [بیری] بنیامین تاکو ئەم خاڵە، تاقانە و بێوێنە بوو. ئەو بەو جۆرەی لەو زەمەنەدا دەناسرایەوە، وەک فەیلەسوفی ئێستاتیکا دەستی بە چالاکی کرد، کە خەفەتی بۆ لەناوچوونی نەریتە کۆنەکان و جێگیربوونی تەکنەلۆژیای مۆدێرن و کۆمەڵگەی جەماوەری لەبری ئەوانە دەخوارد. ئەو کەسێک نەبوو، جگە لەبیرمەندێکی شۆڕشگێڕیی ئاڤانگارد. هەمیشە ئاڤانگارد، بەڵام ئاڤانگارد وەک ڕۆحی ئێلیوتێک (ئەو کەسەی لە ڕاستیدا نزیکییەکی زۆری لەگەڵ بنیامیندا هەبوو: دۆزینەوەی لقە بنچینەییە شاعیرانەییە میتافیزیکییەکان لەلایەن

ئیلیۆتەوە هاوڕیشەبوو، لەگەڵ حەز و ڕێچکەی بنیامین بۆ درامای بارۆکی ئەڵمانی)، و وەک ڕەخنەگر، نزیکایەتی لەگەڵ توانستە تەمسیلیی و بەشداریکردنەکانی شیعری ئیلیۆتدا هەبوو.

ڕوانینی بنیامین دەرهەق بە ڕۆژنامە، پێشکەوتنی زیاتریی [تیۆرییەکانی]ی ئەوی دەردەخست. بنیامین لە وتاری «حیکایەتخوان»دا، وتارەکەی دەربارەی نیکۆلای لیسکۆڤ لە کتێبی ڕۆشناییەکاندا، دەسەڵاتی خۆ-ژێن[پارێزەر]ی حیکایەت – ئەم کۆنترین پەیکەی عەقڵ– لەگەڵ گەیاندنی ڕووتدا بەراوردەکات، کە ڕۆژنامە بەتەواوی ئەم ڕۆڵە دەگێڕێت.

لە وتاری «نوسەر وەک بەرهەمهێنەر»دا (ڕەنگە وتارەکە بەر لە «حیکایەتخوان» نوسرابێت) گۆڕانێک لە پێوەری گەورەی بیرکردنەوەی ئەودا دەبینرێتەوە. بنیامین لێرەدا ڕۆژنامە، یان لانیکەم ڕۆژنامە هاوچەرخەکانی یەکێتیی سۆڤییەت، وەک «پرۆسەی لەناوچوونی گەورە» وەسفدەکات کە «هەر تەنها جیاکردنەوەی باوی نێوان ژانرە [جیاوازەکان]

لەنێو نابات، بەڵکو هەروەها جیاوازیی نێوان نوسەر و شاعیر، بیرمەند و بەناوبانگکەر (popularizer)، نوسەر و خوێنەریش دەباتە ژێر پرسیارەوە»؛ شوێنێک تیایدا: «وشە بێ بەهاترین شتە، واتە رۆژنامە، دەبێت بەو شتە، کە ئۆپەراسیۆنی رزگارکردن، دەتوانێت تیایدا جێگیر ببێت».

رۆژنامەکانی سەر دیوار لە چینی سەردەمی شۆڕشی کولتووریدا، پۆستەرەکان، نوسراوەکان و نامیلکە بڵاوکراوەکانی خوێندکارە پاریسییەکان (خوێندکارانی شوێنەکانی دیکە) لە ئایاری (1968)دا، هەموویان ئەم تیۆرییەی بنیامین پشتڕاستدەکەنەوە و پێداگریی لەسەردەکەن و ئەو ئەدەبیاتەی رۆژگارێک پێیدەوترا [ئەدەبیاتی] ماخولیایی و میتافیزیکی، رەخنەی رادیکاڵ و شۆڕشگێڕیی ئاڤانگاردی دەیەکانی شەست و حەفتای بەدوادا هات. فراوانبوونی شانۆی سەرشەقام، بانگەشەکان، «پەرچەکردار و کاردانەوەکان» بە هەمان رادە جەختکردنەوەیەکە لەسەر [راستی و دروستی] بۆچوونەکانی بنیامین و برێخت

دەربارەی شانۆ. لە هەمانکاتدا جۆش و خرۆش و رادیکالیزمی ئەوان، ئەو یەک ئاڕاستەیە پۆتێشینەڵیتە زیانبەخشە دەشارێتەوە. بەمجۆرە تەنها دیموکراتیزەکردنی هونەر لەلایەن ئامرازەکانی میدیای دووبارە بەرهەمهێنانەوە بۆ رەتکردنەوەی کۆی فۆرمە نەریتییەکانی هونەر (کە وابەستەن بە جیابوونەوەی دەرهێنەر و بینەر، یان خاوەنی بەرهەم و تەماشاکەر) بەکارهێنراوە. بنیامین بە سادەیی «ئاورا» – خەرمانە: واتە خەرمانەی ئێستاتیکایی لە دەوروبەری بەرهەمی هونەریدا– بە توانا و خاوەنداریێتی و بەرهەمهێنانەوەی میکانیکی لەگەڵ [پرۆسەی] پرۆلیتاریزەکردندا، وەک یەک سەیردەکات. هەڵبەت، بەرهەمهێنانەوەی میکانیکی لەوانەیە لەلایەن سیستەمی سەرمایەدارییەوە خراپ بەکاربهێنرێت و جەزب بکرێت، ئەگەرچی بەمجۆرەش بووە؛ و بنیامین یەکەمین بیرمەند بوو ئەم مەترسییەی ئاشکرا کرد، و وەک ئامرازێکی بەرپێگرتن چاودێرییە کۆمەڵایەتییەکانی (یان ئەگەر زەروورەتێک هەبێت، چارەسەر) بەسەر

میدیاکاندا پێشنیارکرد. لێرەدا خاڵێکی تازە بوونی نەبوو؛ تەنها خاڵێکی تەنگژە دروستکەر ئەمە بوو، کە چاودێریی کۆمەڵایەتی، چەندین فۆرمی تازەی هونەری بەرهەمدەهێنا، و زیاتر لەمەش ئەم بەسیاسیکردنەی میدیاکان، هەمان بەسیاسیکردنی هونەر بوو. بەدەربڕینێکی دیکە، میدا و هونەر یەکسان و هاوشوناس بوونەوە. جیاوازیی پێشووی نێوان فۆرم و ناوەڕۆک لەنێو چوو، خودی فۆرم بەسیاسیی دەکرا.

بە رۆچوونێکی وەهای ناوەڕۆک لەنێو فۆرمدا، رەنگە پانتایی و مەیدانی فۆرمەکان بەرتەسک ببێتەوە، لەبەرئەوەی بنیامین منداڵی قۆناغی یەکەمی سەردەمی تەکنیکیی نوێ بوو، لە دۆخێکدا کە تەکنیکەکانی وەک مۆنتاژی فۆتۆگرافی، کاریگەرییەکی راستەوخۆی سیاسییان بەدەستدەهێنا، هەندێکجار حەزی دەکرد تەکنیک وەک فاکتەرێک بەرجەستە و ماتریالیزەبکات، کە لەڕووی سیاسییەوە، کاریگەریی هەبوو، ئەم واقیعەی لەبیردەکرد، کە بەسیاسیبوونی تەکنیک، بریتییە لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان، هەروەها ئامرازی بەرهەمهێنان.

ئەو لە هەمانکاتدا قارەمانی «شتە بەدە تازەکان» بوو، بەرگریشی لێدەکردن. فەلسەفەی مێژووی بنیامینیش، بەو جۆرەی بینیمان، پێویستیی بە دژایەتییەکی هەمیشەیی هەبوو بە نوێنەرایەتییکردنی «رابردوو» و قوربانییەکانی. ئەو بۆ چارەسەرکردنی ئەم دژیەکێتییە بەدوای رێگایەکدا دەگەڕا [بە بەکارهێنانی] چەمکی کاتی ئێستا، یان ئامادەیی ئێستا (Jetztzeit – now–time)، ئەو ئەزەلییەتەی تیایدا، زەمەن لە جوڵە دەکەوێت، خاڵێکە تیایدا رابردوو، داهاتوو، ئەویش بە جۆرێکی ناهەماهەنگ، وروژێنەر و جەنجاڵئاسا، لە ساتی ئێستادا بەیەک دەگەن.

ئەم چەمکەی ساتی ئێستایە، لەگەڵ شێواز و رێگاکانی تاکتیکی هێزلێبڕین (Ermattungs–taktik)، دوو ئیماژ، یان ئاڕاستە و رێچکەی باڵادەستبوون بەسەر بیرکردنەوەی بنیامین لە ساڵەکانی کۆتایی ژیانیدا. ساتی ئێستا یان ئامادەبوونی ئێستا، بریتی بوو لە دەسەڵاتێک بۆ تەداخولکردن لە رووداوەکاندا، چ لەلایەن سیاسەتمەدارەوە بێت یان رۆشنبیر، بۆ «بڕین و وەستاندنی زنجیرەی مێژوو» (تێزی شازدەهەم دەربارەی چەمکی مێژوو). ئەم

ئیماژە لەلایەکەوە بۆ وردبوونەوە لە نەریتە پێشکەوتنخوازەکان، پەرەسەندنخوازەکان و حەتمیگەراییەکانی سۆسیال-دیموکراسیی (کە بنیامین لە تێزەکانی خۆیدا دەربارەی مێژوو بە ئاشکرا هێرشیان دەکاتە سەر) لەلایەکی دیکەوە بۆ وردبوونەوە لە پۆزەتیڤیزمی یۆتۆپی و پراگماتیزمی یەکێتیی سۆڤێتیی سەردەمی ستالین، زۆر گرنگ و بەهادارن. بنیامین دەچێتە ریزی گرامشی و لۆکاچی کتێبی مێژوو و ئاگایی چینایەتی (یەکێک لەو دەقە مارکسیستییانەی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بنیامین هەبوو).

ڕێچکەیەکی دیکە، واتا «تاکتیکەکانی هێزلێبڕین»، برێخت لە کۆپلە شیعرێکی پڕ لە ڕەشبینی وەسفی دەکات، کە دوای مەرگی بنیامین نوسیویەتی:

تاکتیکەکانی هێزلێبڕین ئەو شتەی تۆ بەکاریدەهێنێت

دانیشتوو لەسەر مێزی شەترەنج لەژێر سێبەری درەختی هەرمێ،

ئەو دوژمنەی تۆی وەدەرنا لە دەوروبەری قەرەباڵغی کتێبەکانت

بەدەستی کەسانێکی وەک ئێمە لە پەل و پۆ ناکەوێت.

فەلسەفەی هێزلێبڕین، نوسینەکانی بنیامینی دەربارەی بریێخت، خستووەتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە، ئەو باوەڕەی دەڵێت «سەختی و قورسییەکان کۆتاییان دێت». جەوهەری دیالەکتیکیی بیرکردنەوەی بنیامین لەسەر بنەمای جەمسەریێتیی «ئامادەیی ئێستا» و «هێزلێبڕین» بیناکراوە، [واتا] چاودێرکردن بەسەر مێژوو، هاتنە ناوەوە و تەداخولی «مسیانیکی» تیایدا (ئەگەرچی، پێوەرەکان زۆر بچووک و زەمەن زۆر کورت و نابەردەوامە). ئەو چاوەڕوانییەی لە دوایین تێز دەربارەی چەمکی مێژوو دەربڕدراوە، واتا:

هەرساتێکی زەمەن دەروازەیەکی کراوەیە، تاکو مەسیح لێیەوە بێتە ژوورەوە.

ئەمە هەمان حەکیمیی هۆشیارە، لەپەلوپۆکەوتوو بەهۆی قورسییەوە. هەمان چەمکی چاوەڕوانی، کە هاوڕێکەی بنیامین، ئەرنست بلۆخ بە کاتیگۆریی «یوتۆپیای کۆنکرێتی» یان پرەنسیپی ئۆنتۆلۆژیای ئومێد وەریگێڕاوە.

بلۆخ، دەربارەی خۆکوژیی بنیامین دەنوسێت، ئەم کارە بەجۆرێک جیابوونەوەبوو لە ژیان، بەو

جۆرەی چاوەڕوانی لەو دەکرا؛ بە تایبەت ئەگەر ڕستەکەی ئەو بەبیر خۆمان بهێنینەوە، کە من ئێستا لەبیرمە: «پیادەبوونی دەسەڵاتی مرۆڤ بەسەر مردودا، زۆر کەمە». بڕیێخت لە دۆخێکی ڕۆحی هاوشێوەدا، لە شیعری دووەمی خۆیدا دەربارەی مەرگی بنیامینی هاوڕێی، نوسیویەتی:

لە کۆتاییدا بەرەو سنوورێک فڕێدرای، کە مەحاڵ بوو بپەڕیتەوە

تۆ، بەڵام بیستم بەنێو سنوورێکی تێپەڕئاسادا، ڕەتبووی.

بنیامین لە دیسەمبەری 1940، بە بیستنی هەواڵی ئەوەی لەوانەیە ڕۆژی دواتر تەسلیمی گشتاپۆ بکرێن، لە بەندەری پۆرت لە سنووری فەرەنسا و ئیسپانیا، خۆی کوشت. بڕیێخت دوای بیستنی هەواڵی مردنی ئەو، وتی ئەمە یەکەمین زیانی واقیعییە، کە هیتلەر لە ئەدەبییاتی ئەڵمانی داوە.

**سەرچاوە:**

استانلی میچل: درباره بنیامین، در: روبرت اشتاین: والتر بنیامین، ترجمه مجید مددی، انتشارات اختران، تهران، 1382.

# ئاین لە روانگەی
# واڵتەر بنیامینەوە

لە فارسیەوە: ئارام مەحمود ئەحمەد

تیۆر هەمان ئەو چاویلکەی تێگەیشتنەیە، کە ئێمە لەپێناو سوودلێوەرگرتندا دەیبینین و سەرنجی لێدەدەین. تیۆر ئامرازێکە بۆ جیاکاری و کردنەوەی گرێکان و بەخشینی واتا.

پرسیاری سەرەکی لە لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی ئاییندا ئەوەیە کە (ئایین چییە؟). لەماوەی دوو سەدەی رابوردوودا هیچ تیۆرێکی تایبەت بە ئایین نییە بتوانێت سەرجەم دەرکەوتە ئایینیەکان لێکبداتەوە، هیچ کاتێکیش تیۆرێکی لەوشێوەیە بوونی نابێت. هەموو تیۆرێک تیشک دەخاتەسەر بابەتێکی دیاریکراو و لە بابەتەکانی تری جیادەکاتەوە، لەبەرئەوە لێکۆڵینەوەی ئایینی بەردەوام بەدوای ئەو تیۆرانەدا دەگەڕێت کە بتوانن دەرگای نوێ بۆ بینین و شیکردنەوەی ئایین بەڕووی ئێمەدا بکەنەوە.

لە دەیەکانی ئەم دواییەدا لێکۆڵەرەوانی ئایین سنورەکانیان تێپەڕاند، بۆئەوەی تێڕوانینی نوێ بدۆزنەوە و لەو تێڕوانینە نوێیانەوە ئایین شیبکەنەوە. خوێندکاران و مامۆستایانی بواری لێکۆڵینەوەی ئایینیش گرفتی زۆریان بۆ پێشهاتووە، راستە ئەم تیۆرانە پرسیاری

نوێ دەوروژێنن و هەلی نوێ بۆ لێکۆڵینەوەی ئایینی دەڕەخسێنن، بەڵام تێگەیشتنیان ئاسان نییە. پێمان باش بوو بەخێرایی لە بیروڕای کاریگەرترین زانایان بڕوانینەوە، کە لە دەرەوەی ئایین کاریان کردووە، بەڵام بەرهەم و بیریان کاریگەری لەسەر لێکۆڵینەوەی ئایینی هەبووە.

ئەوەی لەم نوسینەدا هاتووە هەڕەمەکی و لە هیچەوە دروستنەبووە، بەڵکو ئەم تیۆرانە بەرهەمی ئەو گفتوگۆیانەیە، کە دامەزرێنەرانی ئەم تیۆرانە لەگەڵ تیۆریسینەکانی پێش خۆیان ئەنجامیان داون. لەم رووەوە چوار کەس پێشڕەوبوون: سیگمۆند فرۆید، کارڵ مارکس، فردریش نیچە و فردینان سوسێر. ئەم چوار پێشڕەوە بەیەکەوە زەمینەی مشتومڕی ناوەڕاستی سەدەی بیستەمیان رەخساندووە. تێگەیشتن و پرسیارەکانی ئەم چوارکەسە تا ئێستاش لە دەستوری کاری تیۆرە نوێیەکاندان. ئەگەر ئێمە ئەم تیۆرانە پەسەندبکەین، یان نەخێر، پێویستە بیانناسین.

**فەلسەفەی بنیامین و ئایین**

ئێمە لێرەدا تیشک دەخەینە سەر چوار بەرهەمی بنیامین: (رەخنە لە توندوتیژی 1921)، (ئەرکی وەرگێڕ 1923)، (بەرهەمی هونەری لە سەردەمی دوبارە بەرهەمهێنانەوەی میکانیکیدا 1936)، (تێزەکان دەربارەی فەلسەفەی مێژوو 1940).

بنیامین لە رەخنەی توندوتیژیدا باس لە بنەماکانی یاسا، یان نەبوونی یاسا دەکات. ئەو دەڵێت یاسا ناتوانێت لەسەر خۆی دروستبکرێت. یاسا هیچ بنەمایەکی نییە (نە لە فەرمانی خواوەند، نە لە سروشت، نە هیچ شتێکی تر). ئەگەر بنەمایەکی هەبوایە، ئیتر پێویست نەبوو بۆئەوەی خۆی جێگیربکات و بپارێزێت پەنا بۆ توندوتیژی ببات. بێجگە لەوە پشت بەستنی تەواوی یاسا بە توندوتیژی، ئاماژەیە بۆئەوەی یاسا خۆبەخۆ بێ بناغە و بێ بنەمایە.

ئەگەر بڕیارە بناغە و بنەمایەک هەبێت، ئەو بنەمایە تەنها توندوتیژییە. تێڕوانینێک کە پاساوە بۆ توندوتیژی لە ناخی سیستمی یاسادا، ئەگەر لەسەر بنەمای (ئامانج، پاساوە بۆ ئامڕازی بەکارهێنراو)، توندوتیژی پاساو بۆ

ئەو یاسایە دێنێتەوە (کە بەدەستی یاسا جێبەجێ دەکرێت و بەردەوام دەبێت)، سەرنجی ئێمە لەو راستییە، بێبنەمابوونی یاسا یان توندوتیژی دووردەخاتەوە، ئەگەر ئامانج مافی خۆیەتی، کەواتە ئامرازی توندوتیژی بۆ گەیشتنە ئەو ئامانجە، وەک پێویستییەک دەردەکەوێت.

لەبەرئەوە بنیامین دەڵێت نەیانهێشتووە بپرسین پێویستی توندوتیژی یاسایی دەتوانێت چ شتێک لەبارەی خودی یاسا، واتا نەبوونی بنەمای پتەو بۆ یاسا، ئاشکرابکات؟ خودی یاسا بەس نییە، یاسا ناتوانێت لەسەر خۆی بینابکرێت. پێویستە یاسا پەنا بۆ توندوتیژی ببات، بۆئەوەی خۆی بچەسپێنێت و بەردەوامی بەخۆی بدات. توندوتیژی لە جێگەی بنەماکانی یاسا جێکەوت بووە.

بنیامین لە (ئەرکی وەرگێڕ)دا هەمان پرسیار لە خواستەکان و بنەماکان بەشێوەیەکی تر دەخاتەڕوو، هەروەها پەیوەندیی نێوان بەرهەمی ئەدەبی سەرەتا و (ژیانی دوای مردن)ی لە وەرگێڕاندا لێکدەداتەوە. چ شتێک خەریکە وەردەگێڕدرێت؟ بە سەرنجدان لەوەی

هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی بەهای وەرگێڕانی هەیە، (وەرگێڕ کاتێک دەتوانێت بابەتێکی قوڵ و پڕنهێنی و شاعیرانە دوبارە بەرهەمبێنێتەوە، کە خۆشی شاعیر بێت).

وەرگێڕان هونەرێکە دەتوانێت بەرهەمی ئەدەبی بۆ شتێکی زیاتر لەخۆی بگۆڕێت. بەرهەمی ئەدەبی بە وەرگێڕدران دەبێتە خاوەنی (ژیانی دوای مردن)، واتە دەبێتە شتێکی زیاتر لەو شتەی لە بنەڕەتدا هەبووە. وەرگێڕان (قۆناغێکی ژیانی بەردەوامە)، لەبەرئەوە بەرهەمی ئەدەبی پێویستە لەگەڵ کاری وەرگێڕدا بمرێت، بۆئەوەی لە زمانێکی تر و زیاتر لە خۆی و بە ناوی بەرهەمێکی هونەرییەوە ئەدەبی ژیان بەسەرببات. هاوکات بەرهەم خۆی لە سەرەتاوە، لەبەرئەوەی کەموکورتی هەیە، ناتوانێت بەو نهێنییە قووڵە بگات کە عەودالی بووە و خۆی بۆ وەرگێڕان بەدەستەوە دەدات. ئەرکی وەرگێڕ ئەوە نییە کە زانیاری دەقە بنەڕەتیەکە بۆ ئەو کەسانە بگوازێتەوە، کە لەتوانایاندا نییە زمانی دەقە بنەڕەتیەکە بخوێننەوە، بەڵکو ئەرکی ئەوە دوبارە

بیخوڵقێنێتەوە، بە ئامانجی ئازادکردنی توانای شاعیرانەی دەقە بنەڕەتییەکە لە بەندیخانەی زمانێکی تایبەتی.

تۆد لینافێلت (Tod Linafelt) لە کتێبی (میراتی بەردەوام: روداو، ماتەمینی و رەخنە لە ژیانی دوای مردنی کتێبی ئینجیل) ساڵی 2000، لە (ژیانی دوای مردن)ی کتێبی (میراتی ئارمیا) کە لەبارەی وێرانبوونی ئۆرشەلیم دەکۆڵێتەوە، کاتێک دەکەوێتە دەست بابلییەکان و نیشانیدەدات کە تێگەیشتنی بنیامین لە وەرگێڕان چی توانایەکی لە خوێندنەوەی مێژووی شیکاری ئینجیلدا هەیە. ئەو نیشانیدەدات، کە چۆن دەقی بنەڕەتی و سەرەتا (میراتی) بە تایبەتی دەنگی رەنج و لەدەستدانی وەڵامێکی ئیلاهی، خۆی بۆ وەرگێڕان، یان هەمان ژیانی دوای مەرگ بەدەستەوەدەدات. (لینافێلت) وەرگێڕان و شیکردنەوە و هۆنراوە و ئەو چیرۆکانەی دوای (کتێبی میراتی) نوسراون و هاوشێوەی ژیانی دوای مردنی ئەو کتێبەن، بە ئەدەبیاتی نەمر و بەردەوام ناودەبات، ئەم ئەدەبیاتە نەمرە، هەوڵدەدات دەنگی ئازارەکان،

دوبـارە بخوڵقێنێتەوە و ئازادیان بکات، کە لە دەقە بنچینەییەکەدا بوونیان هەیە.

بنیامین لە وتـاری (بەرهەمی هونەری لە سەردەمی دوبارە بەرهەمهێنانەوەی میکانیکیدا) دەخـوازێـت خـواسـتـی بـەرهـەمـی هـونـەری لەلایەنی پەیوەندی لەگەڵ قۆناغە مێژوویەکەی بکۆڵێتەوە، کە بە وتـەی بنیامین لە مێژوودا هونەر قۆناغێکی نوێیە و بەرهەمی شێوازەکانی دوبارە بەرهەمێنانەوەی زۆرە. شتێک کە لێرەدا مایەی گرنگیپێدانە، تێگەیشتنی (رەسەنایەتی)ـە، مەبەستی بنیامین لە رەسەنایەتی، ئامادەبوونی بەرهەمی رەسەنی هونەرییە لە شوێن و کاتدا، واتـە سـەلمێنەری ئـەم ئامادەبوونە دەتوانێت لـەکوێدا بێت. شتێک کـە نـاتـوانـرێـت دوبـارە بەرهەمبهێنرێتەوە خودی بەرهەمی هونەریە. ئەم خودەیە کە بەرهەمی رەسەنی هونەری لە ئێمە دووردەخاتەوە و لەپەیوەندیدا لەگەڵ ئێمە دەبێتە خاوەنی هیتر بوونی مێژوویی. دوبارە بەرهەمهێنانەوەی میکانیکی هەوڵدەدات ئەو دوورییە کەمبکاتەوە، بۆ ئەوەی بابەتەکە لە رێگەی هاوچەشنەکەیەوە، لە رێگەی دوبارە

بەرهەمهێنانەوەوە، لە نزیک خاڵی ئێمە دابنێت.

ئێستا لە هەر بەرهەمهێنانەوەیەکدا، رەسەنایەتییەکە لاواز و لاوازتر دەبێت، چونکە تەکنیکی دوبارە بەرهەمهێنانەوە، بابەتی دوبارە بەرهەمهێنراوە لە بازنەی رەسەنایەتی دێنێتە دەرەوە و لە پێگەی بنچینەیی خۆی دووریدەخاتەوە، دەیکات بە بێگانە و لەم رووەوە چەندێتی کۆپیکراوەکان دەخاتە شوێنی.

دوبارە بەرهەمهێنانەوە کاتێک بەرهەمە رەسەنەکەش لە کات و جێگەی خۆی هەڵدەکەنێت، گرێدراوە بەو رەسەنایەتییەوە. لەبەرئەوە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی نەخوازراو خودی بەرهەمە رەسەنە هونەرییەکە لەناودەبات و هاوشێوەکەی دەخاتە جێگەی. دواتر ئەم ئایدیایە لەلایەن (ژان بودریار)ەوە پەرەپێدرا.

بنیامین درێژەی پێدەدات و دەڵێت خودی بەرهەمی هونەری سەرچاوەکەی لە نەریتدایە و پشت بە ئایین دەبەستێت. بنیامین جەختدەکاتەوە، کە ئایین بەهای سودی سەرەتا و رەسەنی بەرهەمی هونەری بووە. ماوەیەک بەرلەوەی جوانی، یان هەر ئەزمونێکی جوانیناسی تر

ئامانجی هونەرمەند بێت و لە رابوردوودا و بەر لە بزوتنەوەی هونەری بۆ هونەر، بەرهەمی هونەری بۆ سولێدوەرگرتنی لە ئاییندا بەرهەمدەهات. کاتێک وردە وردە هونەرمەندان بە مەبەستی نمایشکردنی بەرهەمەکانیان دەستیانکرد بە بەرهەمهێنان، بەرهەمی هونەری لە سەرچاوە مەزهەبیەکەی جیابووەوە. بنیامین دەڵێت «لەگەڵ ئەمەدا تا سەردەمی نوێی دوبارە بەرهەمهێنانەوەی میکانیکی، سەرچاوە مەزهەبیەکان بە بەرهەمەوە چەسپابوون».

لەم قۆناغە مێژوویەدایە ئێمە دەبینین بۆ یەکەمجار بەرهەمی هونەری، کە وەک مشەخۆر بووە لەسەر ئایین، لێی جیادەبێتەوە. هونەرمەندان لەم سەردەمە نوێیەدا، وردە وردە بەمەبەستی دوبارە بەرهەمهێنانەوە، بەرهەم دروستدەکەن. بەرهەمی سەرەکی بۆ ئەم بەرهەمهێنانە دەتوانرا دوبارە بەرهەمبهێنرێتەوە. دوبارە بەرهەمهێنانەوەی بەرهەمی هونەری، بە شێوەیەک گرنگی بەدەستدێنێت، کە دەبێتە هۆکاری تێکدانی چۆنێتی گرنگی هونەر: سەرچاوە رەسەنەکانی هونەر لە کردەی ئایینی

جیابوونەوە و ئامادەن بۆ ئەوەی بچنە خزمەتی کردەیەکی تەواو جیاوازەوە؛ سیاسەت.

بنیامین فیلم بە خزمەتگوزارترین نمونەی ئەم شێوازە نوێیەی هونەری دوبارە بەرهەمهێنراو دەزانێت. فیلم لەتوانایدایە کۆمەڵگە بخرۆشێنێت، ئیتر ئامانجی ناسیۆنالیزم بێت، یان شۆڕش، ئامانجی پەسەندکردنی دۆخی ئێستا بێت، یان وەستانەوە دژی. فیلم هێزی خۆی لە دوو ڕێگەوە بەدەستدێنێت: یەکێکیان لە ڕێگەی پەرتکردنی سەرنجی بینەران، دووەم بە دوبارە روخسار بەخشینەوە بە جیهانبینی و تێگەیشتنی ئەوان لە حەقیقەت.

بیرمان نەچێت کە بنیامین وتاری (بەرهەمی هونەری لە سەردەمی دوبارە بەرهەمهێنانەوەی میکانیکیدا) لە ساڵی (1936) و لەکاتی دەرکەوتنی نازیزم نوسیووە، (نازیزم بزوتنەوەیەک بوو، شارەزایی تایبەتی لە هونەر و پڕوپاگەندەی سیاسیدا هەبوو). پۆستەری نازییەکان و فیلمە ناسیۆنالیستییەکان وەک (سەرکەوتنی ئیرادە) لەبەرچاوبگرن. وتارەکەی بنیامین پرسیاری نوێی لە سەرەتای سەدەی

بیستویەکەمدا وروژاند. لەو کاتەدا تەکنەلۆژیای نوێی راگەیاندن دەرکەوتبوو، دەیانتوانی بە خێرایی و بە زۆری بڵاوبکەنەوە.

ئێستا ئەگەر بۆچوونی بنیامین پەسەندبکەین، پێویستە لەخۆمان بپرسین هونەر لەم سەردەمە نوێیەی ئێمەدا، کە سەردەمی دوبارە بەرهەمهێنانەوەی دیجیتاڵە، درێژەی هەمان سەردەمی شۆڕشی دوبارە بەرهەمهێنانەوەی میکانیکییە، کە بنیامین باسی دەکات، یان لەو زیاتر دەڕوات و تێیدەپەڕێنێت.

ئێس. برێنت پلیت (S. Brent Plate) لێکۆڵەرەوەی ئایینی و کەلتورناسی وێنەیی، سود لە ئایدیاکانی بنیامین وەردەگرێت بۆ ئەوەی روونیبکاتەوە بۆچی خوێندنەوەی هونەری مەزهەبی لە رۆشنبیری و بیرمەندی ئەو جیابۆتەوە، بەرەو گرفتە مادییەکانی بەرهەم و وەرگرتنی هونەر رۆیشتووە. پلیت دەڵێت خودی ئایین لەسەر بنەمای ئایدیا و ئەزمونەکان نییە، بەڵکو لەسەر بنەمای کارایی جەستەیی و هەستە. لە بنەڕەتدا ئایین ستاتیکە (واتە بەپێی بنچینە یۆنانییەکەی ئەم وشەیە «هەستپێکراوە»).

وەک لە سەرەتادا باسکرا، بنیامین نەک بە هۆی وتارەکانی، بەڵکو بە هۆی نوسینە کورتەکانیشییەوە بەناوبانگ بوو. کتێبی تێزەکان لەبارەی فەلسەفەی مێژوو (ساڵی 1940 نوسراوە، بەڵام ساڵی 1950 بڵاوکراوەتەوە) کۆمەڵێک هەڵوەستەکردنی کورت و بڵاوە لەبارەی لێکۆڵینەوەی مێژوویی و مێژوونوسیی، پەیوەندی ئێستا لەگەڵ رابوردوو، مەیلی خواستە بزر بووەکان، بیری پێشکەوتنی مێژوو.

بەناوبانگترین تێز، تێزی نۆیەمە کە فیلمێکە لەبارەی (فریشتەی مێژوو). ئەم نمایشە ئیلهامە لە نیگاری پاول کلی (Paul Klee) بە ناوی (Angels Novus). لەم نیگارەدا فریشتەیەک وێنەی کێشراوە، کە بەرەو دواوە دەفڕێت، باڵەکانی کراوەتەوە و سەرنجی لە شتێک داوە، کە لێی دووردەکەوێتەوە. بنیامین بیردەکاتەوە (ئەمە ئەو خەیاڵەیە، کە دەتوانێت فریشتەی مێژوو نیشانبدات). فریشتەی مێژوو وەک مێژووناسێک، کە لەزەماندا گەشتدەکات، لە دواوە دەڕوانێت و رووی لە رابوردووە. ئەو خەریکە بۆ دواوە، بۆ داهاتوو دەفڕێت. لەکاتێکدا کە

سروشتی ئێمە وایە، رابوردوو بە زنجیرەیەک رووداو بزانین، کە رابوردوو بە داهاتووەوە گرێدەدەن، ئەو فریشتەیەش چاوی بە رووداوێکی ناخۆش بڕیوە، کە بەردەوام وێرانی بەسەر وێرانیدا دێنێت و لەبەردەمیدا دەردەکەوێت. ئەم فریشتەیە دەخوازێت بڕواتەدواوە و لەو شتەی وێرانکراوە گشتێک دروستبکات، بەڵام زریانێک لە بەهەشتەوە (واتە هەمان سەرەتای مێژوو) دێت و باڵەکانی ئەو فریشتەیە بەشێوەیەک گرفتار دەکات، کە ناتوانێت لەو وێرانانە نزیک بکەوێتەوە.

لەکاتێکدا کە زریان ئەو لە زەماندا بەرەو دواوە دەبات و فریشتەکە بەرەو داهاتوو پاڵدەنرێت، وێرانەکانی رابوردوو لە چاوی فریشتەکەدا، گەورەتر و گەورەتر دەبن. بنیامین بەو ئەنجامەدەگات، کە ئەم زریانە هەمان ئەوەیە، کە ئێمە بە (پێشکەوتن) ناوی دەبەین.

**سەرچاوە:**


-بەشێک لە کتێبی ئایین لە روانگەی بیرمەندانەوە.

William E. Deal & Timothy K. Beal: Theory for religious studies, New York 2004

# بنیامینی گەنج

مایکل لووی
وەرگێڕنی: هاوار محەمەد

زۆرجــار مشـتومڕ دەكـرێـت دەربــارەی بەرهـەمـەكـانـی والـتـەر بنیامین لـە بـواری ڕەخنەی كولتووریدا، لەمەیشدا بنەما سیاسییە ماركسیستییەكانی وەلادەنرێت، بەڵام لەم چەند ساڵە كەمەی دواییدا، مشتومڕی گەرموگوڕی ماركسیستی دەربـارەی كتێبەكانی بنیامین سـەریـانـهـەڵـدا، زۆریـنـەی ئـەم مشتومڕانە بـەشـیـوەیـەكـی سـەرەكـی گرنگییان بـەو بەرهەمانەی دەدا كە لەبارەی «ماتریالیزم»ـەوە بـوون و لـە سـەرەتـای بیستەكانی سـەدەی بیستەمدا نـووسـرابـوون. لـەلایـەكـی دیـكـەوە، جێـی خـۆیـەتـی بڵێین بـەرهـەمـە سـەرەتـا و چاوەڕواننەكراوەكانی والتەر بنیامین، كە تێیاندا هەوڵ دەدات ئەنارشیزم و كۆمۆنیزم پێكەوە كۆبكاتەوە، شایەنی بایەخپێدانی زیاترە.

بەر لە سالی 1924 ئەنارشیزم پەیامبەخشی سەرەكیی سیاسیی بنیامینی گەنج بـوو. لە كۆنگرەكدا بە ناونیشانی «ژیانی قوتابیان»، لـە سـاڵـی 1915 دا، سـڵاوی نـارد بـۆ ئـەو «ڕۆحــە تـۆڵـسـتـۆییـە«ی كـە تـەرخـانـبـوو بۆ خزمەتی هەژاران و »لە هزرە ئەنارشییە هەرە

قوڵەکانی کۆمەڵگە مەسیحییە دەیرییەکاندا» گەشەی کردبوو. ڕەنگە لەوەیش گرنگتر، ئەو وتارە بێت کە لە ساڵی 1921دا بە ناونیشانی «ڕەخنەی توندوتیژی» نووسیویەتی؛ لەوێدا مرۆڤ بە ڕوونی هەست دەکات ڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەری هزرەکانی «جۆرج سۆریل» و بزووتنەوەی سەندیکالیستیی ئەنارشیدایە. بنیامین ئەو هەموو ڕقەی خۆی لە دامەزراوەکانی دەوڵەت ناشارێتەوە، وەکو دامەزراوەی پۆلیس کە ئەو بە »شێوازە هەرە داڕزاوەکەی توندوتیژی، لەوەیش داڕزاوتر تەنانەت کە لە خەیاڵی مرۆڤیشدایە«ی دادەنێت، یاخود پەرلەمان »نمایشێکە کە شایەنی بەزەییە«. لە هەمان کاتیشدا و بە بێ هیچ سڵەمینەوە و پێچوپەنایەک هاوڕایە لەگەڵ ڕەخنەی نا-پەرلەمانتاریزمی بەلشەڤی یان سەندیکالیزمی-ئەنارشیدا؛ لای ئەو ئەم دوو ئاراستەیە لە نێو هەمان ئۆردوودان، هەروەها ئەو ستاییشی تێزە سۆریلییەکە -تێزی جۆرج سۆریل- دەکات دەربارەی مانگرتنە گشتییەکان وەک کارێکی دەستەکۆیی، بۆیە دەڵێت: »مانگرتن

بەشێوەیەکی سەرەکی و تایبەت بایەخ دەدات بە پرۆسەی خاپوورکردنی دەوڵەتی توندوتیژیی«. بنیامین ئەم ستراتیژییە تایبەتەی سۆریل بە ستراتیژییەتێکی ئەنارشیستی دادەنێت، واتە بە ستراتیژییەتێکی زۆر گونجاو و قوڵتر و ئەخلاقیتر و شۆڕشگێڕتری دادەنێت.

لە بەڵگەنامەیەکدا کە لە وەختی ژیانی بنیامیندا بڵاونەکرابوویەوە و لەو ماوەیەدا (1920-1921) بە ناونیشانی «مافی بەکارهێنانی توندوتیژی: لاپەڕەکان لەپێناو سۆشیالیزمی ئایینیدا»، نووسیویەتی، بنیامین بە ڕوون و ئاشکرا وا وەسفی هزر خۆی دەکات کە ڕوو لە ئانارشیزمە و سەر بەو ڕێبازەیە، لە یەکێک لە لاپەڕەکانیدا دەڵێت: »ئەو گوزارشتەی کە ئەم ڕوانگەیە هەڵیدەگرێت وبڕیارە دەری ببڕێت، کە دەشێت بە ئەنارشیزمیش ناوی ببەین، یەکێکە لە ئەرکە ئەخلاقییەکان کە فەلسەفە ئەخلاقییەکەی من بایەخیی پێداوە. ئەمەیش ڕوانگەیەکە کە مافی ئەخلاقیی توندوتیژیی لە جەوهەردا ڕەت ناکاتەوە، بەڵکو مۆنۆپۆلکردن و کۆکردنەوەی لە دەستی هەر دامەزراوەیەک یان کۆمەڵگەیەک

یان تاکەکەسێکدا، کە دەیەوێت توندوتیژی لەسەر خۆی مۆنۆپۆل بکات، ڕەت دەکاتەوە«.

لەبەرئەوە، هەر لەم دۆکیۆمێنتە سەرەتاییانەوە دەربارەی والتەر بنیامین، ڕوونە کە هەڵبژاردە ئەخلاقی-سیاسییەکەی ئەنارشییانەیە و ڕەتکردنەوەی ڕادیکاڵییانەی هەموو دامەزراوە توندوتیژییەکانە، بەتایبەتیش دەوڵەت. بەشێوەیەکی سەیر دوای کۆتایی ڕاپەڕینە ئەوروپییەکانی سالانی 1917–1923، زۆری نەبرد والتەر بنیامین مارکسیزمی کەشف کرد. دەشێت کە شەپۆلە شۆڕشگێڕییەکان زیاتر هزرە کۆمۆنیستییەکانیان قەبوڵ بێت، ئەگەرچی ئەو لەمەدا درەنگ کەوتبوو. لە ساڵی 1924 دا و لە وەختی خوێندنەوەی کتێبی «مێژوو و ئاگایی چینایەتی»ی «جۆرج لۆکاش»دا و، لە ڕێگەی بینین و چاوپێکەوتنی مامۆستا و چالاکی بەلشەفیست «ئاسیا لاتسیس»ەوە –کە دواتر والتەر بنیامین شەیدای دەبێت– مارکسیزم زیاتر سەرنجی ڕاکێشا و هەستی بەوە دەکات ، وەک ڕێگایەکی بیرکردنەوە کە دواتر دەبێتە کلیلێک بۆ بیرکردنەوە تیۆری و سیاسییەکەی، بەڕووی ڕووی رادەکێشرێت.

لە نامەیەکی دیکەدا بۆ گیریشۆم شۆلیم، لە سێپتێمبەری ساڵی 1924 دا، بنیامین باس لە ململانێ دەکات لەنێوان ئەو شتەی کە ناوی دەنێت «ئەسڵە عەدەمییەکان» لای خۆی و، «دیالەکتیک»ی جۆرج لۆکاشدا، ئەوەی لە کتێبی مێژوو و ئاگایی چینایەتیدا سەرمەستی کردبوو، پەیوەندیی جومگەیی بوو لەنێوان تیۆر و پراکتیکدا، ئەمەیش [بەلای بنیامینەوە] ناوکەیەکی پتەوی فەلسەفی بوو بۆ لۆکاش و پێگەیەکی بەرزی پێدابوو، بە جۆرێک »کە [بە گوێرەی وەسفی بنیامین] هەر شێوازێکی دیکەی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا، هیچ مانایەکی نەبوو جگە لە مامەڵەیەکی بۆرژوازیی دۆگمایی کە لە زمان تێناپەڕێت«. دووساڵ دواتر و لە نامەیەکی دیکەیدا بۆ شۆلیم، بنیامین دەنوسێت کە بیر لەوە دەکاتەوە بچێتە نێو حزبی کۆمۆنیستی ئەڵمانییەوە، بەڵام ئەمە بە واتای ئەوە نەبوو کە نکوڵی لە ئەنارشیزمە کۆنەکەی دەکات.

دواجار و دوای دوودڵیی زۆر، بنیامین بڕیاریدا نەچێتە ڕیزی حیزبی کۆمۆنیستەوە.

بۆیە لەگەڵ ئەوەدابوو مەودایەک لە حزب وەربگرێت، بەڵام هەر لەگەڵ حزبدا هاوسۆز بوو. دەتوانین یەکێک لەو نموونانەی کە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی بنیامین پشتیوانی حیزبی کردووە، لە یادگارییە تایبەتییە ڕۆژانەییەکانی مۆسکۆدا، لە نێوان ساڵانی 1926-1927، ببنینەوە، کە تێیدا گوزارشتی لە ڕەخنەکانی خۆی لە هەوڵەکانی حکومەتی سۆڤییەتی بۆ »ڕکێفکردنی دینامیکییەتی جوڵانەوەی شۆڕشگێڕی« کردووە. بە ئاشکرا دیارە ئەم بۆچوونە هاوڕایە لەگەڵ بۆچوونە ڕەخنەییە باوەکانی ئەو کاتەی بەرهەڵستکارە چەپەکانی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤییەتی: (ترۆتسکی، زینۆڤیف، کامینیف).

بنیامین هەرگیز وازی لە ئەنارشیزمە کۆنەکەی نەهێنا، وەک لەو نامەیەدا دەردەکەوێت کە بۆ شۆلیمی ناردووە و کەمێک لەمەوبەر باسمان کرد؛ کەواتە ئەی چۆن بەردەوامبوو لە ڕێگایەک کە دەیگەیاندەوە بە پرۆژەی کۆمۆنیزم؟ بێگومان یەکێک لە وتارە هەرە گرنگە ئەنارشیستییە-مارکسیستییەکانی بنیامین

ئەو وتارەیە کە ساڵی 1929 بە ناونیشانی: «سوریالیزم: دوایین دیمەنی ئەنتێلیجنسیای ئەوروپی» نووسیویەتی. لە یەکەم بڕگەی وتارەکەدا بنامین خۆی وەک چاودێرێکی ئەڵمانی وەسف دەکات کە لە شوێنێکدا »لەنێوان ئەنارشیزمی توندڕەو و دیسپلینی شۆڕشگێڕیدا« جێگیر بووە. داخۆ ئەم دوو وەسفە وێڕای ناکۆکییان پێکەوە دەگونجێن؟ لە ساڵی 1927دا، لە شەقامەکانی پاریسدا کۆمۆنیستەکان و ئەنارشیستەکان پێکەوە، دژ بە تۆمەتەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە ئاراستەی هەردوو ئەنارشیست نیکۆلا ساکۆ و بارتۆمۆلیۆ فانزیتی کردبوو، لە خۆپیشاندانەکان و ڕووبەڕووبوونەوەکاندا هاوشانی یەکتر دەڕۆیشتن، سوریالییەکانیش لای خۆیانەوە لەو خۆپیشاندانانەدا بەشداربوون، بنیامین بە پێی گوتەی خۆی شاگەشکە بووبوو بەو لاپەڕە نایابانەی کە لە ڕۆمانی «نادجا»ی «ئەندرێ بریتۆن»دا هەبوو، کە ساڵی 1928 بڵاوکرایەوە و تێیدا باس لەوە دەکات »ئەو ڕۆژە سەربەرزانەی کە لە کاتی ڕووداوەکاندا

بەسەرم بردن، پاریسیان شڵەژاند لەژێر ئەو دروشمانەدا کە ناوەکانی ساکۆ و فانزیتییان هەڵگرتبوو«.

لە ڕوانگەی بنیامینەوە، سوریالیزم تەنیا بەرهەمی »گروپێکی داخراوی ڕۆشنبیران نییە کە بایەخ بە ئەدەبیات دەدەن«. ئەم ڕوانگەیە بنیامین دەیداتە پاڵ هەندێک کەسانی سادە و و بێ کولتوور. سوریالیزم لە «بزووتنەوەیەکی پیشەیی» زۆر زیاترە، بگرە هەوڵدانە بۆ تەقاندنەوەی بازنەی بواری شیعری لەناوەوە، بە بەکارهێنانی ئەو ئەزموونانەی کە شەقڵێکی خەیاڵییان هەیە و خراونەتە نێو کۆنێکستێکی شۆڕشگێڕانەوە. با وردتر قسە بکەین، سوریالیزم «بزووتنەوەیەکی ڕوانگەیی»یە، کە ڕزگاریی نادەسەڵاتخواز چەسپاندوویەتی و بە دوای خاڵێکدا دەگەڕێت کە تێیدا لەگەڵ کۆمۆنیزمدا یەکتر ببڕن، یان لە پنتێکدا بە یەکتر بگەن.

داخۆ بنیامین چۆن ڕەهەندی ئەنارشیستیی سوریالیزم دیاریدەکات؟ لە هەوڵێکدا بۆ بەدەستەوەگرتنی جەمسەریی باکوری بواری

موگناتیسیی سوریالیزم، دەنووسێت: »لە باکۆنینەوە، ئەوروپا بنەما ڕادیکاڵییەکەی ئازادیی لەدەستداوە، بەڵام تاک و تەنیا سوریالییەکان هەیانە«.

ئەستەمە خەیاڵی ئەوە بکەیت کۆمەڵێک وشەی دیاریکراو بە جۆرێک دابڕێژیت کە لە هەمان کاتدا کارا بن، وەکو «دڵی تاریکایی» تیۆری ئەندرێ بریتۆن. بە بڕوای بنیامین: »دوژمنایەتی بۆرژوازییەت بۆ هەموو بزووتنەوەیەکی ڕزگارییخوازیی کولتووریی رادیکاڵی، ئەو شتەیە کە پاڵی بە سوریالیزمەوە ناوە لایەنی چەپ و شۆڕش بگرێت، دوای جەنگی لادێی ئیسپانیایش ئاراستەی کۆمۆنیزمی گرتووە«. هەر بە ڕاستییش، وەک ئەوەی بنیامین وتی، زۆری نەبرد لە ساڵی 1927دا، دوای جەنگی کۆلۆنیالیزمی فەرەنسی لە باکوری ئەفریقا، بریتۆن و کۆمەڵێک لە سوریالیستەکانی تر چوونە ڕیزی حیزبی کۆمۆنیستی فەرەنسییەوە. بەلای بنیامینەوە «پییەر نافیل» ئەو سیمبولە بوو کە بزووتنەوەی سوریالیزمی ئامادەکرد و هاندا تاوەکو بەلای چەپدا بشکێنەوە، ئەو

سەرنووسەری پێشووی ڕۆژنامەی «شۆڕشی سوریالیستی» بوو، هەروەها نووسەری کتێبی «شۆڕش و ڕۆشنبیران» بوو کە لە ساڵی 1926دا دەرچوو. لەو کتێپەدا پییەر پێشنیاری ئەوە دەکات کە هاوڕێ سورياليیەکانی بچنە ڕیزی حیزبی کۆمۆنیستییەوە. بنیامین لە پییەر نافیلەوە پێناسەی ڕەفتاریی شۆڕشگێڕانەی خواستووە و ئەویش وەک «ڕێکخستنی ڕەشبینیی» پێناسەی کرد.

بەلای بنیامینەوە ئەم ئاراستەگیرییە سیاسییەی سوریالیزم، واتای ئەوە نەبوو کە پێویستە دەست لە بەها ئەفسووناوی و ڕزگاریخوازییەکانی خۆی هەڵبگرێت. بەڵکو بە پێچەوانەوە، بنیامین بڕوای وابوو ئەم بەهایانە ئەوەیان بۆ سوریالیزم ڕەخساندووە کە لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیدا ڕۆڵێکی بێ جێگر و بێ نموونە بگێڕێت،: »بەدەستهێنانی وزەکانی «مەستکردن» بۆ شۆڕش، ئەو پرۆژەیەیە کە سوریالیزم لە تیزەکانیدا و لە هەموو کتێبەکانیدا لەبارەیەوە دامەزراوە. ڕەنگە ئەمە گرنگترین ئەرکێک بێت کە کەوتۆتە ئەستۆی، بەڵام لەپێناو

ئەوەی کە سەرکوتوو بێت، دەبێت سوریالیزم واز لە هەڵوێستە تاکلایەنییەکەی خۆی بهێنێت و ببێتە هاوپەیمانیی کۆمۆنیزم«.

ئەو کۆمۆنیزمە کامەیە کە بنیامین لەگەڵیدا هاوسۆز بوو؟ ڕەنگە ئەوە کۆمۆنیزمی فەرمی نەبووبێت، لە یەکێک لە وتارە سوریالیستییەکانیدا کە نووسیویەتی، بنیامین ئەوەی ڕەت کردۆتەوە باس لە بوخارین بکات –کە لە وەختی نووسینی ئەو وتارەدا بە گرنگترین ئایدیۆلۆژیستی مارکسیزمی سۆڤییەتی، دوای جۆزێزف ستالین، دادەنرا– وەک ئەوەی یەکێکە لە «میتافیزیکیستە ماتریالییەکان» (بنیامین ڕەتی کردەوە باس لە بوخارین و ماتریالیستێکی ئاستنزمی وەک کارل فۆگت بکات، کە لە سەدەی نۆزدەدا ژیاوە)، بەڵام ئەوەی بە ترۆتسکی ڕەوا بینیووە لە وتارەکەیدا باسی بکات، کە لەو کاتەدا لە حیزب دەرکرابوو و بۆ دەرەوەی یەکێتی سۆڤییەتی دوورخرابوویەوە.

سۆما مۆرگنسترن، لە ساڵی 1937 دا نامەی بۆ گیریشۆم شۆلیم نارد دەربارەی بۆچوونە سیاسییەکانی واڵتەر بنیامین، بە تایبەتیش

دەربارەی ئەوەی کە لە ساڵی 1926 ـدا بڕیاری دابوو نەچێتە ڕیزی حیزبی کۆمۆنیستییەوە، لەوێدا مۆرگنسترن نووسیەتی: »هیچ گومانی تیدا نییە کە ئەو بەردەوام بە هاوسۆزییەوە دەربارەی حیزبی کۆمۆنیزم قسەی کردووە... دەتوانین ئەو بە یەکێک لەو کەسانە دابنێین کە لەمڕۆدا پێیاندەڵێین ترۆتسکیستەکان«.

ڕەنگە لەم وەسفەدا زێدەڕەویی کرا بێت. ڕاستە پییەر نافیلی نوێنەری فەرمیی ئەنجامی یەکگرتنی سوریالیتسیەکان و کۆمۆنیستەکان، لەبەرئەوەی پشتگیریی لە دژایەتی ترۆتسکی کرد بۆ حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤییەتی، لە ساڵی 1928ـدا لە حیزبی کۆمۆنیستی فەرەنسی دەرکرا، بەڵام بە پێچەوانەی هەڵوێستی نافیلەوە، بنیامین ئەوەی ڕەت کردەوە کە سوریالیستەکان دەست لە ڕێنماییە ئەنارشیستییەکانی خۆیان هەڵگرن. ئەو بە سادەیی پێداگریی لەسەر ئەوە کرد کە «مەستی»ی ئەنارشیزم لەگەڵ ڕێکخراوی سوریالیزم و ئاراستەکەیدا تێهەڵکێشی یەکتری بکرێن، بۆیە دەڵێت: «وەک دەزانین بەلای سوریالیستەکانەوە تەنیا پێکهاتە ویژدانییەکە

که لەنێو کردەی شۆڕشگێڕیدایە بەس نییە. ئەم پێکهاتەیە لەگەڵ ئەنارشیزمدا هەمان شوناسیان هەیە. بەڵام ئەوەی بەلایانەوە گرنگە و بەسییانە ئەوەیە کە شێوەزاری پەیڕەویکردن لە ڕێباز و ڕەفتاری شۆڕشگێڕی بە تەواوەتی لە بەرژەوندی پراکتیکدا قەتیس بکرێت، کە لەنێوان توانای نواندنی کردار و دڵخۆشیی پێشوەختە بە شۆڕش، دێت و دەچێت».

کەواتە ئەم «مەستی»یە چییە کە بنیامین دەیەوێت بیخاتە نێو شۆڕشەوە؟ لە کتێبی «شەقامی یەک ئاراستە»دا، بنیامین ئاماژە بەم مەستییە دەدات و وەک پەیوەندیی سیحریی نێوان «گۆڕانکار»ی سەردەمی کۆن و «گۆڕانکار»ی یونیڤێرساڵی لێکیدەداتەوە، بەڵام هەروەها ئاماژە بە ئەزموونی مەستییش دەدات و وا وەسفی دەکات کە واتای نەمانی پەیوەندیی ڕیتواڵیی ڕۆحییە بە جیهانەوە لە مێژووی هاوچەرخماندا. وا دەردەکەوێت بنیامین لەو وتارەیدا کە لە گۆڤاری هەفتانەی جیهانی ئەدەبی (Literarische Welt) بڵاوکراوەتەوە، بە شێوازێکی نوێ لە نێو سوریالیزمدا کەشفی

ئەم پەیوەندییەی کردبێتەوە. وتارەکەی بنیامین چەند ڕەخنەیەکی لە ئاراستەی سوریالییەکان تێدایە، بەڵام دەرەنجامە هەرە گرنگەکە ئەوەیە کە سەرمەستی ئەندری بریتۆن و هاوڕێکانی بووە و دەڵێت: »بۆ ئەم ساتەوەختە، سوریالییەکان تەنیا گروپێکن کە لە پرسی هاوچەرخی مانیڤێستی کۆمۆنیزم تێگەیشتوون. ئەوان مرۆڤ لە خەو هەڵدەستێنن، شانۆی خاسیەتە تایبەتییەکانی مرۆڤایەتی بێدار دەکەنەوە بەرامبەر کاتژمێرێکی زەنگیی کە لە هەر خولەکێکدا شەست چرکە لێدەدات«.

ئەم ئەرگومێنتە ئاڵۆزە واتای چییە؟ ڕەنگە لە ڕێگەیەوە بنیامین پێشنیاری ئەو بەهایە بکات کە لە سوریالیزمدا هەیە و دەتوانێت دەرگایەکی چکۆلە و بەرتەسک ببینێت کە بۆ ئەوە دەستبدا شۆڕش لە هەر چرکەیەکی هەر خولەکێکدا لێوەی بێتە ژوورەوە.

هەڵبەت دەبێت دانبەوەدا بنێین، کە لە هیچ جێیەکی کتێبەکانی کۆتایی بنیامیندا وشەی سوریالیزم بە ڕوونی باس نەکراوە. بەڵام بەلای چاودێرێکی تیژبینی وەک «ڕۆلف تایدمان»ەوە

-سەرنووسەری چاپی یەکەمی کۆبەرهەمی بنیامین بە زمانی ئەڵمانی-، بنیامین لە تێزەکەیدا بە ناونیشانی «تێزەکان دەربارەی بنەمای مێژوو» کە لە ساڵی 1940 بلاوکراوەتەوە، باسی لەوە کردووە کە: »دەتوانین مەسەلەکە وەک نوسخەیەکی پاکنووسکراو بخوێنینەوە: لەژێر سایەی روونی مارکسیزمدا، عەدەمیەتە کۆنەکان ئەدگارییان دەرکەوت و ڕوونبوویەوە، ئەمەیش ڕەنگە هەڕەشەی بێت لەوەی کە پێشڕەویی بەرەو ئەم عەدەمیاتانە، ئەرکێکە کە کاری ئەنارشیستی دەکاتە کارێکی تاقانە».

سەرنجێکی لەم جۆرە شایەنی لێوردبوونەوەیە، بەڵام وا پێدەچێت «نوسخەی پاکنووسکراو»، وەسفێکی زۆر دروست نییە. بەلای بنیامینەوە وەسفکردنی پەیوەندیی دوو پێکهاتەکە پەیوەندییەکی میکانیکی پێکهاتەیی نییە، بەڵکو پەیوەندیی پێکهاتەی کیمیایی ئەو توخمانەیە کە پێشتر پاکنووسکراون. تایدمان بۆ پەرەپێدان و باشترکردنی تێزەکەی، ئاماژە بە تێزێکی ساڵی 1940 ـی بنیامین دەدات

و دەڵـیـت: »لای بنیامین گـوزارشـتـكـردن لە پراكتیكی سیاسی، ئاراستەیەكی ئەنارشیستی پڕ لە جۆشوخرۆشی هەیە، نەك ئاراستەیەكی ماركسیستیی عەقڵانیتر«. بەڵام كێشەكە لەم سەرنـجـانـەدا ئـەوەیـە كـە بـە تــەواوی ناكۆك و دژ بەو ئاراستەیەی بنیامینە كە بە ڕوونی هـەولـیدا جۆشـوخـرۆشـی ڕزگـاریـخـوازانـە تێكەڵ بـە عەقڵانییەتی ئاگایی ماركسیستی بكات، چونكە ئەو وایدەبینێت ئەم دووانـە، لە ڕووی زەرورەتـیـیـانـەوە بۆ ڕوودانــی ئەكتی شۆڕشگێڕیی، تـەواوكـەری یەكتر و هاوتای یەكترین.

ڕێكوپێكتر لە ئایدمان، یۆرگن هابەرماس ڕەهەندە ئەنارشیستییەكەی تێزەكانی كۆتایی بنیامین شیكار دەكات، بۆ ئەوەی لە ڕوانگەی پەرەسەندنی مێژووییەوە بیخاتە ژێر رەخنەی رادیكاڵییەوە. لە وتارێكی بەناوبانگدا، كە لە سالی 1970 دا نووسیویەتی، هابەرماس ڕەتی ئەو هەوڵە دەكاتەوە كە ماتریالیزمی مێژوویی بە بەكارهێنانی ڕەگەزە ڕزگارییبەخشەكان كە

ئەسڵێکی مەسیحییان هەیە، رادیکاڵیزە بکرێت؛ ئەو دەڵێت: »ئەم هەوڵە شکست لە چارەیدا نووسراوە، بەهۆی ئەوەی کە تیۆری ماتریالیستیی بۆ پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی ناکرێت بخرێتە نێو چوارچێوەی بنەمای ئەنارشیستییەوە، کە بە خێرایی لە ڕێگەی قەدەرێکەوە دێت هەر دەڵێی لە ئاسمانەوە هاتووە. ئەم بنەما مێژووییە دژە شۆڕشگێڕییە ناکرێت بخرێتە سەر ماتریالیزمی مێژوویی، وەک بڵێی عەبای راهیبێکە و دراوە بەسەر شانی ماتریالیزمی مێژووییدا؛ ئەو ماتریالیزمەی کە پێشکەوتنی بۆ گرنگە، نەک تەنیا لە هێزەکانی بەرهەمهێناندا، بەڵکو بە هەژموون و باڵادەستییش«.

بە بڕوای من، ئەوەی هابەرماس بە هەڵەی دادەنێت، یەکێکە لە هەرە گرنگترین بەها مارکسیستییەکانی واڵتەر بنیامین و نهێنیی سەرکەوتنەکەی بەسەر هەموو فۆڕمە پێشکەوتنخوازییەکاندا. توانای ئەو بۆ تێگەیشتن لە سەدەکە [سەدەی بیستەم]، لەوەدایە کە پەیوەستییە تایبەتییەکەی نێوان بەربەریزم و

مۆدێرنیزم دەبینێت، پەیوەستییەک کە چەند ساڵێکی کەم پاش مردنی واڵتەر بنیامین لە شێوەی کارەساتی ئاوشڤیتز و هێرۆشیمادا ڕیالیزە بوو. جیهانبینیی پەرەسەندنگەرایی بۆ مێژوو، کە بە زەرورەت پێشکەوتن لە شێوازی هەژموونی مسۆگەر دەکات، بایەخێکی گەورە بە فاشیزم نادات و تەنیا وەک قۆناغێکی رووکەش و زوو تێپەڕ لێیدەڕوانێت کە گوایە فریای شرۆڤە و تەفسیرکردنی ناکەوین، یان وەک کەمێک لادان و ڕێدەرچون لە پەرەسەندنی سەدەی بیستەم تەفسیری دەکات. وەک بینیامین لە یەکێک لە تێزەکانیدا نووسیویەتی، ئێستا کەس لە ئێمە ناتوانێت لە واتای فاشیزم تێبگات، ئەگەر بێتوو وای دابنێت کە ئاوارتەیەکە لە شێواز و تەرزی مێژوویی پێشکەوتن، پێشکەوتنێک کە تەنیا ڕووی لە پێشەوەیە.

دوای چەند ساڵێکی کەم، هابەرماس لە کتێبی «گوتاری فەلسەفیی مۆدێرنە»دا، کە لە ساڵی 1985 دا دەرچوو، دیسانیش مشتومڕی سیاسی لەگەڵ بنیامیندا دامەزراندەوە. لەوێدا

دژایەتی خۆی بۆ ئەو کەسانە دەربڕی کە مێژوو بەشێوەیەکی بەردەوام و پێکەوە پەیوەست نابینن، کەسانی وەکو کارل کیرۆش و واڵتەر بنیامین، هەر لە چەپە توندڕەوەکانە وە بۆ بیرمەندانێکی وەکو کارل کاوتسکی و لایەنگرانی ئەنتەرناسیۆنالیی دووەم و ئەوانەی کە بەلای هابەرماسەوە «لە کەشفکردنی هێزەکانی بەرهەمهێناندا زەمانەتی گۆڕانی شۆڕشگێڕیی لە کۆمەڵگەی بۆرژوازییەوە بۆ سۆشیالیستی، دەبینن».

بەلای هابەرماسەوە، بنیامین و چەپە توندڕەوەکان «ناتوانن وێنای شۆڕش بکەن تەنیا لە وێنەی قەڵەمبازێکی دووبارەی ناکۆتای بەربەریزمی پێش مێژوودا نەبێت». بە گوتەی هابەرماس، ئەم ئاراستەگیرییە: «لە ئاگایی سوریالیستەکانەوە دەربارەی کات [زەمەن] پەیامی خۆی وەرگرتووە. ئا لەمەیشدا لەگەڵ ئەنارشیزمدا هاوبەشن، بە تایبەتیش ئەوانەی کە پەیڕەویی لە نیچە دەکەن، لەو خاڵەدا کە لەڕێگەی پەنابردنەوە بۆ جۆرێک لە بەربەستی

ویژدانی و بەرگری و شۆڕشە عەفەوییەکانی ستەملێکراوان، دژایەتیی وەهمیی گشتی تایبەت بە هێزی وەهم دەکەن».

لێکدانەوەکەی هابەرماس چەندین کێشەی تێدایە. یەکەمجار «بنەمای بەربەریزمی پێش مێژوو»، گونجاو نییە بۆ وەسفکردنی کێشەی فاشیزم؛ هەموو هەوڵی بنیامینیش زۆر بە وردی مەبەستی دەرخستنی ئەوە بووە کە بەربەریزمی نوێ دووبارەکردنەوەی وەحشیگەریی پێش مێژوو نییە، بەڵکو ڕێک بە وردی دیاریدەیەکی مۆدێرنە. ئەم حەقیقەتەیش بۆ کەسێکی وەک هابەرماس کە بە دڵسۆزییەوە بەرگری لە مۆدێرنە دەکات، قبوڵکردنی سەختە. بەڵام بە گشتی، بە زیرەکی و بیرتیژییەکی زۆرەوە تونرا تێڕوانینی بنیامین بۆ مێژوو و بۆ ئایین، کە بنیامین لەم بارەیەوە دەیخاتە ئەستۆی سوریالیزم و ئەنارشیزم، قبوڵ بکرێت. شۆڕش بەرەودان نییە بە پەرەسەندن یان پێشکەوتنی مێژوویی، بەڵکو پچڕانی بەردەوامێتی مێژوویی هەژموونە.

**سەرچاوە:**

مايكل لوي، بنيامين الشاب، ترجمة: نايف الهنداس، حكمة- من أجل أجتهاد ثقافي و فلسفي. http://hekmah.org/7799-2/ .

# واڵتەر بنیامین و هونەری دووبارە بەرهەمهێنانەوە

تۆژینەوەی هاوبەشی:
زەهرا کەمالی – مەجید ئەکبەری
وەرگێڕانی: پەیمان عەلیپوور

**پوختە:**

والتەر بنیامین (1892-1940)، فەیلەسوف، ڕەخنەگری ئەدەبی و فەرهەنگی ئەڵمانیی، لەوتارێکدا بە ناونشانی «کاری هونەری لە سەردەمی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی میکانیکیدا» کاریگەری زۆری لەسەر ئاراستە جۆراوجۆرەکانی هونەری هەبووە. پرسێک کە بنیامین لەم وتارەدا دەیوروژێنێت، دەگەڕێتەوە بۆ کێشەی تەشەنەکردنی تەکنۆلۆژیا و ژیانی ئامێرییەوە؛ کە بەو پێیە چییەتی هونەریش لە چەرخی هەنووکەدا توشی گۆڕانکارییەک هاتووە. بە بڕوای بنیامین، درککردن و تێگەیشتنی بەردەنگی ئەوڕۆکە لە هونەر گۆڕانی بەسەرداهاتووە، ئەم دۆخەش بەستراوەتەوە بە هاتنەئارای جێگۆڕکێ لە بەکارهێنانی مەراسیمیانەی هونەر لەگەڵ بەکارهێنانی نمایشیانەی هونەر. بەپێی بۆچوونی بنیامین، ئەوشتەی کە لە بەرهەمی هونەریی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ئەوڕۆکەدا لەناودەچێت، ناودەندرێت خەرمانە (هالە) ی بەرهەمی هونەری. هونەرەکانی ئەمڕۆکە،

وەک فۆتۆگرافی و سینەما ڕەوتی دیارنەمانی ئەم خەرمانەیە خێراتر دەکەن. بنیامین باسی ئەوەدەکات کە ئەم ئەزمونە تازەیە و ئەمری توانای بەرهەمهێنانەوە ، بوونە هۆی ئەوەی کە کردەی مەراسیمیانەی هونەر لە بەرژەوەندی کردەی سیاسی و کۆمەڵایەتی هونەر وەلاوە بندرێن. لەڕاستیدا بەکارهێنانی کۆمەڵایەتی هونەر لە مەراسیمەوە بۆ سیاسی گۆڕدراوە. هەڵبەت بەگوێرەی بیری بنیامین لە هونەری توانای بەرهەمهێنانەوەی هاوچەرخدا هێزێک شاردراوەتەوە کە دەتوانێت دژی نەریت دەرکەوێت و وەلاوەی بنێت.

کلیلە وشە: تەکنۆلۆژیا، بەکارهێنانی مەراسیمیانە، بەکارهێنانی نمایشی، بەکارهێنانی کۆمەڵایەتی، توانای بەرهەمهێنانەوەی میکانیکی، بەرهەمی هونەری توانای بەرهەمهێنانەوە، فۆتۆگرافی، نەریت.

## پێشەکی

توانای بەرهەمهێنانەوەی هونەر لە سەردەمی هەنووکەدا بۆتە هۆی هەڵگیرسانی مشتومڕی

پڕتەنگژە لـەم بـوارەدا. ڕێگـاچارەی بنیامین خاوەنی تایبەتمەندی گەلێکە کە دەکرێ بوترێت پەیوەستە بەو هەلومەرجەی کە ژیانی تێدا بەسەربردووە. چونکە لە ڕێگەی تێبینیکردنی هـەلـومـەرجـی بـاڵادەسـتـەوە هـەوڵـدەدات شووناسێکی سیاسی بە هونەر بدات. بنیامین دەخوازێت کە ئێمە لە چییەتیی پارچەپارچەبووی ئـەزمـونـی مـۆدێـرنـە ئـاگـاداربـکـاتـەوە و لە جیاوازی هونەری مۆدێڕن و پێش مۆدێڕن لە سۆنگەی کردەی زۆرکردنەوە وریامانکاتەوە. ئەو ئاماژەدەکاتە سەر لەناوچوونی توانای ئاڵوگۆڕکردنی ئەزمونەکان لـە سـەردەمـی هەنووکەدا بە هۆی کەوتنی بەهاییانەی خودی ئەزمون. بنیامین سەرنجدەداتە سەر تواناکانی ئەزمونی هونەری لە سـەردەمـی هەنووکەدا. ئەو بە پێچەوانی زۆربـەی بیرمەندەکانەوە، بـەدوای ڕانـانـی پێناسەیەک بۆ هـونـەرەوە نەبوو، لەبەرئەوەیکە بە پێچەوانەی کۆمەڵێک فـەیـلـەسـوف وەک هـایـدیـگـەر کـە بـەدوای دۆزینەوەی چییەتی هونەرەوە بوون، سەرقاڵی لێکۆڵینەوە لەسەر چییەتی ئەزمونی هونەری

سەردەمی مۆدێرنەوە دەبێت وە لە هەوڵی ئەوەدایە هەتا ئەزمونی جوانیناسانە بە مانای سنووردراری کانتەوە، پەرەپێبدات. ئەزمونێک کە بنیامین دەیوروژێنێت، ئەزمونێکە بێبەری لە کردەوەی مەراسیمیانە یە وە لە تەنگژە لەگەڵ نەریت دایە. ئەو هونەر وەکو ئەمرێکی ئۆبێکت و سەروتر لە ئەزمونی مرۆڤەکان سەیرناکات؛ لە پیرۆزی سڕانەوەش بە یەکێک لە ئەزمونە باو و ڕۆژانەکانی ژیانی مۆدێرن ئەژماردەکات.

لەم ڕووەوە، لەم وتارەدا، سەرەتا وەڵامی ئەم پرسیارە دەخرێتەڕوو کە، توخمی زەق و تایبەتمەندی سەرەکی ئەزمونە هونەرییەکانی سەردەمی هەنووکە لە ڕوانگەی بنیامینەوە چین؟ دواتر هەڵسەنگاندن بۆ ڕێکاری بنیامین بۆ پرسی توانای بەرهەمهێنانەوە دەکرێت.

## ئەزمونی هونەر لە ژیانی ڕۆژانەی مۆدێرندا

وتاری «بەرهەمی هونەری لە سەردەمی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی میکانیکیدا»ی واڵتەر بنیامین، بۆ هەموو مشتومڕێک سەبارەت بە بەرهەمی هونەری لە سەروبەندی هاوچەرخدا،

بەرهەمێکی بنەڕەتی و بنچینەیی یە. ئەم پرسە کە [دەڵێت] وەها باس و خواسێک لەمەڕ بەرهەمی هونەرییەوە دەبێ لە فەلسەفە یان ڕەخنەی ئەدەبی و مێژوی هونەرەوە یان دراساتی کولتوریدا بێنەکایەوە خۆی لە خۆیدا جێگای تێڕامانە. هەڵبەت لەنێو سەرلەبەری بەرهەمەکانی بنیامیندا، ئەم وتارە زۆرتر جۆرێک وتەگێرانەوەیە. هەرچەند لە هەمان حاڵدا، لەڕاستیدا ڕەنگە لانیکەم تا ڕادەیەک لەگەڵ چەمکە فەلسەفییەکان پەیوەندی هەبێت. بە چاوپێداخشاندنێکی گشتی بە بیروڕاکانی بنیامیندا، دەتواندرێت لە پشت تێکڕای بەرهەمە جۆراوجۆرەکانی ئەودا، شێوەی ڕووخساری کەمتاکورتی فەیلەسوفێک بەدیبکرێت؛ بە شێوەیەک کە ئەو بابەتی سەرەکی ڕەخنەی فەلسەفی بە ئاشکراکردنی ئەم خاڵە دەزانی کە بەکارهێنانی فۆڕمەکانی هونەر ئەمەیە کە ناوەڕۆکی مێژویی بکەن بە هەقیقەتی فەلسەفی. خۆشەویستی ئەو بۆ ئەدەب و دواتر بۆ هونەرەکانی دیکە، دەرەنجامی دۆزینەوەی ئەم پەیوەندیەی نێوان هونەر و فەلسەفە بوو. لە

ڕوانگەی بنیامینەوە، هونەر نەک تەنیا دەبێ لە سۆنگەی وێناکردنی واقیعی کۆمەڵایەتیانەی ململانێی چینایەتی هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت، بەڵکوو دەبێ بە گوێرەی تەکنۆلۆژیاکانیشییەوە، هەروەها بەگوێرەی پێگەی هونەر لە پەیوەست بە بەرهەمهێنانە ئەدەبییەکانی سەردەمێکی دەستنیشانکراودا لێکدانەوەی بۆ بکرێت.

دەکرێت لایەنگەلێکی جیاواز لەم وتارەی بنیامین جیابکرێتەوە و تۆژینەوەی لەسەر بکرێت. بەڵام یەکێک لە دڵڕفێنترین و سەرنجڕاکێشترین بابەتەکان لەم وتارەدا ئەوەیە کە چ پەیوەندییەک لەنێوان مێژووی بەرهەمە هونەرییەکان لەڕووی مێژوی پەرەسەندنی تەکنۆلۆژیاوە لەگەڵ کاریگەری هاوکاتیانەی پەرەسەندنی چەمکگەلێک لەئارادایە کە هونەر بەگوێرەی ئەوانەوە درک پێدەکرێت. بە وتەیەکی تر، «ئەزمونی هونەری» چ دەستڕۆیشتوویەکی بەرفراوانی لەهەر سەرووبەندێکی زەمەنی تایبەتدا، لە تێگەیشتن و لێکدانەوەی هونەردا هەبووە. شتێک کە لەم بوارەدا بەرماندەکەوێت ئەم پرسەیە کە هونەر ئیتر خاوەن پێگەیەکی باڵا

و دوور لە دەستپێڕاگەیشتن نیە. تەکنۆلۆژیاکان ڕێگاکانی بیرکردنەوە لە مێژوی هونەر و هەروەها فەلسەفەی هونەریان بەڕەوڕووی ئێمە کردوەتەوە.

هەمیشە لە درێژایی مێژوودا، فەیلەسوفەکانی هونەر هەوڵیانداوە کە پێناسەیەک لە هونەر و بەکارهاتی ئەو بخەنەڕوو وە بەدوای دۆزینەوەی وەڵامێک بۆ ئەم پرسیارە بوون کە «هونەر چییە؟» یان «بەرهەمی هونەری دەبێ چۆن بێت؟» هەتاکوو لەم ڕوانگەیەوە بتوانن چییەتی سەرەکی هونەر ئەگەر تەنانەت نەکرێتە بە چەمکیش، لانیکەم درکپێکراوی لێ بکەن. بەڵام ئەوشتەی کە وادەکات بنیامین هەستێت بە تێڕامان لەم بوارەدا، بەهیچ شێوەیەک، پرسیارکردن لە پێناوی پێناسەکردنی هونەر بە شێوەیەکی گشتیدا نیە. ئامانجی ئەو گەیشتن بە پێناسەیەکی تراسندێنتاڵ لە هونەر نیە بەڵکو پرسیارکردنە لە چییەتی ئەزمونی هونەری لە سەردەمی خۆیدایە؛ واتا هونەر لە ئەزمونی ڕۆژانە و کۆمەڵایەتی ئێمەدا. لەڕاستیدا، ئەو پرسیار لە سەردەمی خۆیدەکات.

پرسیارەکەی ئەو ئەمەیە: چ گۆڕانکارییەک لە ئەزمونی هونەری و بەدوای ئەودا لە ئەزمونی ئیستاتیکیایی و دواجار لە ئەزمونی مۆدێرنەی ئێمەدا ڕوویداوە کە ئەوی شایستەی تێڕامانی فەلسەفی کردوە؟ لە ئەنجامدا، ئەو لە ڕەوتێکی جوانیناسیدا خەریکی تێڕامانە کە باگراوەندە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانی ئێمە دەخاتە بەردەم پرسیارەوە. لەڕوانگەی ئەودا هەڵسووکەوتە هونەرییە جۆراوجۆرەکان لە سەردەمە جیاوازەکاندا، لە ژێر کاریگەری بونیادی خودی ئەزمون لەو سەردەمەدا یە. بۆ نموونە، پووکانەوەی شیعری لیریک وە یان حەکایەتخوانی لە سەردەمی تەکنیکدا دەربڕی هەژاری ئەزمون و توانایی ئاڵوگۆڕکردنی ئەزمونە.

هونەر لە سەردەمی مۆدێرندا، ئیتر فاکتەرێک بۆ گواستنەوەی ئەزمون نییە، بەڵکوو پانتاییەکە کە مرۆڤ تێیدا فێردەبێت چۆنچۆنی بەرگەی زەبری کات بگرێت. ئەم گۆڕانکارییەی بەرهەمهاتوو لە تەکنۆلۆژیا دەبێتە هۆی ئاشکرابوونی تایبەتمەندیگەلێک کە لەبەرهەمە

هونەرییەکانی ڕابردوودا شاراوە بوون. بنیامین پەیوەندی ئەم تایبەتمەندیانە، ناودەنێت خەرمانە کە دواتر ڕووندەکرێتەوە.

بنیامین لەم وتارەدا هەوڵدەدات کە کاریگەری بەرهەمهێنان و بەرخۆریکردنی کۆمەلانی خەلک، وە تەکنۆلۆژیای مۆدێرن لەسەر پێگەی بەرهەمە هونەرییەکان وە شوێنەواری ئەوان لەسەر فۆرمەکانی هونەری گشتی یان کولتوری گشتی هەلبسەنگێنێت. بە بڕوای بنیامین، لەو سۆنگەیەوە کە بەرهەمە هونەرییەکان، ڕەگ و ڕیشەیان لە ئایینزاکان و لە داب و نەریتیە ئایینزاکانەوە دایە، دۆخێکی تایبەتیان وەرگرتووە کە نیشاندەری دەسەلات و پاوانکراو بوون و بێهاوتابوونی ئەو لەڕووی کات و شۆنەوە یە. هەروەها بەرهەمە هونەرییەکان پێگەیەکی تایبەتیان لە مەراسیمە ئایینزاییەکاندا داگیردەکرد، کە توانیوێتی لەڕووی کولتوریەوە ڕەوایەتی بدات بە نەزمی زاڵ و لەڕووی کۆمەلایەتیەوە توندوتۆلی بکات. بەلام هونەری توانای بەرهەمهێنانەوەی نوێ، دەرەتانی ئەزمونی هونەری بردوەتە

ناو تێکرای کۆمەڵانی خەڵکەوە وە دەتوانێت ئەزمونی دەستەجەمعی کە هونەری نوخبەگەرا، مرۆڤی مۆدێرنی لێی بێبەشکردبوو بگەڕێنێتەوە بۆ لای ئەو.

بنیامین زۆرجار لە ئەزمونی جوانیناسی سنووردارردا، کە دەربڕی خوێندنەوەی کانتە- وە بەرەو هەژاری و بێمانایی ئەزموندا دەشکێتەوە- ڕەخنە دەگرێت. وەها ئەزمونێک، دەڕوانێتە ئەو چێژە جوانیناسانەی کە دەرهاویشتەی بینینی شتەکان و بابەتەکانە لە ڕوانینێکی مەودادار و تێڕامانگەرانەوە؛ بینینێک کە لە شتەکاندا نقوم نابێت. بەڵام، بە پێچەوانەوە ئەزمونێک کە کۆمەڵانی خەڵک لە سەردەمی نوێدا، بەدەستی دێنن، دزەکردن و نزیکبوونەوە لە تەنە. هەڵبەت بنیامین ئەرگۆمێنتی ئەوە دێنێتەوە کە پێدەچێت بەرهەمە هونەرییە نەریتییەکان بۆ هەموو خەڵک بەشێوەی یەکسان پێویست و زەروری نەبن، چوونکە بەرهەمە تەکنیکیە نوێیەکان زۆرتر لەگەڵ پێویستییەکانی کۆمەڵانی خەڵک دەگونجێن وە باشتر وەڵامدەرەوەی پێداویستیێکانی ئەوانن.

بە بڕوای بنیامین، لە درێژایی سەردەمە دوور و درێژەکانی مێژوودا، شێوازی درکپێکردنی هەستەکی مرۆڤ وێڕای سەرجەم فۆڕم[ەکان]ی هەبوونی کۆمەڵگای ئینسانی، گۆڕانی بەسەردا هاتووە. شێوازێک کە لەمیانەی ئەمەوە درکپێکردنی هەستەکی مرۆڤ دەبێتە بە کردە؛ ناوبژییەک کە لە ئەمدا درکپێکردنی هەستەکی گەشەدەکات، نەک بەتەنها بە سرووشت بەڵکوو وابەستەی هەلومەرجی مێژووییشە. لە سەردەمی هەنووکەشدا تەکنیکی زۆرکردن بۆتە بەهۆی درووستبوونی گۆڕانکاری لە ئەزمونی هونەری ئێمەدا و بەدوای ئەمەدا چییەتی هونەریش لە سەردەمی ئێمەدا تووشی گۆڕانکاری هاتووە؛ لەم ڕوویەوە چییەتی هونەر لە سەردەمە جۆراوجۆرەکاندا جیاوازە؛ کەوایە ئەوەیکە هونەر لە سەردەمە جۆراوجۆرەکاندا خاوەنی فۆڕمووڵە جیاوازەکانە، هۆکارەکەی نەک ناوەڕۆکی بەرهەمەکان بەڵکوو چۆنێتی تێگەیشتن و هەڵسووکەوتی بەردەنگەکانی بەرهەمەکانە لەگەڵ ئەواندا.

خاڵێکی گرنگی دیکە ئەمەیە کە، بەرهەمی

مێژوویی ڕیگڵ بە ناونیشانی «تەکنیکەکانی هونەری ڕۆمای دواییین» بوارێک بوو بۆ پێکهاتنی بۆچوونەکانی بنیامین. ڕیگڵ، تیۆری ڕۆمانتیکی، بەگوێرەی سەربەخۆبوونی بەرهەمی هونەری، لەڕێگەی گەڕاندنەوەی پانتایی هونەری بۆ پانتایی مێژووی کۆمەڵایەتی بە کۆتایی دەگەیێنێت. لە ڕوانگەی ڕیگڵ، گۆڕانکاری لە تەکنیکە هونەرییەکاندا لەو گۆڕانکاریانەوە سەرچاوە دەگرێت کە لە شێوازی ڕوانین و تێگەیشتنی خەڵک لەمیانەی سەیرکردنی جیهان دێنە کایەوە. بەم پێیە، ئەو نکۆڵی لە مێژووی هونەر دەکات وە بڕوای وایە ئەوەی لە ئارادایە بەس مێژووی ژیانی خەڵکانێکە کە پێداویستی جیاوازیان هەیە وە بە شێوازی جیاواز ئەم پێداویستیانە دابین دەکەن.

بە سەرنجدان بەو شتانەی کە باسکران دەکرێ بوترێت کە، هونەرمەند ئیتر بە کەسایەتییەکی سەربەخۆ و داهێنەر ئەژمار ناکرێت، بەڵکوو ڕێک وەک کەسێک دێتە بەرچاوە کە لەگەڵ ڕەوشی کۆمەڵایەتی و مێژوویی دیاری کراودا، لەگەڵ هەلومەرجێک بۆ بەرهەمهێنانی هونەر ڕووبەڕوویە

کە بەنسبەت خۆییەوە دەرەکین. نوسەریش هەر وەک «بەرهەمهێنەر» سەیردەکرێت کە کارەکەی سوودوەرگرتن لە ئامرازە تەکنیکیەکان و داڕێشتنەوەی ئەوان لە بەرهەمێکی هونەریدا یە. لە سەردەمی هەنووکەدا، شێوازەکانی بەرهەمهێنانی هونەری وەکو شێوەکانی چاپکردن و بەرهەمهێنانەوە، هەلومەرجی هونەرمەند دیاری دەکەن. بە وتەیەکی دیکە، هونەرمەند دۆڕاوی هەلومەرجی باڵادەستی سەردەمی خۆیەتی وە هەلومەرج و دەرەتانە دەرەکییەکان چۆنێتی هونەری ئەو پێکدێنن.

باسکردنی «ئەزمونی مۆدێرنە» لە زمان مارشاڵ بێرمەنەوە، ئەم پرسە تاڕادەیەک ڕووندەکاتەوە. بەبڕوای ئەو، مۆدێرنە کۆبەندی دوو ئەمری ئەزمونکردنی دەرەتانەکان و مەترسییەکانی ژیانە. «لای ئێمە مۆدێرنبوون واتا بەسترانەوە بە ژینگەیەک کە سەربووردە، دەسهەڵات، خۆشی، گەشەکردن وە گۆڕانکاری خۆمان و جیهانمان بەڵێن پێدەدات وە لەهەمان کاتدا، ئێمە لەگەڵ هەڕەشەی لەناوچوون و کاولبوونی هەموو ئەوشتانەی کە هەمانە،

هەموو ئەوشتانەی کە دەیزانین و هەموو ئەوشتانەی کە هەین، ڕووبەڕوو دەکاتەوە.»

لای ئەو، دەستەواژەی «ئەزمونی هونەری» واتایەکی بەرفراوانی فەلسەفی وەردەگرێت هەتاکوو دەگاتە ڕەهەندێکی ڕەخنەگرانە وە دواجار دەگاتە مەبەستێکی سیاسی. بەم پێیە، نەک لەبەر دەستپێبوونی سەردەمی دیجیتاڵ وە پێنانە ناو ئەم سەردەمە، پێویستیمان بە تێڕامان لە ڕوانگەی بنیامین هەیە، بەڵکو زەڕووڕە بنیامین وێڕای فۆڕمگەلێکی گۆڕانکاری بەسەرداهاتووی هونەری وەک مۆسیقا، فۆتۆگرافی، ئەدەب و تەلارسازی، هەڵسەنگاندنەوەی بۆ بکرێتەوە. ئەم ئیشە بەها شاراوەکانی وتارەکەی بنیامین بەناوی «بەرهەمی هونەری لە سەردەمی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی میکانیکیدا» ئاشکرا دەکات.

## تایبەتمەندییەکانی هونەر لە سەردەمی مۆدێرنەدا

هەر وەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد، دەکرێت بنیامین بە پێشەنگی ئەو تیۆرە لە مێژووی هونەر بزاندرێت کە پێیوابوو ئامرازە ماتریالەکانی

پەیوەندی هونەری، ڕۆڵێکی بنەڕەتییان لە مانای هونەردا هەیە. ئەگەر ئەم پێشەکییە قەبووڵبکەین کە ئامرازە ماتریالەکانی درکپێکردنی هونەری، ڕۆڵێکی بنچینەیی لە چۆنێتی هونەردا هەیە، دەبێ ئەوسا بزانین کە چ فاکتەرێک ئەزمونی هونەری لە سەردەمی مۆدێڕنەدا پێکدێنێت. بنیامین لایەنی جیاوازی هونەری مۆدێرن لەگەڵ پێش مۆدێرنە لە زۆرکردن و توانای بەرهەمهێنانەوە هونەری مۆدێرنەدا دەدۆزێتەوە. بنیامین ئەرگۆمێنت دەخاتەڕوو کە، ئەوەی گرنگایەتی هەیە گۆڕانکارییەکانی بەرهەمهاتوو لە تەکنۆلۆژیاکانە کە دەبێتە هۆی بەرهەمهاتنی بەرهەمە هونەرییەکان. بە سەرنجدان بە وتاری «بەرهەمی هونەری لە سەردەمی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی میکانیکیدا» دەکرێت نیشانبدرێت کە ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە بەرهەمە هونەرییەکاندا هاتوەتەکایەوە دوو ئەنجامی جێگای باسکردنی خستوەتەوە: سەرەتا ئەوەیکە، مێژووی پەرەسەندنی تەکنۆلۆژیا، چوارچێوەیەکی دەستەبەرکردوە کە بەرهەمە هونەریە بیندراوەکان لە نێو ئەودا

درکیانپێدەکرێت. بەڵام ئەنجامی دووهەم کە بەشێوەیەکی لابەلا دەکرێت ئاماژەی پێبکرێت ئەوەیە کە قەبووڵکردنی گۆڕانگاری بەمانای وازهێنان لە هونەری ڕابردوو نیە.

تەکنۆلۆژیاش دەکرێت هەروەکوو فاکتەری پەرەسەندن و بەرفراوانبوونی ژین-جیهانی مۆرڤ لێی تێبگەین. هەروەها دەکرێت وەکوو فاکتەری شوورەیی یان داخرانی مێژوو لەبەرچاو بگیرێت. هونەرەکانی سەردەمی هەنووکە وەکوو سینەما و فۆتۆگرافی جێگای خەرمانەی نەریتیانەی هونەر لەڕێگەی ئەزمونی گشتی و ڕاچڵەکانەوە مۆنتاژ دەکەنەوە.

لای بنیامین، مۆنتاژ بوو بە فۆڕمی تەمسیلیانەی مۆدێرن و بنیادنەر و دینامیک، کە ئەم توانایەی هەبوو هەتا شتە ناوێکچوەکان وەها لەگەڵ یەک پەیوەست بکات کە بتوانێت خەڵک بۆ درکپێکردن و تێگەیشتن لە شتە نوێیەکان «بهەژێنێت». لە ڕوانگەی ئەوەوە، ئەم هەژانە وەکو ئەزمونی یەکەمین و سەرەتایی لەنێو بێسەرەوبەرەیی ژیانی مۆدێرنی بەکۆمەڵیانە و پیشەسازیانەی شار دایە.

زۆربەی بزوتنەوە هونەرییەکانیش بە پرسی زۆرکردنەوە خەریکبوون، کە لەم ناوەدا دەتوانین ئاماژە بکەین بۆ بزوتنەوەی پاپ ئارت . بەرهەمە هونەرییەکانی ئەم بزوتنەوەیە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەنجە دەخەنە سەر سۆشیاڵ میدیای «توانای بەرهەمهێنانەوە» وە وێنەگەلێک لە شتەکان و مرۆڤەکان نمایش دەکەنەوە کە بەشێوەی ڕۆژانە لە ژیانی تاکە مۆدێرنەکاندا دێتە کایەوە. ئەندی وارهۆڵ، لە ئەندامەکانی ئەم بزوتنەوەیە، زۆر جاران بابەتی توانای بەرهەمهێنانەوە لە کەتەگۆرییەکانی ژیانی ڕۆژانەدا بەشێوەی تیلنیشان نمایشدەکات. ئەو بۆ درووستکردنی بەرهەمەکانی خۆی لە دەرەتانەکانی چاپکردن و زۆرکردن، بەتایبەت سوودی لە ڕێبازی سیلیک سکرین وەردەگرت. بەرهەمەکانی ئەو بەشێوەیەکی ئاسایی لە دووبارەکردنەوەی وێنەیەکی وێکچوو پێکدێت؛ لە بەناوبانگترین بەرهەمەکانی دەکرێت ئاماژە بۆ «پەردەی کۆکاکۆلا» (1962) وە یان دووبارەکردنەوەی وێنەی تاک ڕووخساری زۆری هونەرمەندگەلێک وەک ئولیس پریسلی

و میٚرلین مۆنرۆ بکەین. لێرەدا هونەرمەند وەکو کامێرای فۆتۆگرافی وە یان مەکینەیەکی زۆرکردنی ئۆتۆماتیکی ئیشدەکات؛ هەڵبەت خۆشی ئاگادارە کە دەیەوێت هەروەکوو مەکینەیەک ئیشبکات. بە سوودوەرگرتن لە هونەری پاپ کە لە گەورەکردنەوەی توخمە هەڕەمەکیەکانی ژیانی ڕۆژانە لە کۆمەڵگای بەرخۆرکارەوە سەرچاوە دەگرێت، دواجار، هونەرمەندەکانی پۆپ بە خەڵکیان نیشاندا- بە یارمەتی ئەو وێنانەی کە ئەوان بە هەر هۆکارێکەوە کە بڕوایان پێهێنابوو وە ئەوانیان بەگوێرەی بنەما فەلسەفییەکان و کۆمەڵایەتییەکانیان دەزانی- کە دەتوانن کاریگەرییەک لەسەر ئەوان دروست بکەن کە هەرگیز ئەزمونیان نەکردبوو وە تەنانەت هەتا سنوری گۆڕانکاری بڕۆنە پێشەوە.

مارشاڵ بێرمەن دەڵێت یەکێک لە بنەڕەتیترین گرفتەکانی مۆدێرنیزم، ئارەزووی هونەری مۆدێرنیزم بە هەڵپەساردنی پەیوەندی لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەی خەڵکانی ئاسایی یە، هەرچەند بێرمەن باسی حاڵەتێکی ڕیزپەر وەک جیزم

جۆیزیش دەکات. ئەو دەڵێت کە لای هونەرمەندێکی وەک بۆدلێر، ئەو هونەرەی کە لەگەڵ ژیانی ژنان و پیاوانی شەقام و کۆڵانەکان گرێدراوییەکی قوڵی نەبێت، بەمانای ڕاستەقینەی وشەکە، بە هیچ شێوەیەک مۆدێرن نیە. مۆدێرنیتەیەکیش کە بنیامین بەدوایدا دەگەڕێت خاوەنی وەها فۆڕمێکە، هەتاکوو بتوانێت ئەزمونێکی گشتی بێنێتە ئاراوە وە لەم ڕوویەوە ئەو یەکێتییە بەکۆمەڵەی مرۆڤەکانی سەردەمی پیشەسازی کە خەریکە لەناودەچێت، هەرچۆنێک بێت بیپارێزێت و بیخاتە سەر ڕەوگەی ڕزگاری مرۆڤەکانەوە. بنیامین هونەری لە خزمەت بابەتە سیاسیەکان، فەلسەفییەکان و ئایینیەکاندا بەدیدەکرد. بەڵام ئەو هەروەها بە شێوەیەک ئیدعای ئەوەی دەکرد کە هونەر بەرەو لەناوچوونە. هەڵبەت ڕەنگە ئەم لێڵیە لە قسەکانی ئەودا بەرەو تێگەیشتنی جۆراوجۆردا بشکێتەوە.

دەبێ بوترێت کە ئەو جیاکارییەی کە ئەو لەنێوان هونەری مۆدێرن و پێش مۆدێرن بڕوای پێیەتی بە مانای مردنی هیگڵیانەی هونەر نیە. لەڕاستیدا ئەو پێیوایە کە هونەر وەکو ئەکتێکی ئینسانی هێستاش زیندووە، بەڵام لەگەڵ

هونەری ڕابردوو جیاوازی بنچینەیی هەیە. ڕەنگە بتوانین بڵێین ئەو شتەی کە لە سەردەمی مۆدێرنە ڕوویدەدا مردنی هونەر بەو مانایەی کە هیگڵ باسی دەکات نیە، بەڵکوو مەردنی جوانیناسیە کە ڕوویداوە. واتا مردنی ئەو باوەڕە فەلسەفیانەی کە ڕەنگە دەیانتوانی بە هەلومەرجێکی هەرمانیانەی ئەگەری ئەزمونێکی جوانیناسی- کە یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی سرووشتی بوونی مرۆڤ ئەژماردەکرێت- بگەن. ئێستا بە سەرنجدان بە وتارەکەی بنیامین واتا «بەرهەمی هونەری لە سەردەمی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی میکانیکیدا» دەرکەوتوە کە یەکێک لە فاکتەرەکانی نیشاندانی کۆتایی جوانیناسی لە سەردەمی هەنووکەدا (درووستبوونی) کۆمەڵگای بەکۆمەڵیانەیە.

یەکێک لەو خاڵانەی کە بنیامین باسیدەکات ئەوەیە کە، وەرگرتنی بەردەنگ لە هونەرەکانی سەردەمی نوێدا لەمیانەی جۆرە «بیر پەرتبوونێتی» بەرهەمدێت و نەک سەرنجپێدانی جددی بۆ بەرهەمی هونەری هەتاکو بیەوێ هەموو بوون و هۆشی لە خزمەت ئەو دابنێت؛ ئەم پرسە لە شێوازی درکپێکردنی بەردەنگیشدا

کاریگەری جێگیر بەجێدەهێڵێت. بنیامین لەم بوارەدا زۆر لە ژێر کاریگەری تیۆری بریێخت لەمەڕ شانۆگەری حیماسی و ڕێبازە پێشنیارکراوەکەی ئەو واتا مەودانانەوە دایە. بۆ نموونە لە نیگارکێشانەوەی باودا کە بینەر لە فۆڕمە نیگاریەکاندا نقوم دەبێت وە سەرنجێکی زۆر دەدات بە گۆشە نیگاکان و لەپاڵیەکدانانەکان و ڕەنگەکان، بەڵام لە هونەرەکانی سەردەمی هەنووکەدا وەکو سینەما، وێنەکان بەدوای یەکدا بە خێرایی لەجووڵەدان وە دەرفەتی قوڵبوونەوە بە بینەر نادەن.

بنیامین ئەم ڕەوتەی لەئارادا نەهێشتنی مەودا نەریتییەکانی نێوان ستەیج و بینەر، لەژێر ناونیشانی پڕکردنەوەی چاڵی ئۆرکێسترا باسدەکات. لێرەدا وەهمی شانۆگەری دارِماوە، وە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسی، بەو چەشنەی کە لای بینەر ئاشکرادەبێت، لە شانۆنامەکەدا دەرناکەوێتەوە. بینەر وێڕای ئەکتەرەکان ناچاردەکرێت کە لەبارەی ئەم هەلومەرجە بیربکاتەوە.

## توانای بەرهەمهێنانەوە و
## پوکانەوەی خەرمانەی بەرهەم

بنیامین لەمیانەی قسەکردن لەسەر هونەری مۆدێرنە کە گرنگترین تایبەتمەندی ئەو بە «توانای بەرهەمهێنانەوە [یاخود دووبارە بەرهەمهێنانەوە]» دەزانی، ئاماژە بە خاڵێکی گرنگدەدات؛ واتا قسەکردن لەسەر دەرکەوتە یان بە وتەیەکی دیکە خەرمانەی پیرۆزێتی بەرهەمە، کە بە جۆرەیەک دەکرێت بە لایەنی جودایی هونەری مۆدێرنە لەگەڵ هونەری نەریتی بزاندرێت. ئەو لە بەشی دووهەمی وتاری «بەرهەمی هونەری لە سەردەمی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی میکانیکیدا» باس لەوە دەکات کە ڕەنگە بتوانین ئەو شتەی کە لە هونەری «توانای بەرهەمهێنانەوە»دا دەسڕدرێتەوە لە ژێر چەمکی خەرمانەدا جێگای بکەینەوە وە بەشێوەیەکی گشتی بڵێین تەکنیکی بەرهەمهێنانەوە، بابەتی بەرهەمهێنانەوە لە پانتایی نەریت جیادەکاتەوە. ئەمە لەبەر دوو هۆکارە؛ یەکەم ئەوەیکە، بە بەرهەمهێنانی ژمارەیەکی زۆری ئەمری بەرهەمهێنانەوە

بۆکراو، شتێکی زۆرکراو جێگای بوونێکی بێهاوتا دەگرێتەوە. ئەوی دیکەش ئەوەیە کە، بەم کارە ڕێگە بە بینەر یان بیسەر دەدرێت کە لە دۆخی تایبەتی خۆیدا لەگەڵ بەرهەمی بەرهەمهێنانەوە بۆکراودا دیدار سازبکات؛ لە ئەنجامدا، بابەتی بەرهەمهێنانەوە بۆکراو دووبارە چالاکدەکاتەوە. ئەم دوو ڕەوتە بە داڕوخانی گەورە لە ئەمری نەریتدا دەشکێتەوە کە خۆی دیوێکی دیکەی سەرلێشێواوێتی هاوچەرخ و نوێی مرۆڤایەتیە.

ئەو لە وتارەکەی خۆیدا لێکدانەوە بۆ ئەم پرسە دەکات کە چۆنچۆنی بەرهەمهێنانەوەی تەکنیکی بێهاوتایی و ڕەسەنایەتی بەرهەمی هونەری لەناودەبات. لە ڕوانگەی ئەودا، لەناوچوونی خەرمانە لە سەردەمی بەرهەمهێنانی مەکینەییدا شتێکی حەتمییە. هەڵبەت ئەو ئەم شتە لە زۆر ڕوویانەوە سوودبەخش دەزانێت. ئەگەر بەرهەمی هونەری پەیوەندی خۆی لەگەڵ بەستێنێکی نەریتی کە تێیدا گەشەی کردوە هەڵبڕێت وە بە وتەیەکی تر لە ئەو جیا بێتەوە، ئەوسا ئەم بەرهەمە، دەسەڵاتدارێتی ناواقیعی خۆشی لەدەست دەدات. بە زمانێکی دیکە و ورتر،

لە حاڵەتێکدا بەرهەم بێهاوتایە کە لە بەستێنی نەریتدا پێکبێت وە لایەنی تاقبوونی بەرهەم لە نەریت جیا ناکرێتەوە؛ هەر بەوجۆرەی کە بەرهەمە هونەرییەکان لە سەردەمی کەڤنارادا بۆ کەڵک لێ وەرگرتن لە مەراسیمی سیحربازانە و ئایینزایی بەکار دەبران وە بەرهەمی هونەری لە بەکارهاتی مەراسیمیانەی خۆی جیا نابێتەوە. بەرهەمی هونەری دەرکەوتەی خۆی لەدەست نادات مەگەر ئەوەیکە بە تەواوەتی لە ڕۆڵی مەراسیمیانەی خۆی دابڕێت. بۆ پێناسەکردنی دەرکەوتە، دەکرێت بوترێت وەکوو «بەدیارکەوتنی شتێک کە لەبەر دەستان دوورە، هەرچەندە مەوداکە کەم بێت». مەودا دژ بە نزیکییە. ئەم بەدەستنەهاتن بوونە تایبەتمەندی سەرەکی وێنەی ئایینیشە وە وێنەی ئایینی لەسەر بنچینەی چییەتی خۆی کە « لەبەر دەستان دوور، هەرچەند مەوداکە کەم بێت» دێتە بەرچاو.

ئەگەر بەرهەمی هونەری ئەو سیحر و خەرمانەیەی کە لە هونەری نەریتیدا هەیبوو، لە دەستیدەدات وە حەزدەکات کە بەدەر لە

سەرنجدان بە واقیع کە بەرهەمی عەقڵگەرایی چینی مامناوەندە، جێگیر بێت، ئەم بابەتە تا ڕادەیەک لەگەڵ کەمایەسی چۆنێتی بێهاوتایانەی بەرهەمی هونەریدا لە پەیوەندیدایە. بەرهەمهێنانی مەکینەیی هۆکاری ئەم شتەیە.

هەر بەو چەشنەی کە باسکرا چەمکی دەرکەوەتە لە نەریت و ڕەسەنایەتی جیاناکرێتەوە وە لەڕێگەی خەرمانەوەیە کە ڕەسەنایەتی دەگوازرێتەوە. کەوایە، دەتوانین بڵێین بەرهەمی هونەری لەڕێگەی بەرهەمهێنانەوەی مەکینەیی ڕەسەنایەتی خۆشی لەدەست دەدات. هۆکارەکانی لەدەست چوونی ڕەسەنایەتی بەم شێوەیەن:

1- بەرهەمهێنانەوەی میکانیکی، سەربەخۆ لە بەرهەمەکەیە وە لە دیمەنێکی نزیکەوە ئەو لایەنانە لە بەرهەمەکە پیشاندەدات کە بەرچاو ناکەون.

2- بەرهەمهێنانەوەی تەکنیکی، بەرهەمەکە بۆ ئەو شوێنانە دەبات کە بۆ نوسخەی ڕەسەن دەستنادات. لە ڕاستیدا، بەهای بەرهەمێکی هونەری، زۆرتر لە بەهای مەراسیمیانەی

ئـەوەوە سـەرچـاوە دەگـرێـت، جـا چ بـەهـای سیحری، بەهای ئاییںزایی یان بەهای دنیایی بێت- کە وەکوو مەراسیمێک لە جوانیە- وە ڕەسەنایەتی زۆرتر پێوانەیەکی پەیوەست بە هەڵسەنگاندنی بەرهەمهێنانی هونەرییەوەیە. بۆ نمونە لە فۆتۆگرافیدا پرسیارکردن لە نوسخەی ڕەسەن مانایەکی نیە.

نووسـیـنـی وتـــاری «بـەرهـەمـی هـونـەری لـە سـەردەمـی دووبـــارە بەرهەمهێنانەوەی میکانیکیدا» هاوکاتە لەگەڵ قۆناغێکی مێژوویی کـە شـوێـنـەوارەکـان و لـێـکـەوتـەکـانـی ئـەم سەردەمە بۆتە هۆی گۆڕانی هەڵسووکەوت و چییەتی هونەر لە ڕوانگەی سێ تایبەتمەندی گـرنـگ و هـاوپـەیـوەنـد لـەگـەڵ یـەکـتـردا: (1) لەناوچوونی خەرمانەی بەرهەمی هونەری، (2)تـوانـای زۆرتـرکـردنـی بونیادی بەرهەمی هونەری، (3) بەسیاسیکردنی ئەزمونی گشتی بەرهەمی هونەری. کاتێک کە بنیامین ئاگاداری لەناوچوونی هەڵسووکەوتی خەرمان ئاسای هونەر لە ڕێگەی توانای بەرهەمهێنانەوە بوو، پێشتر ئاڕاستەیەکی بەرچاوی دیکەی هونەری

ئاڤانگارد لەئارادابوو کە نەک تەنیا بە نسبەت لەناوچوونی خەرمانە کاردانەوەی دەنواند بەڵکوو لەڕاستیدا بە توندی نکۆڵی لە هەرچەشنە پاشماوەیەکی شکۆی خەرمان ئاسای هونەری دەکرد. بنیامین لە وتارێکدا کە سەبارەت بە دادائیزم نووسی، لەبارەی لێکەوتەی هەژێنەر و لەناوچوونی خەرمانەدا دەڵێت: ئەوشتەی کە دادائیستەکان لەمیانەی خولقاندنی بەرهەمەکانی خۆیاندا بە دەستی دەخەن جۆرەیەک لە ناوبردنی خەرمانەیە لە هەر بەرهەمێکی هونەریدا، کە بەرهەمیان دێنا. ئەو شتەی کە ئەوان وەکو توانای بەرهەمهێنانەوە لە ڕێگەی شێوازەکانی بەرهەمهێنانی دەربڕینە دادائیستیەکانی خۆیانەوە شەقڵی بەدناوێتیان لێدەدا، لەڕاستیدا قەیرانێکی توندی مسۆگەردەکرد.

بە بڕوای بنیامین، لە بەرهەمە نا نۆڕماتیکەکاندا وەکو بەرهەمەکانی دادایستەکاندا جۆرێک لە بەربەریبوون بەرچاو دەکەوێت. لە ڕوانگەی ئەودا، ئەوڕۆکە بە ئاسانی دەکرێت لە نییەتی ئەوان لە خولقاندنی بەرهەمە بیندراوەییەکان یان ئەدەبییەکان تێبگەین. ئەوان مەبەستیان

